شانۆنامەی

# دەرگـــــا

سەرچاوە :

٣ مسرحيات يوسف الصائغ

دار الشؤون الثقافية العامة

وزارة الثقافة والاعلام

بغداد – ١٩٩٤

ناوی کتێب: دەرگا

نووسینی: یوسف ئەلسائغ

وەرگێڕانی: جەمال غەمبار

بابەت: شانۆنامە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ١٥٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ٨٧٥ ی ٢٠٠٧

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٧

کوردستان -سلێمانی

www.sardamco.com

**یوسف ئەلسائغ**

**شانۆنامەی**

# دەرگـــــا

وەرگێڕانی

**جەمال غەمبار**

**سلێمانی ٢٠٠٧**

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤١٠ )**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

● دەقی ئەم تەرجەمەیە پێشکەشە بە ؛

* " کەمال عومەر محەمەد ئەمین" ی برام ... یەکەمین کەس بوو لە ڕێی تیپی نواندنی سۆرانەوە بە شانۆی ئاشنا کردم.

* بە هاوڕێیانی سەردەمی خوێندنم لە ناوەندیی کاژاوی کوران لە گەڕەکی برایم پاشای شاری سلێمانی کە ناوەراستی ساڵانی حەفتاکان وەک کۆمەڵێک تەلەبەی گەنجی ئارەزوومەندی ئەو ناوەندییە خەریکی ئەلف و بێ ی شانۆ بووین . هەر لە دەرگای شانۆشەوە خۆم بە ماڵی شیعردا کرد !

جەمال غەمبار

سیپتەمبەری ٢٠٠٦ — ئوستراليا

**کاراکتەرەکان :**

- ئەو (پیاو)
- ئەو (ژن)
- دادوەر
- داواکاری گشتیی
- پاسەوان و

هەندێ کاراکتەری تر

* سەرنج:

لە بەرئەوەی هەر دوو ڕاناوی عەرەبیی [هو ، هي ] لە زاری سۆرانیی زمانی کوردییدا کە ئەم شانۆنامەیەم بۆتەرجەمە کردووە ، ئەبێتە (ئەو)، بۆیە بۆ جیاکردنەوەی هەردوو – ئەو - ی ژن و – ئەو - ی پیاو ، وشەی (ئەو - لەبەرامبەر پیاو)بەکار ئەبەم و وشەی ژن – یش لەبەرامبەر (هي) ی عەرەبیدا دائەنێم .

"...پاشان من هاتمە لای پاشاکەیان و پێموت گەورەم ئێوە لە وڵاتەکەتاندا چۆن زیندوو لەگەڵ مردوودا ئەنێژن ؟ ئەو پێی وتم : پێویستە بزانیت کە ئەمە خوونەریتی وڵاتی ئێمەیە ئەگەر پیاوێک بمرێت ، ژنەکەشی لەگەڵ ئەنێژین و ، ئەگەر ژنێکیش بمرێت ئەوە مێردەکەشی بە زیندوێتیی لەگەڵدا ئەنێژین . ئەمەش لە پێناوی ئەوەی نە لەژیان و نە لە مردنیشدا لێکیان جیا نەکەینەوە . ئەمە نەریتێکە لە باووباپیرانەوە بۆمان جێماوە . منیش پێموت: ئەی پاشای زەمان ، باشە ئەگەر پیاوێکی غەریبی وەک منیش ژنەکەی لێرە بمرێت هەمان شتی دەرهەق ئەکەن کە بەم پیاوەتان کرد ؟ پێیوتم : بەڵێ ..
ئیتر کە ئەوەم گوێ لێبوو زراوم چوو .. ترسی ئەوەم لێنیشت ژنەکەم پێش خۆم بمرێت و منیشی بە زیندوێتیی لەگەڵدا بنێژن . پاشان هەر خۆم دڵخۆشیی خۆمم دایەوەو وتم ؛ دەی بەڵکو من پێش ئەو بمرم .. ئەوەبوو ژنەکەم نەخۆش کەوت و ، چەند ڕۆژێکی نەخایاند کە مرد و زۆربەی خەڵکییش لەدەورمان کۆبوونەوە و سەرەخۆشییان لە من و لە کەسوکارەکەشی ئەکرد .. دواتر مردووشۆرێکیان هێنا و شوشتیان و هەرچی جلوبەرگی نایابی هەبوو لەبەریان کرد و هەرچییش خشڵی هەبوو پێیانەوە کرد .. ئەو دەمەشی ڕێکپۆشیان کردو خستیانە تابووتەکەوە ، ئینجا بەرەو شاخەکەیان برد و لەوێ بەردی

سەر دەمی بیرەکەیان لابرد و خستیانە ناوی ، هەر ئەو دەمە برادەرەکانم و کەسوکاری ژنەکەم لێم کۆبوونەوە بۆ ئەوەی دوعاخوازییم لێبکەن .. منیش لە ناویاندا هاوارم ئەکرد و ئەموت: من پیاوێکی غەریبم و بەرگەی نەریتەکانی ئێوە ناگرم .. کەچی ئەوان وتەکەی منیان نەئەچوو بە گوێدا و بە قسەیان نەئەکردم . پاشان گرتیانم و بە زۆر پەلبەستیان کردم و حەوت کولێرە و مەتارەیەک ئاویان وەک عادەتی خۆیان پێوە بەستمەوەو شۆڕیان کردمەوە ناو بیرەکە کە ئیتر ئەوێ بۆ خۆی ئەشکەوتێکی گەورەی ژێر ئەو شاخە بوو . دواتر پێیان وتم پەتەکان لە خۆت دابماڵە ، من ڕازی نەبووم پەتەکان لە خۆم بکەمەوە، بۆیە ئەوانیش سەرەکانی تری پەتەکانیان هەڵدایە سەر خۆم و ، پاشان دەمی بیرەکەیان بەو بەردە گەورەیە کە پێشتر لەسەری بوو ، داپۆشییەوە و ئیتر بڵاوەیان لێکرد و چوون بەلای کاری خۆیانەوە .

... لەو ئەشکەوتەدا ژمارەیەکی زۆری مردووم بینی بۆگەنیان لێوەدەهات ، بۆیە کەوتمە لۆمەکردنی خۆم کە چیم بە خۆم کرد و وتم وەڵڵاهی من موستەحەقم بەوەی هەرچییەکم بەسەر دێ .. ئیتر وام لێهات شەو ورۆژم بۆ لێک جیانەدەکرایەوە و ڕۆژانەش شتێکی زۆرکەم نانم ئەخوارد .. ئەشترسام لەوەی خواردن و ئاوم لێببڕێت .. ئیتر بەمجۆرە و بەردەوام سەرزەنشتیی خۆمم ئەکرد . ئاخر من لەسەر ئێسکوپروسکی مردووەکان ئەخەوتم و وام لێهات مردن بە ئاوات بخوازم و کەچی پەیم پێنەئەبرد ..دواتر کەوتمە خۆ و دەستم کردە گەڕان بە هەموو لایەکی ئەشکەوتەکەدا ، بینیم ئەشکەوتێکی فراوان و چۆڵ و هۆڵە ، بەڵام لە دێرزەمانەوە ژێرزەمینەکەی پڕ کراوە لە کەسانی مردوو و ئێسکوپروسکی ڕزیو . ئیتر دوای ئەوە جێگایەکم بۆخۆم لە لایەکی ئەشکەوتەکەدا و دوور لە مردووە تازەکان بۆ خۆم چێکرد و تیایدا ئەنووستم . توێشووی خواردنەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ کەمی ئەکرد و شتیکی زۆر کەمم پێمایەوە ، وام لێهات ڕۆژانە یان دوو هەر دوو رۆژ جارێک ، تەنها یەک ژەم نان بخۆم و هەر یەک جاریش ئاو بخۆمەوە ، لە ترسی ئەوەی نە بادا پێش مردنم نان و ئاوم لێ ببڕێت .. ئیتر حالم هەروا بەردەوام بوو ، هەتا ڕۆژێک لە ڕۆژان دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە لە خۆم .. ئەو کاتەی من لە بیرکردنەوەدا

بووم لەوەی ئەگەر خواردن و ئاوەکەم تەواوبوون چیبکەم ، ئا لەو دەمەدا بەردی سەر بیرەکە لە شوێنەکەی خۆی ترازا و رووناکیی لەوێوە شۆربۆوە لای من ، بە خۆمم وت ئەبێ چیی قەومابێت ! ئەوەبوو بینیم حەشاماتی خەڵکەکە لەسەر دەمی بیرەکە وەستاون و دواتر لاشەی پیاوێکی مردوویان لەگەڵ ژنێکی زیندوودا کە بۆ خۆی دەگریا و دەیقیژاند شۆڕکردەوە خوارێ و لەگەڵیشیاندا برێکی زۆر نان و ئاویان ناردە خوارەوە ، من ژنەکەم ئەبینی بەڵام ئەو منی نەئەبینی ، ئیتر ئەوەبوو دەمی بیرەکەیان بە بەردەکە داپۆشییەوەو بڵاوەیان لێکرد . منیش دەستم دایە ئێسکە لولاقی مردوویەک و بەرەو لای ژنەکە هاتم و لولاقەکەم کێشا بە تەوقی سەریدا ، ئەویش کەوت و بووراییەوە ، جاری دووەم و سێیەمیش پیامدا کێشایەوە ، ئیتر دەمی لێکنا و مرد، منیش نان و هەرچییەکی تری پێبوو بردم ، بینیم برێکی زۆر زێڕ و زیو و ملوانکە و شتی بەنرخی پێوە بوو ، ئیتر منیش نان و ئاوی ژنەکەم برد و لەو شوێنەی کە لە لایەکی ئەشکەوتەکەدا بۆ نووستنم دروستکردبوو دانیشتم . بۆ ئەوەی نانەکە بەشم بکات ، شتێکی کەمم لێ ئەخوارد بە قەد ئەوەی بمژێنێت ، بۆ ئەوەی بە زوویی تەواو نەبێت و ئەوسا منیش لە برساندا و لە تینواندا بمرم .

ماوەیەک لەو ئەشکەوتەدا مامەوە ، ئیتر هەر مردوویەکیان کە ئەناشت ، ئەو کەسەی کە لەگەڵ مردووەکەدا زیندەباچاڵیان ئەکرد ، من ئەمکوشت و خواردن و ئاوەکەیم ئەبرد و پێی ئەژیام . هەتا ئەوەی رۆژێک لە رۆژان ئەو دەمەی نوستبووم ، لە دەنگە دەنگی شتێک بەئاگا هاتم کە لای ئەشکەوتەکەوە ئەهات . وتم ئەبێت ئەمە چیی بێت ! پاشان هەستام و بە ئێسکە لولاقی مردوویەکەوە بەرەو دەنگە دەنگەکە بەڕێکەوتم ، ئەو شتەی لەوێ بوو، کە هەستی بە من کرد فرتەی کرد و هەڵات ، ئەوە دەعبایەکی وەحشیی بوو ، ئیتر هەتا پێشەوەی ئەشکەوتەکە شوێنی کەوتم ، هەر لەوێ لە شوێنێکی بچووکەوە نوورێک لە شێوەی ئەستێرەدا دەرکەوت ، نوورەکە تاوێک دەرئەکەوت و تاوێکی تر لێم ون ئەبوو . هەر کە نوورەکەم بینی بەرەو رووی چووم ، لەگەڵ هەر نزیکبونەوەمیەکمدا لێی ، چەپکە نووری تری لێئەبۆوە و فراوانتر ئەبوو .. ئیتر کەوتمە سۆراغی ئەوەی بزانم ئایا

ئەو شوێنە وەک درزێک وایە بەرەو دەرەوەی ئەشکەوتەکە .. بۆیە بە خۆمم وت ؛ هەبێت و نەبێت درزێک لەم ناوەدا بۆ جووڵە و هاتوچۆ هەیە ، سا ئیتر ڕەنگە ئەوە وەک ئەو کونە بێت کە منیان لێوە داهێشتە خوارێ ، یان ئەبێت کونێک کرابێتە ئەم ناوە .. دواتر بۆ ماوەی سەعاتێک کەوتمە بیرکردنەوە لەگەڵ خۆم و پاشان بەرەو لای نوورەکە چووم ، ئەوەی بینیم بریتی بوو لە کونێک کە کرابووە پشتی شاخەکە و ، چەند دەعبایەکی درندە دروستیان کردبوو کە لێیەوە ئەهاتنە ناو ئەم شوێنەو هەتا تێر ئەبوون مردوویان ئەخوارد و پاشان هەر لەو کونەوە ئەچوونەوە دەرێ .. من کاتێک کونەکەم بینی ڕۆحم ئارام بۆوە و لە دەروونەوە هەستم بە دڵنیایی کرد و خۆشیی گەڕایە ناو دڵم .. ئیتر یەقینم بە ژیانی دوای مردن پەیدا کرد و وام هەستکرد کە خەونێکم بینیوە و ئیتر دوای ئەوە دەرباز بوم و لە کونەکەوە هاتمە دەرەوە ..." .

(حیکایەتی – هەزارویەک شەوە — ألف لیلة ولیلة) ..
لە " شەوی پێنجسەدوپەنجاوسێیەمین " و
لە " شەوی پێنجسەدوپەنجاوچوارەمین " ەوە.

*********

(پەردە لا ئەدرێت .. شوێن هۆڵی دادگایە .. کەلوپەلەکانی کۆنن و هۆڵەکەش تا ڕادەیەکی زۆر تاریکە و سەرۆک و دوو ئەندامی دادگا کە سیمای هەردووکیان زۆر دیار نییە لە پێشەوەی هۆڵەکە دانیشتوون .. داواکاری گشتیی لەلای چەپی ئەوانەوەیە ، گەنجێکی تەمەن سی ساڵەیە و سیمایەکی جوانیشی هەیە ئەگەرچی چاوێکیشی کوێرە .. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا چاوێکی لە ڕووداوێکدا لەدەستدا . کەسێکی زمانپاراو و دەنگێکی تیژی هەیە .. لە لای ڕاستییشەوە [ئەو] لە قەفەسی تاوانبارییدا وەستاوە و کراسێکی ڕەشی ئاودامانی لەبەردایە .. سیمایەکی نامۆی هەیە بەڵام کەسێکی بۆشناخە و ناشکرێت هەر لە سیمایدا بەتەواویی بزانرێت تەمەنی چەندە ، بۆیە ئەکرێت بوترێت لە نێوانی سی هەتا پەنجا ساڵییدایە...)

داواکاری گشتی : (لە پێش لادانی پەردەدا دەنگی داواکاری گشتی ئەبیسترێت) ...ئا بەم شێوەیە و بە سوجدەبردن و خۆشیی و متمانەوە زەماوەندەکەمان دەستپێئەکەین .. با هەمووان شایەت بن ... (پەردە لا ئەدرێت) .. ئێمە یەکتریمان زۆر خۆشویستووە و ، لە

ژیان و مردنیشا لەسەر ئەو خۆشەویستییە بەردەوامین. هەمان ئەو رێگەیەش ئەگرینـەبـەر کە سەرپاکی عاشقانی دێرین بەر لە ئێمە گرتوویانەتە بەر .. راستگۆیانە دێینە مەیـدان و ، بێگەردانە یەکبوونی خۆمان رائەگەیەنین .. بەڵێ ، ئێمـە بـە بێگـەردیـی و ناسـکیی ، بـە شەوق و ، شادیی و ، هۆشمەندیی و ، متمانە و ، حەوانەوە و ، نایابیی و ، چێـژ و ، وەفـا و ، پشوودرێژیی و ، وابەستەبوونەوە .. بە هەموو ئەمانەوە خۆمان خستۆتە نێـو کرۆکـی ئیشتیاقی ئەوەی کە ببینە یەک گیان و ، کرمی لاوازی مـردن لـە ناخمانـدا پـان و پلـیش بکەینەوە ، ترس لە مەرگ ریسوا بکەین ، گومان و داهێـزران و دوودڵیـی و دڵـشکاویی و گەمژەیی و سستیی ، ترس و بچووکبوونەوە و بێزاریی و بێقـەناعـەتیـی و خۆپـەرسـتیی وسەنگوسووکیی و دووزمانیی و خەڵەتاندن .. هەموو ئەمانە بەزێنین .. بەڵێ ، ئێمـە بـەم شێوەیە هۆشمەندین بەوەی بەختەوەرییەکی وەها بۆ خۆمان هەڵئەبژێرین کـە لـە ژیـان و مردنی هاوبەشدا بێوێنە بێت .. خۆ ئەگەر مەرگ یەکێکمانی راپێچکرد ، ئەوا ئەبێت ئـەوی ترمان هاوسەفەری بێت و ، وەک قەددیسێک سەر بۆ تابووتە پیرۆزەکـەی دابنـەوێنێـت .. ئەو تابووتەی وەک پێخەفی خۆشـەویـستیی وایـە لـە گۆرسـتانی ژیـانێکی پیـرۆز و لـە باوەشی کۆتایی گڵی دایکدا ... واوەیلا بۆ ئەو کەسەی بەڵێنـەکـەی ناباتـە سـەر، وای بـۆ ئەوەی لاواز و دوودڵ ئەبێت و بە خۆیدا ئـەشـکێتەوە..ژیـان بـە نـەفـرەتـی ئـەکـات و ، مردنیش قێزی لێئەکاتەوە .. وەها کەسێک ، تۆڵەی سەخت ئەیکاتە چوارپێیەک ... پاشـان ئەبێتە کرمێکی گەنیو و ، دواتر ئەبێتە ئەو خاکەی پێپەست ئەکرێت .. (بێدەنگییەک) ئەوە ئەو بەڵێنەیە کە ئەم پیاوە بە ژنەکەی خۆیی داوە و ، هەروەها ژنەکەش بە پیـاوەکـەی داوە و ، لـەلای دادنووسـیش (کاتـب عـدل – وەرگێـر) تۆماریـان کـردووە .. دوو کـەسـیش شایەتییان بۆ داون .. هەروەها ئاسمان و زەوییش شاهیدی ئـەو بـەڵێنـەن .. ئـەمـرۆش ، گەورەم سەرۆکی دادگا .. ئەمرۆ لە فەجری بەیانییدا ژنەکە مرد و ، لـە دۆخیکـی وەهاشـدا پێویستە و هەر ئەبێت رێورەسمی عادەتیی سازبکرێت .. ئیتر ئەوەبـوو جـەنـازەکایـان بەوپەری رێزەوە ئامادەی رێورەسمی ناشتن کرد ، تیپی مۆسـیقاش ئامـادەی بـەرێکردنـی نەعشەکە بوو بەرەو گۆرستانی پیرۆز ، هەر ئەو دەمەش خەڵک چاوەروانـی ئـەو کـەژاوە

پرشكۆیه بوون كه ئەبوو مێردی خاوەن بەڵێن له پشت نەعشی هاوسەرەكەیـەوە ، بـەسـەر بەرزیی و به شانازییكردن به ڕاستگۆیی خۆیەوە ، ڕێ بكات .. ئا لەم سـاته پیرۆزانـەدا ، ئەم تاوانبارەی كه لەبەردەم بەرێزتاندا ڕاوەستاوە ، بەجێهێنانی بەڵێنەكەی ڕەتكردەوە (بەڵێننامەكە ئەخاتە بەردەمی دادوەر و ئەویـش بـە وریـی تـاووتوێی ئـەكـات .. پاشـان ئەیداتە هەردوو ئەندامەكەی تری دادگا و ئەوانیش تاووتوێی ئەكەن ...) .

دادوەر: ها كوڕی باش .. خۆ لەگەڵ ئێمەدا گوێت له موتالاكەی داواكاریی گشتیی بـوو .. ئەی چیی ئەڵێیت ؟

ئەو: ئەتوانم چیی بڵێم گەورەم ؟

دادوەر: تۆ ئەم ڕێككەوتنەت لەگەڵ ژنەكەتدا نـەكـردووە و پاشـان لـەبـەردەم دادنووسـدا ئیمزاتان نەكردووە ؟

ئەو : بەڵێ ...

دادوەر: كەواتە ئیعترافی پێئەكەیت ؟

ئەو: خۆم نوسیومە ...

دادوەر: ئەی كەواتە پاسـاوت چییـە بـۆ خۆدزینـەوەت و ڕەتكردنـەوەی جیبـەجێكردنـی ناوەڕۆكەكەی؟

ئەو : هیچ پاساوێكم نییە گەورەم .. هیچ پاساوێک .. ئەوەی هەیە و نییە – وەک وتـم – من نامەوێت بمرم ....

دادوەر: هەر وا بەم ئاسانییە ... ؟

ئەو : ئەی ئەگەر هەڵوێستی من هەتا ئەم ڕادەیە ئاسان بێت ، باشە چارم چییە گەورەم ؟

دادوەر : كەواتە تۆ هەر بە گاڵتە بەڵێننامەیەكت ئیمزا كردووە بەوەی هەر كاتێک ژنەكـەت مرد ، بەختەوەر ئەبیت بەوەی كە تۆشی لەگەڵدا بنێـژن ، وا نییـە ؟ (ڕوو ئـەكاتـە دادوەری گشتی) تكایە با بزانین ئەو دەقە لە بەڵێننامەكەدا چۆن نووسراوە ؟

دادوەری گشتی : (بەشێک لە بەڵێننامەکە ئەخوێنێتەوە) .. ئێمە بەم شێوەیە هۆشمەنـدین بەوەی بەختەوەرییەکی وەها بۆ خۆمان هەڵئەبژێرین کـە لـە ژیـان و مردنـی هاوبـەشـدا بێوێنە بێت ..

دادوەر : گوێت لێبوو ؟

ئەو : بەڵێ ...

دادوەر : بەختەوەرییەک کە وێنەی نەبێت ...

ئەو : بەڵێ گەورەم .. پێم وتن من خۆم ئەوەم نووسیوە .. بەڵام ئەوە چ کەسێکی ئاقڵە کـە بە مردنی خۆی بەختەوەر بێت .. بەختەوەر بێت بەوەی کە زیندەبەچاڵی ئەکەن .. ؟

دادوەر : ئەی کەواتە ئەوەت چۆن نووسی ؟

ئەو : من عاشق بووم ئەوە دەمەی ئەوەم نووسی .. هۆشم لای خۆم نەمـابوو ، وەک ئـەو حاڵەتی لە هۆشچوونەی لە شیعردا هەیە ..من وام ئەزانی داهێنانی وەهمێکـی لـەمجـۆرە... کارێکی جوانە .. جیاوازییەکی گەورەش هەیە لـە نێـوانی ئـەوەی ئینـسان لـە قـەسـیدەدا بمرێـت ، وەک لـەوەی بـە ڕاسـتیی بمرێـت .. ئـەوە سروشـتی ئینـسان نییـە کـە مـردن هەڵبژێرێت ... زۆر بە سادەیی ئەتوانین بڵێین لەبەرئەوەی ئینـسان بـۆ ئـەوە کـراوە کـە بژی .. خۆ ئەگەر بە دەستیشی بوایە ، ئەوە نەمریی بۆ خۆی هەڵئەبژارد .

داواکاری گشتی : ئەگەر دادگای بەڕێز ڕێگەم بدات ، من ئەمـەوێـت ئـەوە بهێنمـەوە یـادی تاوانبار کە زۆر کەسی مەزن هەبوون مەرگی خۆیان خستۆتە پێش ژیانەوە ، لەبەر هیچ نـا تەنها لەبەر ئەوەی خۆیان ئەوەیان هـەڵبـژاردووە .. ئێمـە کاتێـک مێـژوو ئـەخوێنینـەوە ، ئاشنای زۆر لەو کەسانە ئەبین کە لە پێناوی فکرێکدا ، یان لە پێناوی وشەیەکی ڕاسـتییدا ، یاخود لە پێناوی داکۆکییکردن لە شتێکی پیرۆز و وەستان لە دژی سـتەم ، گیـانی خۆیـان بەخشیوە و مردوون .. ئەوانە شەهیدن و ئەو ڕێگە پیرۆزەشیان لە پێنـاوی مرۆڤایـەتییـدا گرتۆتە بەر ... من ئەمە بۆ بەرپەرچدانەوەی بەرگرییکردنەکەی تاوانبار ئەڵـێم ئـەو کاتـەی وتی کەسێکی عاقڵ نییە کە بە مردنی خۆی بەختەوەر بێت...

ئەو : ئاخر گەورەم من لەو پیاوە مەزنانە نـیم و ... رۆژێکـیش مـەبـەسـتم نـەبـووە ببمـە پیاوێکی مەزن ..
دانوەر : بەڵام تۆ کاتێک ئەم ڕێگەیەت هەڵبژارد ، ئەوە مانای وایە ڕێگەیەکت هەڵبـژاردووە تەنها کەسە مەزنەکان ئـەتـوانن پیایـدا بـڕۆن ..ڕێگـەیـەک ، کـەسـانی لاواز و شـەکـەت جورئەتی ئەوە ناکەن پیایدا بڕۆن.
ئەو : من نە پیاوێکی مەزنم و ، نە لاواز و شەکەت .. گەورەم ؛ من یەکـێکم لـە ملیۆنـان خەڵک ، ئەوانەی ئەخوازن ژیانیان بە خۆشەویستیی و ئاشتییانە بەرنە سەر..
دانوەر : کەواتە ئەبوایە سنووری خۆت بزانیت و سـواری ئـەم بـەلـەمـە نـەبوویتایـە کـە ئەتزانی سەوڵت پێ لێنادرێت .. نەئەبو ئەوەندە لە خۆ رازیـی بیـت ، خـۆ بخـەیتـە ژێـر باری ئەو هەموو بانگەشەیەوە ..
(ڕوو ئەکاتە داواکاریی گشتی)
تکایە بابزانین دەقی ئەو بانگەشانە لە بەڵێننامەکەدا چۆن هاتوون ؟
داواکاری گشتی : بەڵێ باشە گەورەم .. (دەست ئەکاتە خوێندنەوە) با هـەمـووان شـایەت بـن .. ئێمـە یـەکتریمـان زۆر خۆشویـستووە و ، لـە ژیـان و مردنیـشا لـەسـەر ئـەم خۆشەویستییە بەردەوامین، هەمان ئەو ڕێگەیەش ئەگرینەبەر کە سەرپاکی عاشقانی دێـرین بەر لە ئێمە گرتوویانەتە بەر .. بە ڕاستگۆیی و نیانیی ، بە شادیی و ، متمانە و...
ئەو : پێویست بە خوێندنەوە ناکات .. بەڵێ ئەوە من نووسیومە .. بەڵام لەگەڵ ئـەوەشـدا و ئا لەم ساتەی لە نێو ئێوەدام ، وا هەستئەکەم کە من بەرپرسیار نیم لێی و ئەوە هیـی مـن نییە و ، وەک ئەوە وایە کەسێکی تری غەیری من نوسیبێتی ...
دانوەر : بۆمانی ڕوون بکەرەوە ..چۆن ؟ چۆن ئەتەوێ ئێمە قەناعەت بەوە بهێنین کـە تـۆ بەرپرسیار نیت لەمەی کە نووسیوتە ؟
ئەو : نازانم چۆن باسی حاڵەتەکەتان بۆ بکەم ؟ ئایا دەکرێت بڵێم بەنج کرابووم .. هۆشـم لای خۆم نەبوو ؟ حاڵەتێکی وەها ، گەورەم سەرۆکـی دادگـا ، ڕێـی تێـدەچێـت و ڕێـشی

تێناچێت ..بەڵام من تەواو لەوە دڵنیام کە ئەو کاتەی ئەوەم نووسی و ، ئەو کاتەی بڕیاری خۆمم دا ، ئەو کاتە تەواو لە حاڵەتی عیشقدا بووم .. سا ، دا دانگای بەڕێز لە مانای ئەوە بڕوانێت ئەو دەمەی کەسێک لە حاڵەتی عاشقبووندا بڕیاری خۆی لە بارەی شتێکەوە ئەدات ..ئایا ئەوە ناشوبهێت بەوەی کەسێک لە حاڵەتی سەرخۆشییدا بڕیارێک ئەدات؟ ئایا کەسی سەرخۆش بەرپرسیارە لەبڕیارەکانی خۆی ؟ ئەی حاڵەتی کەسێک لە کاتی هەڵچووندا ؟ یان کەسێکی ترساو ؟ غەمگین ؟ تووڕە ؟ ئەی ئەگەر کەسێک لە کاتی تووڕەبووندا تاوانێک ئەنجام بدات ، بەرپرسیارێتییەکەی سووکتر نییە ... ئەی بۆچی ناوی نەنێم حاڵەتی شێتیی ؟

دادوەر : کەواتە تۆ ، خۆشەویستیی وەک حاڵەتی شێتیی ئەبینیت ؟ تۆ ئەتەوێ پێمان بڵێیت کەسی عاشق ئەو دەمەی ئەکەوێتە حاڵەتی عیشقەوە ، ئیتر توانای تێفکرینی نامێنێت و ناتوانیت بڕیار بدات ... سەرەڕای ئەوەش ، تۆ ئەتەوێت قەناعەت بە دادگا بهێنیت بەوەی کە ئینسان لە حاڵەتی عیشقدا ، ڕێک وەک ئەوەی لە حاڵەتی تووڕەیی ، یان سەرخۆشیی یاخود شێتییدا بێت ، لێی ئەوەشێتەوە کە تاوان ئەنجام بدات .. تۆ ناتەوێت وەها بڵێیت ؟

ئەو : بە تەواوەتیی وا نییە گەورەم .. من تەنها ویستم بڵێم ، کەسی عاشق ، ئەو دەمەی جەزبەی عیشق ئەیگرێت، لە دۆخی ئاسایی خۆیدا نییە ، ڕەنگە حاڵەتی عیشق وای لێکات ئازاتر بێت ، ناسکتر ببێتەوە و کاردانەوەی خێراتر بێت .. حاڵەتی عیشق ڕەنگە وا لە کەسی عاشق بکات بڕوای زیاتری بە خۆی بێت و لەو پێناوەشدا زیاتر لە توانای خۆی و زیاتر لەوەشی ئەیەوێت ئەنجامی بدات ... گەورەم عیشق ئینسان ئەگۆڕێت ، بەرەو بەرزایی ئەبات .. ئەوەیە گرفتەکە گەورەم !

دادوەر : گرفتی چیی ؟ تۆ ئەتەوێ پێمان بڵێیت کاتی خۆی لە عیشقی ژنەکەتەوە تێوەگلاویت ؟

ئەو ؛ نەخێر گەورەم .. درۆ ئەکەم گەر وا بڵێم .. من هەتا دوا چرکەی ژیانی خۆشم ویستووە ..

دانوەر : ئەی دوای ئەوە چیی ڕوویدا ؟

ئەو : ئیتر ئەو مرد ..

دانوەر : جا وا مردیش ؟

ئەو : ئاخر ئیتر خۆشم ناویت ...

دانوەر : ئەوە بە زمانی خۆت وا ئەڵێیت ؟ ئەریٚ تۆ شەرم ناکەیت ؟

ئەو : بۆچی شەرم بکەم ؟ ئاخر چۆن بتوانم کەسێکی مردووم خۆش بوێت ... ئاخر دادگا بەڕێزەکەتان چۆن داوا لە من ئەکات ژنێکم خۆش بوێت کەبۆتە لاشەیەکی بێگیان ؟

دانوەر : ئەی خۆشەویستیی ؟

ئەو : فڕی گەورەم .. خۆشەویستیی بوە باڵندەیەک وفڕی.. بوو بە هەڵم .. بڕوام پێبکە گەورەم ، شتێکی سەیر بوو ئەو چرکەساتەی بەدەستمەوە گیانی سپارد .. گەورەم پێش مردنی و ئەودەمەی لە ئامێزم گرتبوو ، هەروەک عادەتی هەمیشەیی خۆی ، پڕ پڕ بوو لە ژیان .. پڕ بوو لە خولیا و ئارەزوو .. گەرموگوڕ.. مێشکێکی کراوە .. کەچی کتوپڕ .. بەڵێ کتوپڕ .. هەموو شتێک سارد بووەوە .. لێوەکانی بوونە پارچەیەک موشەمما .. ڕەنگی زەرد و وشک هەڵگەڕا .. کاتێکیش ڕوانیمە چاوە نیشتووەکانی ، دڵنیا بووم لەوەی ئیتر من ئەم ژنە ناناسم و غەریبە پێم .. گیانم پڕ بوو لە بێزکردنەوە .. ئیتر بە شێوەیەک تووشی ترس و گێژبون هاتم نەپەرژامە سەر ئەوەی بە خۆم بڵێم ، ئەم لاشەیە ، هەمان جەستەی ئەو ژنەیە کە چەند چرکەیەک بەر لە ئێستا ژیانی پێئەبەخشیم و ، تامی زیندەگیی پێئەکردم .. ئیتر لەو کاتەدا ، هەرگیز .. بڕوام پێبکەن هەرگیز بیرم بە لای خۆشەویستییدا نەئەچوو .. بەڵکو دووچاری غوربەت و .. ترس و ..گێژبوون و ..هەڵاتن بووم ... بەڵێ ، ئیتر خۆشەویستیی بوو بە هەڵم ...

دانوەر : بوو بە هەڵم ؟ چۆن ؟

ئەو : نەمئەزانی گەورەم .. نەمئەزانی .. ! ئەریٚ گەورەم

– ئەگەر ڕوخسەتم بدەیت – ئەکرێت لێت بپرسم ، جەنابت لە ژیاندا ئەوەت تاقیکردۆتەوە مردوویەک ماچ بکەیت ؟ ئایا عاشقێک توانیویەتی لەگەڵ لاشەی ئەو

مردووەدا بخەوێت کە پێشتر خۆشی ویستووە ؟ هەرگیز گەورەم .. هەرگیز .. بەڵکـو دوای مردن ، ئیتر لاشەکە بەرەو گۆڕستان ئەبەن ...

دادوەر : بەڵام خۆشەویستیی ئەمێنێتەوە ...

داواکاری گشتی : گەورەم ئەگەر ڕوخسەت بفەرموون ئەمەوێت بڵێم ئـەم گفتوگۆیـە چ سودێکی نییە و ... جەنازەکە چاوەڕوانی بەرێخستن ئەکات ...

دادوەر : قەیناکە .. لێیگەڕێ .. چیی هەیە با بیڵێت.

(ڕوو ئەکاتە – ئەو –) لاشەکە ئەنێژرێت ، بەڵام خۆشـەویـستیی و وەفـا و بیرکـردن هەر ئەمێننەوە .. باشە هەر بۆ نموونە چیی ئەبوو ئەگەر تۆ پێش ئەو بمردیتایە؟

ئەو : خۆزگە ..

دادوەر : یانی تۆ خۆزگەت ئەخواست پێش ئەو بمردیتایە؟

ئەو : لەئێستادا ، بەڵێ .. ئاخر خۆ هیچ موعجیزەیەک لـە مردنـەکـەی ئـەودا نییـە .. ئەویش وەک خەڵکی مرد.. ئیتر نە ئیجبار کرا بمرێـت و ، نـە بـە خـودی خۆیـشی مردنی هەڵبژارد .. بەڵکو مرد و ، ئەوەشی کە بە میرات بۆ منی جێهێشت تـەنهـا ئـەو بەرپرسیارێتییە بوو کە ئەبێت منیش لە گەڵیا بمرم .. چ کارەساتێکە !!

دادوەر : کەواتە خۆزگەی تۆ لە ئێستادا ئەوەیە کە حەزت ئەکرد پێش ئەو بمردیتایە ، بۆ ئەوەی تاقیت بکردایەتەوە.. باشـە پـێم بڵـێ تـۆ لـەو بڕوایـەدایـت کـە ژنـەکـەت بەڵێنەکەی نەئەبردە سەر ؟ ئەی لەو بڕوایەدایت گەر تۆ پێش ئەو بمردیتایە ، ئەویـش وەک ئێستاکەی تۆ یاخی ئەبوو ؟

ئەو : چۆن بزانم ؟ .. ئەوە هەڵوێستێک نییە گرەوی لەسەر بکرێت ...

دادوەر : باشە .. لە حاڵەتێکی وەهادا ، مەبەستم ئەوەیە گەر تۆ پێش ئەو بمردیتایـە ، ڕازی ئەبووی بەوەی ئەو هەمـان هـەڵوێـستی ئێـستای تـۆی هـەبووایـە و ، ئایـا لـە بەڵێنەکەی پاشگەز ئەبوەوە ؟ ..

ئەو : ئەگەر من بمردمایە ؟ .. ئاخر گەورەم ئەو کات چ جیاوازییەک لەمەسەلەکەدا هەبوو ؟ .. ئەگەر ئەو مردنی هەڵبژاردایە یان ڕەتی بکردایەتەوە ، چیی لە حەقیقەتی مردنی من ئەگۆڕی .. ؟ خۆ ئەوە زیندوم ناکاتەوە ..

دادوەر : لە ڕووی دەروونییەوە ... بیهێنە بەرچاوی خۆت ، وا تۆ مردوویت و ، لەهەمان کاتیشدا ئەتوانیت هەست بکەیت چیی ڕوو دەدات ... ئایا ڕازی ئەبوویت بەوەی ئەو ژنە بەڵێنەکەی شکاندووە و خیانەتی لێکردوویت ؟

ئەو : چیی بڵێم گەورەم ؟ .. بۆ کاتی ئێستا، ڕەنگە تەنها لەبەر یەک شت ئەوە بخوازم ، ئەویش بۆ ئەوەی ڕاپێچی هەمان موعاناتی بکەم و ، پاشان چاوم لێی بێت بزانم چیی ئەکات ئەو دەمەی ناچار دەبێت ئەو دەردە بچێژێت کە من ئێستاکە ئەیچێژم.. بەڵام بەدەر لەم حاڵەتە ، گەر من پێش ئەو بمردمایە ، ئەوا ئەگەر بمتوانیایە گەردنیم لە بەڵێنەکەی ئازاد ئەکرد و ، ئەوسا بە ڕۆحی خۆم ئەهاتم و بەسەر ئەم دادگایەی ئێوەدا ئەکەوتمە باڵەفڕە و بە ئێوەش و بە ئەویشم ئەگوت ؛ هیچ پێویست ناکات ئەم بەڵێننامە پڕوپوچە جێبەجێ بکەیت ..من گەردنت ئازاد ئەکەم و ئیتر چ پیویست ناکات تۆ بمریت ... بەڵکو بڕۆ بۆ خۆت بژی و بەختەوەر بە ... (ڕو لە دادوەر ئەکات) بروام پێبکە وام ئەکرد ..

دادوەر : چاکە ... با ئێستاکە لە گۆشەیەکی ترەوە سەیری مەسەلەکە بکەین .. لەگەل ئێمەدا تێفکرە .. ئێستا وای دابنێ ئەم دادگایە تۆی لەو بەڵێننامەیە عەفوو کرد و بەرپرسیارێتیی نەهێشتیت و پێی وتیت : بگەڕێرەوە بۆ ناو ژیانی خۆت .. ئایا ئەو کاتەئەتوانیت ڕووبەڕووی خۆت ببیتەوە ؟ ئەی ئەتوانیت ڕووبەڕووی خەڵک ببیتەوە ؟ ئەی ئەتوانیت چاو ببریتە چاویان ئەو دەمەی وەک کەسێکی پەرزەلێبڕاو و بێ وادە و بێ بەڵێن تەماشات ئەکەن .. ئەی ئەتوانیت ئیتر لە ناویاندا هەڵبکەیت و ، بخۆیت و کار بکەیت و خۆشەویستیی بکەیت ؟ ئەی لە دوای ئەم حاڵەتەوە بۆ نموونە بیر لەوە ناکەیتەوە ئایا ئەتوانیت جارێکی تر عاشق بیت ؟ ئەی ئەبێت ئەو کەسە کێ بێت کە ئەبێتە خۆشەویستی تۆ و ئەویش تۆی خۆش ئەوێت ؟ ها

..لەمبارەوە چیی ئەڵێیت ؟ .. باشە وای دابنێ ئازادمان کردیت و لەو بەرپرسیارێتییەی هەتە عەفومان کردیت .. ئایا لە زەینی خۆتدا وێنەی هیچ ژیانێکت کێشاوە کە تێیدا بژیت ؟

ئەو : نەخێر گەورەم .. لە ئێستادا ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە.. ئەوەی کە ئێستاکە بیری لێئەکەمەوە تەنها ئەوەیە کە نەمرم ...

دادوەر : شتێکی سەیرە ... نە ڕێزێک .. نە قیەمێک .. بزانە هیچی تێدا هێشتۆتەوە ... ؟

ئەو : باشە گەورەم سەرۆکی دادگا ئەبێت مردنی من چ پەیوەندییەکی بە ڕێز و قیەمەوە هەبێت ؟ ..

دادوەر : بێگومان پەیوەندیی هەیە ..ئەم ڕەفتارەی تۆ نموونەیەکە بۆ لاوازیی نەبوونی بەرپرسیارێتیی.. ئەگەر تۆ بێتاوان بکەین ، ئەی باشە چۆن بتوانین خەڵکی تر لەسەر ساختەکاریی و دزیی و درۆ و خیانەتکردن لە ئەمانەت سزا بدەین ؟

(زەنگی کاتژمێر هەشت جار لێئەدات ...)

دادوەر : کات تێئەپەڕێت و جەنازەکەش چاوەڕوانی بەڕێخستنە .. تۆ وەختی بەنرخی ئێمە بە فیرۆ ئەدەیت ...

ئەو : لە ئێستادا وەختەکەی من لە هیی ئێوە بەنرخترە گەورەم .. هەموو دەقیقەکانی من لەسەرم حساب ئەکرێن ... بەڵام ئێوە ....

داواکاری گشتیی : گەورەم سەرۆکی دادگا .. ئەم جەلسەیە زیاد لە پێویستی خایاند و ، من پێشنیاز ئەکەم کە دادگای بەڕێز ئیکتیفا بکات بەوەی کە وترا .. ئەوەی هەیە بەسە و هەڵوێستی تاوانبار ڕوون و ئاشکرایە و ئەو سوورە لەسەر ئەو هەڵوێستە ، ئەوەتا ئەوە ڕەت ئەکاتەوە کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات ... بۆیە من داوا ئەکەم کە بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی کە ئیجبار بکرێت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی .. سوپاس گەورەم ...

دانوەر : (پاش ئەوەی لەگەڵ دوو ئەندامەکەی تری دانگا بە چرپە گفتوگۆ ئـەکـەن) .. چاکە .. با تاوانبار بچێتە دەرەوە ..دانگا مەسەلەکە تاووتوێ ئەکات .. (دوو پاسـەوان دێنە ژووریّ و "ئەو" ئەبەنە دەرەوە) .

داواکاری گشتی : گەورەم جەنابی سەرۆک .. لەوە ئەدەچێت هیچ شتێک سوودی ...

دانوەر : چار نییە ئەبێت سنگمان فراوان بێت .. پێویستە سەبرمان هەبێت ، ئـەگینـا ئەم هەڵوێستەی ئەو ئەبێتە پێشینەیەک و زیانی زۆری لێئەکەوێتەوە... ئەمە یەکـەمـین حاڵەتە کە تیایدا ڕووبەڕووی یاخیبوونێکی لەمجۆرە ئەبینەوە .. شـتێکی ترسناکیـشە کە حاڵەتێکی وەها بڵاوبێتەوە و خەڵکی تریش فریو بدات .. پـێش هـەمـوو شـتێک پێویستە هەموو هەوڵی خۆمان بخەینە کار بۆ هێشتنەوەی مەسـەلـەکـە بـە نهێنیـی .. نابێت کەس بزانێت کـە یـاخیبوونێکی وەهـا ڕوویـداوە... پاشـان ئـەبێـت بـە هـەر ڕێگەیەک بێت ئیمە قەناعەت بەم کابرایە بکەین کە بـەڵێنـەکـەی خـۆی بـە خواسـتی خۆی جێبەجێ بکات.. یان لانی کەم و هیچ نەبێـت وا نیـشانی خـەڵـک بـدرێت کـە بەڵێنەکەی بە خواستی خۆی جێبەجێ ئەکات ...

داواکاری گشتی : ڕاستە گەورەم .. بەڵام چۆن ؟

دانوەر : ئەبێت قسە لەسەر ئەوە بکەین ...

داواکاری گشتی : گەورەم پێش کەمێک جەنابت وتت ، ئەبێـت بـە هـەر ڕێگـەیـەک بێت ئیمە قەناعەت بەم کابرایە بکەین ....

دانوەر : بەڵێ .. جگە لەوە ، هیچ ڕێگە چارەیەکی ترمان نییە ..

داواکاری گشتی : کەواتە ئەتوانم پێشنیازی ئەوە بکەم کە ئـەو مـەسـەلـەیـە بـۆ مـن جێبهێڵن ... لێیگەڕێن بۆ من و لەو بڕوایەدام کە ئەتوانم قەناعەتی پێبکەم ...

دانوەر : بەڵام بەو مەرجەی کە پێمان بڵێیت چۆن ئەوە ئەکەی ..

داواکاری گشتی : بە هیچ جۆرێک گەورەم .. بە هیچ جۆرێک بۆ دانگـا بـاش نییـە کە ئەوە بزانێت ...

دانوەر : بۆچی ؟

داواكاری گشتی : چونكە ئەو زانینە دادگا ئەخاتە هەڵویستێكی ناخۆشەوە ...
دادوەر : ئەگەر تۆ ئەتەوێت زەبروزەنگ بەكار بهێنیت ، ئەوە كاری نەكردەیە و دادگـا ڕێگە نادات ..
داواكاری گشتی : هەرگیز .. بە بێ زەبروزەنگ ..
دادوەر : (پرس و ڕا بە هەر دوو ئەندامەكەی تەنیشتی ئەكات).. باشە ، چیت پێباشـە ، ئەوە بكە .. با بڕۆین (ئەچنە دەرەوە) .
داواكاری گشتی : ئادەی پاسەوان ، تاوانبارم بۆ بێنن ("ئەو" ئەهێننـە ژوورەوە ، ئـەو كاتـەی پاسـەوانـەكـان ئـەیانـەوێـت بـەرەو قـەفـەزەكـەی ببـەن ، داواكـاری گـشتی ڕایانئەگرێت) نا .. مەیبەنە ئەوێ .. ئەوێ نا .. وەرە لە تەنیشت منەوە دابنیـشە ، ئـا لێرەدا .. ئێستاكە ئیمە لەدادگادا نین .. وەك كەسێك قسە بۆ كەسێك تر بكات ئـاوا قسە ئەكەین ..(" ئەو " دائەنیشێت) .. ئەگەر برسیتە خواردنت بۆ داوا ئەكەم ..
ئەو : نەخێر برسیم نییە سوپاست ئەكەم ..
داواكاری گشتی : ئەی تینووت نییە ؟
ئەو : نەخێر سوپاست ئەكەم ، كەمێك پێش ئێستا ئاوم خواردەوە....
داواكاری گشتی : ئەی چیت پێویستە ...؟
ئەو : (پێئەكەنێت) ..
داواكاری گشتی : ها ... بەچیی پێئەكەنیت ؟
ئەو : چونكە ئەوەی من ئەمەوێت ، تۆ ناتوانیت پێم ببەخشیت..
داواكاری گشتی : بیڵێ .. تۆ تەنها بڵێ چیت پێویستە و تەواو..
ئەو : ئاخر ئەوەی من ئەمەوێت تۆ ناتوانیت بمدەیتێ ..باشـە تـۆ ئـەتوانیـت ئـازادم بكەیت ؟
دادوەر : بەڵام تۆ كەسێكی زیندانیی نیت ...
ئەو ؛ سەیرە .. ئەی ئەم حاڵەتەی من ناوئەنێیت چیی ؟ ئەی ئەمە دادگا نییە و ، ئـەی تۆش داواكاری گشتی نیت ؟ باشە ئەگەر وا نییە ، ئەی من چیی ئەكەم لەناوتاندا ؟

داواكاری گشتی ؛ ئەتوانیـت بـە خـۆت بڵێیـت میـوان ..(پێـدەكـەنێـت) تاوانبـارێكی میوان...

ئەو : ئەی باشە ئەم میوانداریيە كەی كۆتایی دێت ؟

داواكاری گشتی : ئەوە لای تۆیە ، كەی بڕیارت دا ، دەستبەجێ كۆتایی دێت ..

ئەو ؛ واتا ئەو كاتەی خۆبەخشانە بڕیـاری مـردن ئـەدەم ؟ مـن خۆبـەخـشانە ئـەوە ناكەم..

داواكاری گشتی : باشە تۆ بۆچی ئێمە ئیحراج ئەكەیت بەڕێزم ؟

ئەو : من ؟

داواكاری گشتی : بەڵێ .. تۆ ..

ئەو ؛ من ئێوە ئیحراج ئەكەم ؟ لەمە سەیرتر ئەبێت چیی بێـت ..كـەواتـە ئێـوە بۆیـە ئیحراج ئەبن چونكە من ئەوە ڕەت ئەكەمەوە كە بە ئیـرادەی خـۆم بمـرم .. گـەورەم داواكاری گشتی تۆ پێكەنینت بەم بەزمە نایەت ؟

داواكاری گشتی : سەراحەتت ئەوێ ؟ بـا .. چونكە مەسەلەكە خۆی مایەی پێكەنینـە .. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئیحـراج ئـەكـات..ئێمـە بـە حـوكمی بـەرپرسـیارێتیمان ئەخوازین مەسەلـەكـە بـە هێمنیـی بچێتـە ڕێـوە ، نامانـەوێـت فـەزیحـەت ڕووبـدات ..نامانەوێت ناچار بین هێز بەكاربهێنین .. گوێم لێبگرە ..پێشتر هیچ كـەسـێك وەك تۆ لە بەڵێنەكەی خۆی پاخی نەبووە .. بۆیە ئەگەر نەرم بین لەگەڵ تۆدا ، ئـەوا فـەوزا دروست ئەبێت .. تۆ پیاوێكی ڕۆشنبیرییت و تێئەگەیت .. ئەگەر نەرم و نیـانیی لـەم جۆرە مەسـەلانـەدا بنـوێنین ، مـەگـەر خـوا بزانێـت چ فـەوزایـەک تـەواوی كۆمـەڵ ئەگرێتەوە ..لە كاتێكدا ئێمە ڕاسپێردراوین بـەوەی كۆمـەڵگـە لـە فـەوزا بپـارێزین .. مەبەستی من ڕێک ئەمەیە كاتێک دەڵێم تۆ ئیحراجمان ئەكەیت .. تێم ئەگەیت ؟

ئەو : بەڵێ ..بەڵام جیاوازییەكە ئەوەیە كە من وەک ئێـوە ڕانـەسـپێردراوم كۆمـەڵگـە بپارێزم .. ئاخر من چۆن بتوانم پارێزگاری لە كۆمـەڵگـە بكـەم لـە كاتێكـدا نـاتوانم

پاریزگاریی له خۆم بکەم ؟ پیاوێک نایەوێت زیندەبەچاڵ بکرێت .. لەمە زیاتر ئەبێت عەدالەت چیی بێت ؟

داواکاری گشتی : ئەزانیت تۆ سەرسامت کردووم ؟ تۆ به زیرەکیـی و ئازایانـه قـسه ئەکەیت .. من تەقدیری هەڵوێستت ئەکەم، بۆیه ئەمەوێت یارمەتیت بدەم .. یارمـەتـی منت پێ قبوڵه؟

ئەو : له حاڵەتێکی وەک ئەم حاڵەتەی مندا ؟ دیاره ئەوه له دەست مندا نییه ، بـەڵکـو ...

داواکاری گشتی : بەڵکو چیی ؟

ئەو : به سەرِاحەت ؟

داواکاری گشتی : بێگومان به سەرِاحەت ..

ئەو : باوەر ناکەم تۆ بتەوێت یارمەتیی من بدەیت ...

داواکار : ئەوه بۆیه وا ئەڵێیت ، چونکه له کاتی دادگاییەکەدا رِەق بـووم لـەگـەڵتـدا .. هەقی خۆته .. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من یارمەتیت ئەدەم ..

ئەو : بۆچی ؟

داواکار : (پێئەکەنێت) .. پرسیارێکی راسته ، بۆچی ؟ دواتر پێت ئەڵێم بۆچی ... بـا جارێ ئەم دەرگایه دابخەین (بەرەو دەرگاکه ئەچێت بۆ ئەوەی دایبخـات)... ئێـستاکه ئەتوانین به هێمنیی قسه بکەین .. من پێم وتیت یارمەتیت ئەدەم و ئـەشـبینیت .. بـه هێمنیی گوێم لێبگره و تێم بگه .. پێش هەر شتێک وەڵامی ئەم پرسـیارەم بـدەرەوه : تۆ وا ئەزانیت ئێمه بەختەوەرین ، یان با بڵێین ، تۆ لەو برِوایەدایـت مـن بـەختـەوەر ئەبم ئەو کاتەی تۆ ئەبینم زیندەبەچاڵ ئەکرێیت ؟

ئەو : نازانم ..

داواکار : چۆن نازانیت ؟ مردنی تۆ چی ئەبەخشێته من ؟ نەخوازەڵا مردنێک که بـەم شێوه قێزەونه ئەنجام بدرێت ..

ئەو : ئەها چۆن ئیعتراف بەوە ئەکەیت که مردنێکی قێزەونه ..

داواکار : ئەی ئیعتراف نەکەم چیی بکەم .. گوایا هەتا ئەم ڕادەیە  بە گێل و دڵـرەقـم تێئەگەیت ؟
ئەو : ئەی کەواتە بۆچی ئەوەندە سووریت لەسەر ئەوەی من ئەم کارە جێبەجێ بکـەم ..تۆ چیت داوە لەوەی خۆت لەگەڵم ماندو ئەکەیت بۆ ئەوەی بیکەم و، سـەرەڕاش بـە ئیرادەی خۆیشم بیکەم ؟
داواکار : لەبەر هۆیەکی ساکار ئەی هاوڕێم .. ئەویش چونکە ئەرکـی سـەرشـانمە .. مادامەکی من ئەوەم قبوڵە ئـەم وەزیفـەیـەم بکـەم  ، دەبێـت بـەرگریـی لـە کۆمـەڵگـە ونەریتەکانی بکەم .. ئەی نابینیت چ ئیحراج بوونێک لە کارەکەمدا هـەیـە ؟ مـن ئـەو کاتەی وەک داواکاری گشتی  پرسیارت لێئەکەم ، من نوێنـەرایـەتیـی خـۆم ناکـەم .. بەڵکو نوێنەرایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە ئەکەم کە منی کردۆتە جێگری خۆی.. ئایا لـەمـەدا کۆکیت لەگەڵمدا ؟ ..
ئەو : بەڵێ .. کەواتە تۆ چۆن ئەتوانیت یارمەتییم بدەیت ؟
داواکار : (بە چرپە) بە سیفەتی شەخسیی خۆم ..
ئەو ؛ چۆن ؟ ..
داواکار : بەوەی پێش هەر شتێک متمانەم پێبکەیت .. پێم بڵێ، تۆ متمانەم پێئەکەیت؟
ئەو : (بە دوودڵییەوە) بەسەرڕاحەت ؟  نەخێر ..
داواکار : کەواتە سوودی نییە و ، لەم حاڵەتەدا ناتوانم یارمەتیت بدەم ...
ئەو : (وەک قسە لەگەڵ خۆیدا بکات)  نـا .. مـن متمانـەت پێناکـەم .. ئـەگـەر بڵـێم متمانەت پێئەکەم ئەوا درۆت لەگەڵ ئەکەم .. بڕوا و متمانەم بە کەس نەماوە تـەنانـەت خەریکە بڕوام بە خۆشم نامێنێت ..
داواکار : پێویستە متمانە بە من بکەیت ..
ئەو ؛ ناتوانم
داواکار : ئەوە تاقە ڕێگەیە لەبەردەمتا .. تاقە ئومێدی تۆیە..بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا مـن پێشنیازی خۆمت پێئەڵێم و ، ئیتر دوای ئەوە خۆت و بڕیاری خۆت ..

ئەو : (بێدەنگە) ..

داواکار : پرۆژەکەی من ئەمەیە: تۆ ئەوە بە دانگا ڕابگەیەنیت .یان هیچ نەبێت تەنها وەک ڕاگەیاندن ئەوە بەیان بکەیت کە تۆ ئامادەیت بەڵێنەکەت بە خوایشتی خۆت جێبەجێ بکەیت ...

ئەو ؛ یانی ئەوە قبوڵ بکەم کە زیندەبەچاڵ ئەکرێم ؟

داواکار : بەڵێ ..

ئەو : باشە ... ئەی دوای ئەوە ؟

داواکار : ئەوسا ڕێوڕەسمی تەواو ساز ئەکرێت و ...

ئەو : ڕێورەسمی چیی ؟

داواکار : ڕێوڕەسمی ناشتن ..

ئەو : ناشتنی کێ ؟

داواکار : ناشتنی ژنەکەت و ناشتنی تۆش ...

ئەو : (پێئەکەنێت)

داواکار : بەڵام ..ناهێڵم یەک شەو ..تۆ بلێ دوو شەو تێپەڕێت ، ئەوسا خۆم دێم و دەربازت ئەکەم ..سوێندیشت بۆ ئەخۆم کە ئەوە ئەکەم ... تەنها دوو شەو و هیچی تر .. ها ..چیی ئەڵێیت ؟

ئەو : ئەی ئەگەر نەهاتیت و دەربازت نەکردم ؟

داواکار : دا ..بڕوام پێ بکە ئەیکەم ..سوێندیشت بەشەرەفم بۆ ئەخۆم ...

ئەو : (وەڵام ناداتەوە)

داواکار : بیرێکی لێبکەوە .. ئەم ڕێگەچارەیە تاقە فرسەتە لەبەردەمتا..پاشان ڕێگەیەکی ترت بۆ ئەدۆزمەوە هەتا ئەم دوڕگەیە جێبهێڵیت و ئەوساش خوات لەگەڵ بێت و تەواو .. دەی، من چەند دەقیقەیەک بەتەنیا جێت ئەهێڵم .. کە گەڕامەوە ئەمەوێت بڕیارەکەت دابێت ...ئەم مەسەلەیە زیاد لە پێویست درێژەی کێشا.. دەی بیرێکی لێبکەرەوە ..(ڕوو ئەکاتە دەرگاکە بۆ ئەوەی بچێتە دەرێ).

ئەو : نا .. پێویست ناکات بچیتە دەرەوە .. من بڕیاری خۆمم داوە...
داواکار : ها ..بڕیاری چییت دا ؟
ئەو : نایکەم ..
داواکار : چ سەخافەتێکە ... نا نا ببەخشە .. ئاخر تۆ وا ئەکەیت من تووڕە بم .. باشە بۆچی نایکەیت ؟
ئەو : چونکە بڕوات پێناکەم ...
داواکار : کەواتە خۆت و بڕیارەکەی خۆت ..من چ هەقێکم نییە بەسەرتەوە ..
ئەو : ڕاوەستە ...باشە پێم بڵێ ؛ تۆ بۆچی ئەتەوێ یارمەتیم بدەیت ؟
داواکار : لەبەر هەندێ هۆی ئینسانیی ...
ئەو : (پێئەکەنێت) هۆی ئینسانیی !
داواکار : تۆ بڕوام پێناکەیت .. بەڵێ لەبەر هەندێک هۆی ئینسانیی .. خۆ من دەرک بەوەش ئەکەم چ قەساوەتێک لە مەسەلەکەی تۆدا هەیە .
ئەو : ئەی کەمێک پێش ئێستا تۆ نەبووی لە داگا سوور بووی لەسەر زیندەبەچاڵکردنم و ، سەرەڕاش پێت وابوو کە ئەوە ئەوپەڕی عەدالەت و جوانییە ..
داواکار : ڕاستە وا بوو .. بەڵام ئەوەم وەک ئەرکێکی وەزیفەکەم پێ وتیت ..
ئەو : سەیرە .. ئەی ئێستا وازت لەو ئەرکە وەزیفییە هێناوە ؟
داواکار : لەبەرئەوەی تۆ زۆر ماندوویت و هەروەها کەللەڕەقیشیت، دیارە تێم ناگەیت... بۆیە تکات لێئەکەم تێم بگەیت ... من وازم لە ئەرکی خۆم نەهێناوە ، بەڵکو وەک داواکاری گشتی وا ئەکەم بە زیندوویی و بە ئیرادەی خۆت بتنێژن .. ئینجا دوای ئەمە من ئەرکی خۆم وەک ئینسان بە جێئەهێنم و لەو میحنەتەت دەرباز ئەکەم ...
ئەو : ئەوە چۆن ئەبێت ؟ باشە تۆ کە هەوڵ ئەدەیت من بنێژرێم، ئایا ئەمە پێچەوانەی بەڵێنەکەت نییە بۆ ڕزگارکردنم ؟

داواکار ؛ هیچ ڕێگەچارەیەکی تر نە لەبەردەم مندایە ، نە لەبەردەم تـۆدا... ئـەی خـۆت حاڵەتەکە نابینیت ؟ لەگەڵمدا بیر بکەرەوە... بەژەوەندیی هەمومان لـەو پێـشنیازەدایـە کە پێت ئەڵێم .. من وەک داواکـاری گـشتی و پاشـان ئێمـە هـەموومـان وەک دادگـا بەناوی کۆمەڵگەوە ڕاسپێردراوین بەوەی مانـای ئـەو خۆشـەویـستییە بپـارێزین کـە لەنێوان عاشقاندا هەیە و لەو ئاستەدا بیهێڵینەوە کە لە نێوان تۆ و ژنەکـەتـدا هـەبـووە ..دیارە ئەو خۆشەویستییە لە ئاسـتێکدایە ئێمـە سـوورین لـەسـەر ئـەوەی کـە وەک نمونەیەکی باڵا بمێنێتەوە .. ئیمە نامانەوێت ئـەو خۆشـەویـستییە ڕیـسوا بکرێـت.. ئەوەشمان قبوڵ نییە کە وێنەی ئەو خۆشەویستییە لە لای خەڵـک ناشـیرین ببێـت .. هەر لەبەر ئەوەیە ئێمە زۆر سوورین لەسەر ئەوەی کەسـانی وەک تـۆ قـەناعـەت پـێ بهێنین بەوەی پابەندی بەڵێنەکانیان بن ...یاخیبونی تۆ لەبەرژەوەنـدیی ئێمـە نییـە و ئەگەر یاخیش ببیت ئەوا لەبەرژەوەندیی ئێمە نییە کەسانی تر یاخیبوونەکەت ببینن ، بە جۆرێک ئەو یاخیبوونەی تۆ ببێتە پێشینەیەکی عادەتـی و خـەڵکـی تـریش هـانی یاخیبوون بدات.. تێم ئەگەیت ؟ .. مەسەلـەکـە لای ئێمـە ئـەوەیـە ؛ گرنـگ نییـە تـۆ ئەمریت یان نامریت ..بە قەد ئەوەی ئێمە ئەوەمان بە لاوە گرنگە کە ڕاییگەیەنـین تـۆ قبوڵتە بمریت و ، وەفاداریشیت بۆ ئەو بەڵێنەی داوتە. خەڵکیش بە چاوی خۆی ئەوە ببینێت کە تۆ بە ڕەزامەندیی خۆت و ئازایانە بەرەو گۆڕستان ئەچیت ..ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە ڕۆیشت و کۆتایی هات ، ئەوە زۆر چاکە و ئیتر پـاش ئـەوە گرنـگ بـە لامانەوە ئەگەر ڕاش بکەیت یان یاخیش ببیت ، بەمەرجێک کـەس بـە ڕاکردنـەکـەت یان یاخیبوونەکەت نەزانێت. ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە ؛ بۆ نموونە ئـەگـەر ڕابکەیت، دەبێت ئێمە مەسەلەی ڕاکردنەکەت بشارینەوە و پەردەپۆشی بکەین.. ئێـستا لێم تێگەیشتیت ؟

ئەو : بەڵێ ....

داواکار : هەر بەمجۆرەش ، ئەو پێشنیازەی خستمە بەردەمت ئـەبێتـە مایـەی ئـەوەی سەلامەتیی هەمووان بپارێزێت.. سەلامەتیی تۆ و سەلامەتیـی هـەڵوێـستی ئێمـەش .. هەروەها سەلامەتیی کۆمەڵگەش.. دەی ئێستاکە چیی ئەڵێیت ؟

ئەو : تووڕە مەبە لەوەی ئەیڵێم ...

داواکار : بیڵێ و .. بابزانین ..

ئەو : ئەمە ئەوپەڕی فریودان و ..دوو روویيە .. هەڵوێستێکی شەرمهێنە ...

داواکار : ئەی هەڵوێستی خۆت ناوئەنێیت چیی ؟ ئەی هەڵوێستەکەی خۆت ئەوپـەڕی ترسنۆکیی و خیانەت نییە ؟ تۆ پیاوێکیت کەس لەگەڵت هەڵناکات ...

ئەو : جیاوازیی نێوان هەڵوێستی ئێوە و هەڵوێستی من ئاسـمان و ڕێـسمانە .. مـن مردن ڕەتئەکەمەوە .. چونکە هیچ عەدالەتێکی تێدا نابینم ، هیچ پاساوێکی تێدا بەدیـی ناکەم .. مردن ڕەتئەکەمەوە لەبەرئەوەی شتێکی هیچ و پووچ و بێ بەهایە .. مردنێـک کە تەنها لە پێناوی مردندایـە و هیچـی تـر .. ئـەگـەر ئـەم مردنـەی مـن لـە پێنـاوی مەسەلەیەک ، یان بۆ بەرگرییکردن بوایە لە ژیان ، ئـەو کاتـە بـە ڕاسـتیی شـانازییم پێوە ئەکرد .. من ئامادەم لە پێناوی داکۆکییکردن لە خودی خۆم ، لە کەسـوکارم ، لـە خاکەکەم ، لە ژیانی خەڵکی تر بمرم .. ئـەوە مردنێکـی ئینـسانییە و پاسـاوی خـۆی هەیە.. بەڵام ئەم مردنە بێنرخەی کە ئێوە بـە پیـرۆزی دائـەنـێن ، ئـا دەی پـێم بڵـێ سوودەکەی چییە ..ئەی .... ؟

داواکار ؛ (قسەکەی پێئەبڕێت) بەسە .. تۆ زیادە ڕۆیی ئەکەیت.. گـوێ بگـرە ، ئـەمـە دوا فرسەتی تۆیە ، من ڕێگەچارەیەکـی مـاقوڵم خـستە بـەردەمـت .. تـۆش ئـەبێـت بڕیاری خۆت بدەیت ....

ئەو : ئێ باشە .. من پێشنیازەکەی تۆ ڕەت ئەکەمەوە ..

داواکار : ڕەتی ئەکەیتەوە ؟

ئەو : بەڵێ ڕەتی ئەکەمەوە ..

داواكار : ئارەزووی خۆتە ... كەواتە ئەبێت خۆت بۆ ئەو چارەنووسە ئامادە بكەیت كە رووبەرووی كەسانی یاخیبوی وەک تۆ ئەبێتەوە .. ئەی ئەزانیت سزای یاخیبووان لای ئێمە چییە ؟

ئەو : هەرچییەک بێت ، خۆ لەوە درندانەتر نابێت كە زیندەبەچاڵ بكرێن ...

داواكار : با لەوەش خراپتر هەیە .. بەڵكو لەوە ریسواكەرتریش.. یەكەمجار یاخیبوونەكەت رائەگەیەنرێت و بە رووت و قوتیی و پەلبەستكراویی بەناو خەڵكدا ئەتگێرین .. پاشان لەسەر شەرەفی شكاوی جەنابت !! ئاهەنگێكی قەشەنگ سازئەكەین و لە ئاهەنگەكەدا خەڵكی جامی ریسواكردن و تووڕەیی خۆیانت بەسەردا ئەرێژن .. ئیتر دوای تەواوبوونی ئەوەش ، بەشەتەكدراویی تەسلیمی گۆڕستانەكەت ئەكەین ...

ئەو : ئەی دوای ئەوە ؟ جگە لە مردن چیی تر هەیە ؟ بڵێیت رێگەیەكی تر هەبێت بۆ مردنم ئەگەر بێت و بە ئیرادەی خۆم رازی بم بمرم ؟ مردن لەم حاڵەتەدا هەر مردنە گەورەم داواكاری گشتی....

داواكاری گشتی : هەرگیز .. هەرگیز هەمان مردن نییە .. هەی گەمژە ، ئەگەر رێگەی بەجێهێنانی بەڵێنەكەت بە حوسن و رەزای خۆت هەڵبژێریت ، ئەوە ئەبێتە شایلۆغان بۆت ..بڕوام پێبكە لە چاوی هەمووانندا دەبیتە پاڵەوان و ، وەک پاڵەوانیش سەیرت ئەكەن ..گۆرانیی و سرووت بە سەردا ئەچڕن و گوڵبارانت ئەكەن.. بەحەسرەتەوە بەخیلییت پێئەبەن .. كچان ئەخوازن خۆشەویستێكی وەک تۆیان هەبێت ... ژنان رەخنە لە مێردەكانیان ئەگرن كە بۆچی ناگەن بە تۆ .. ناوت ئەبێتە ویردی سەرزمانی خەڵک و ، وێنەت لە مێشكی هەموو كەسێكدا ئەبێت ..

ئەو ؛ ئەی دوای ئەوە ؟ دوای ئەوە ئیتر ئەمرم ..

داواكار : نەخێر .. نامریت .. چونكە من رزگارت ئەكەم .. چۆن كەسێک ئەچێتە مەملەكەتی خۆی یان بەهەشتەكەی خۆیەوە ، تۆش ئاوا ئەچیتە ناو گۆڕستانەكەوە ..

هەرچییەک تۆ داوای بکەیت جێبەجێی ئەکەیـن .. خـواردن و خواردنـەوەی تـەواو و مۆمت بۆ دابین ئەکەین ...

ئەو : ئەی دەربارەی مردن ؟

داواکار : من پێم وتیت دەربازت ئەکەم .. بیر بکەرەوە .. بیر بکەرەوە هەی گەمژە..

ئەو : من بیرئەکەمەوە .. هەر لەبەر ئەوەشە پێشنیازەکەت ڕەتئەکەمەوە.. چونکـە مـن دڵنیام لەوەی تۆ درۆم لەگەڵ ئەکەیت .

داواکار : باشە .. وای گریمان من درۆت لەگەڵ ئەکەم ..تەنانەت بەو حاڵەتەشـەوە تـۆ هیچت لە کیس ناچێت .. هەوڵ بدە درۆکـەم تـاقی بکـەرەوە ، وای دابنـێ بـەڵێنێکـە ڕەنگە جێبەجێ بکرێت .. تۆ بڵێ لە سەدا نەوەد و نۆ مـن درۆزن دەرئـەچـم ..بـەڵام هەوڵ بدە دەست بەو تاقە ئەگەرەوە (ئیحتیمالەوە) بگرە کـە ئـەمینێتـەوە ، ئـەوە چڵـە پووشەکەیە  کە بۆت ئەمێنێتەوە و .. هیچیش زەرەر ناکەیت ..

ئەو : دا ، زەرەر دەکەم .. چونکە ئەگەر خۆم پابەندی بەڵێنەکەت کرد و ، دوایـی تـۆ جێبەجێت نەکرد .. ئەوسا عەزابەکەم سەختتر ئەبێت ... ئەوسا ئەبێ چاوەڕوان بـم و لە ژێر قورسایی کابوسدا بمێنمەوە .. بە نێژراویی چاوەڕوانی فریادڕەسـێک بـم کـە نایەت .. نا .. گەورەم ، بۆ من ئەوە ئەهوەنترە کە فکرەی مردن قبوڵ بکەم و خـۆمی تەسلیم بکەم ، نەک خۆم بە وەهمێکەوە گیرۆدە بکەم...

داواکار : هیچ لەگەڵ تۆدا سوودی نییە... تۆ پیاوێکی کەللەڕەق و لەسەروو ئەوەشـەوە گەمژەیت ... من نازانم ژنـەکـەت بـە چ شـتێکت موعجـەب بـووە  وا تـۆی کردۆتـە شایانی بەڵێنێکی ئاوا مەزن .. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش ، ئەمە ئاخر جارە کـە پێت ئەڵێم ؛ من ڕاستگۆم لە بەڵێنەکەی خۆمدا .. ئیتر تۆش خۆت و بڕیاری خۆت .. ئـادەی پاسـەوانـان .. پاسـەوان .. (دوو پاسـەوان دێنـە ژووری) بیبـەنـە دەرەوە (پاسەوانەکان ئەیبەن) ..

ئەو : (پێش ئەوەی بگاتە لای دەرگاکە) ئەگەر گەرەنتییەکم بدەیتێ ، ئەوا ڕازی ئـەبـم ...

داواکار : هیچ گەرەنتییەکم  لا نییە ...
ئەو : بە تەنها سوێندم بۆ بخۆ ..
داواکار : من سوێندم بە شەرەفم بۆ خواردیت .. (ڕوو ئەکاتە هەردوو پاسەوانەکە) لێیگەڕێن و ئێوە بچنە دەرەوە..(پاسەوانەکان ئەچنە دەرەوە) .. دەی .. ئەقڵ بهێنەوە بەر خۆت و ڕازی بە ..
ئەو : باشە ... من ڕازیم .....
{ دوو جار سەعاتەکە ئەزرنگێتەوە و لە ناکاو شانۆ تاریک ئەبێت.. دەنگی مۆسیقا و هەلهەلە و هوتافکێشان و شیعر و شانامە بۆ چەند خولەکێک بەرزئەبنەوە ..دواتر شانۆ بەرەبەرە ڕووناک ئەبێتەوە و "ئەو" دەرئەکەوێت و کراسێکی سپیی ئاودامانی لەبەردایەو تاجەگوڵینەیەکی لەسەردایە ..داواکاری گشتی لە تەنیشتییەوە و سەرۆک و ئەندامانی دادگاش لە پشتییەوە بە جلوبەرگی ئاهەنگسازییەوە ڕاوەستاون } ...
داواکاری گشتی : (بە چرپە) زەردەخەنە بتگرێ هاوڕێم .. پاش چەند چرکەیەک خەڵکیی سەروەریی تۆ ئەبینن ، بۆیە ئەبێت بە شێوەیەک کە شایانی کەسێکی پاڵەوان بێت  سەرت بڵند بکە و زەردەخەنە بتگرێ .. بەڵێ .. هەوڵ بدە چێژ لەو سەروەرییە وەربگریت کە ئێستاکە تێیدایت ... بەختەوەریش بە ، چونکە تۆ بە هەموو ئەم شتانەوە ئەو خەڵکە دڵخۆش ئەکەیت کە هاتوون بە خاکت بسپێرن .. ئای کە بەختەوەریت ... ئەی نابینیت ؟ تۆ یەکێکیت لەو کەسە کەمانەی کە جەنازەکەی خۆیان ئەبینن ... ئەوانەی لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی خۆیاندا ڕێئەکەن .. دەی.. لەخۆتی تێک مەدە .. هەرچییەکت پێویست بێت بۆم حازر کردوویت ... لە ناو گۆڕستانەکەدا لەسەر داوای خۆت سفرە و خوانێکی ڕازاوەت بۆ ئامادە کراوە .. ئەو شەرابەم بۆ هێناویت کە تۆ حەزت لە نۆشینێتی ...پێنج بوتڵ شەرابی نایاب ..(دەنگی زەنگ ئەبیسترێت) ئێستا ئامادە بە .. کەژاوەی ڕێورەسمەکە دەست پێئەکات .. با تاجە گوڵینەکەی سەرت ڕێکخەم .. ئاوا ڕوو گرژ مەکە ... ئادەی زەردەخەنەیەک ... سەرت بڵند کە .. ئەمە زەماوەندی تۆیە هاوڕێم ..

ڕاوەستە ، با دانگا پێش تۆ بچێتە دەرێ .. پاشان پاسەوانەکان ...ئەها .. ئەها گوێت لە زایەڵەی زەنگە ...(کەژاوەکە بەرەو دەرەوەی شانۆ بەڕێئەکەوێت ، "ئەو" و داواکاری گشتی دێنە دەرێ و چوار پاسەوانیش لە دوایانەوەن ، شانۆ بە تەواویی چۆڵ ئەبێت ... دەنگ و سەدای ئاهەنگیش لەدەرەوە دێت .. مۆزیک و هەلهەلە و هوتافکێشان ئەبیسترێن .. پاشان بەرە بەرە شانۆ تاریک ئەبێت .. دەنگی ئاهەنگ دەبیسترێت ... پاشان بێدەنگیی ئەو ناوە ئەگرێتەوە .. دەنگی پیاوێک ئەبیسترێت کە خوتبە ئەدات و ناو بە ناو بە چەپڵەڕێزان پێی ئەبڕن ... پاشان بێدەنگیی .. دواتر دەنگی کردنەوەی دەرگایەکی ئاسنین دێت .. ئیتر لەو دەرگایەوە ڕووناکییەک لە گۆشەی سەرەوەی لای ڕاستی شانۆوە دەرئەکەوێت .. ڕووناکیەکە پەرش دەبێتە سەر پلیکانەیەکی مەڕمەڕیی ...پاشان چوار کەس کە چراوگ (مەشخەڵ) یان پێیە بە سوجدە و ڕێزەوە بە پلیکانەکاندا دێنە خوارێ و بە هەر چوار لای شانۆکەدا دابەش ئەبن .. شانۆ ئەبێتە گۆرستان ، چوار کەسی گەنج دەرئەکەون و بە دوای ئەوانیشدا چوار گەنجی تر جەنازەی ژنەکەیان پێیە و لە ناوەڕاستی شانۆکەی دائەنێن .. بە دوای ئەوەدا ، " ئەو " بە مۆمێکەوە دێت و بە تەنیشت جەنازەی ژنەکەیەوە ئەوەستێت .. پاشان ژمارەیەک گەنجی تر بە قاپە خواردن و میوەوە دێن و لەسەر جەنازەکەی دائەنێن .. بە دوای ئەمانیشدا چەند گەنجێکی تر بە کۆمەڵێک شووشەی شەرابەوە دێن و وەک ئەوانی پێشوو ئەیخەنە سەر جەنازەکە .. دوای تەواوبوونی ئەم ڕێوڕەسمە گەنجەکان بەڕودوا لە ڕێ ڕۆیشتنێکی پڕ شکۆدا ئەچنە دەرێ و بەدوای ئەوانیشدا مەشخەڵ بە دەستەکانیش ئەچنە دەرەوە ... هەر لەگەڵ چوونە دەرەوەی دوا کەسی مەشخەڵ بەدەستدا ، ئیتر گۆڕستانەکە بە تەواویی چۆڵ ئەبێت و بەتەنها " ئەو " ی لێدەمێنێتەوە .. " ئەو " لە شوێنەکەی خۆیدا و لە نزیک جەنازەکەوە بە خۆی و مۆمەکەی دەستیەوە ئەمێنێتەوە .. داواکاری گشتی مۆمیکی پێیە و لە " ئەو " نزیک ئەبێتەوە و بە چرپە قسەی لەگەڵ ئەکات ...

داواکار : هیچت پێویست نییە ؟

ئەو : نەخێر

داواکار : ها ، بیگرە .. ئەم مۆمانە بەشی چەند ڕۆژێک ئەکەن ...

ئەو ؛ چەند ڕۆژێک ؟

داواکار : هەتا ئەگەڕێمەوە لات ، ئەو مۆمانەت بەسن .. پێویستت بە هیچی تر هەیە؟

ئەو : نەخێر .. سوپاس .

داواکار : باش بیر بکەرەوە بزانە چی ترت پێویستە ، چونکە من ئەبێت بڕۆم ...

ئەو : بڕۆ ... خێرا بڕۆ ، نەبا ڕای خۆم بگۆڕم ...

داواکار : کەواتە ماڵئاوا ..

ئەو ؛ مەڵێ ماڵئاوا ...

داواکار : (بەدەم سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکاندا) باشە ..بە هیوای دیدار ...

ئەو : (شوێنی دەکەوێت) دوای دوو ڕۆژ .. ها ؟

داواکار : (بەدەم سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکاندا) دوای دوو ڕۆژ.. باوەڕم پێ بکە ..

ئەو : (دەستی ئەگرێت یاخود ئاودامانی ئەبێت) تکایە دڕۆم لەگەڵدا مەکە ..

داواکار : (وەک بیگێڕێتەوە دواوە) ماڵئاوا ..

ئەو : (هێشتا ئاودامانێتی) ... تکایە ..

داواکار : (لێی دەرباز ئەبێت و لە چاو ون ئەبێت) ...

{{ ئەو ناوە تاریک ئەبێت .. تەنها مۆمەکەی دەستی "ئەو" ئەسووتێت . دەنگی داخستنی دەرگا ئاسنینەکە دێت ..دەنگی قفڵ و زنجیر ئەبیسترێت .. "ئەو" لە شوێنەکەی خۆی لەسەری سەرەوەی پلیکانەکان وەستاوە و مۆمەکەی دەستی ڕووناکی ئەداتە سەرەوەی پلیکانەکان و دەرگا داخراوەکە و ڕوخساری خۆی .. ڕوخساری لە ڕوخساری ئاژەڵێک ئەچێت کەوتبێتە داوێکەوە.. بە دوو چاوی بەقووڵاچووەوە ئەڕوانێتە گۆڕستانەکەی خوار خۆی .. بۆ ماوەیەکی کەم بەم شێوەیە ئەمێنێتەوە .. پاشان بە دەنگێکی ڕوون چرپە چرپێک ئەکات ...}}

ئەو : ئەمە مەعقولە ؟

{{ پلیکانەیەک دێتە خوارەوە .. تۆزێک ئەوەستێت ..ئاورێک لەدەرگای گۆڕستانەکە ئەداتەوە و ئەچێت بۆ پشکنینی .. دەستی تێوە ئەدات .. بە لەپی دەست پیایدا ئەکێشێت .. هەوڵ ئەدات بقیژێنێت ..}} :

ئەو : هێی .. داواکاری گشتی .. داواکاری گشتی (سەدای دەنگی خۆی لە گۆڕستانەکەدا ئەبیستریت) بێسوودە .. کەس دەنگم نابیستێت .. (بە لای گۆڕستانەکەدا لا ئەکاتەوە ..بە پەنسەوە پلەیەک لە پلیکانەکان دێتە خوارەوە .. پاشان پلەیەکی تر .. ئینجا ئەوەستێت ..ئاوڕ لە دەرگاکە ئەداتەوە .. سەیرێکی گۆڕستانەکە ئەکات .. دەست ئەبات بۆ تاجەگوڵینەکەی سەری و دایئەگرێت و لێی ورد ئەبێتەوە ..پێئەکەنێت ..ئەیکاتەوە سەری .. لە شوێنی خۆیەوە هاوار ئەکات) : ئێوارەتان باش مردووەکان !

(پێئەکەنێت .. لە جووڵەیەکی شانۆییدا، چەند پلەیەکی تر ئەچێتە خوارەوە .. جارێکی تریش هاوار ئەکات) : پادشا بەڕێوەیە..! دەسا هەستنە سەر پێ ..(تاجە گوڵینەکە لەسەری خۆی ئەکاتەوە و بۆ هەوای تور هەڵئەدات و بە چاو سەیری دەکات تا بزانێت ئەکەوێتە کوێ ، تاجە گوڵینەکە ئەکەوێتە سەر یەکێک لە تابووتەکان ... ئیتر ئەمیش بە پلیکانەکاندا شۆڕ ئەبێتەوە هەتا ئەگاتە سەر ئەرزی گۆڕستانەکە و لەوێدا ئەڵێت) : ئەی قەدیسی نوستووی نێو تابوتەکەی خۆی ؛ ئەوەتانێ من تاجەکەمت پێئەبەخشم ، تۆش لێمی وەرگرە و .. با قەزاوەت بکەین ..

(پێئەکەنێت و پاشان ڕوو ئەکاتە تابووت یان نەعشی ژنەکەی و لە تەنیشتیەوە ئەوەستێت) .. بەڵام تۆ .. ئەی شاژنەکە ..بنوو و چاوان لێک بنێ ..(بە دەوری تابوتەکەدا ئەسووڕێتەوە) بڕوانە.. لەسەر نەعشی پیرۆزت چ خوان و سفرەیەکیان بۆ مردنێکی بەختەوەرانە ڕازاندۆتەوە .. نان و ، گۆشتی ئاسکی ڕاوکراو .. سێ کۆتر .. میوە و شووشە شەرابی حەوت ساڵە *[[ سەرنجی وەرگێر : لێرەدا شەرابی حەوت ساڵەم لە بەرامبەر – خمر معتق- بەکارهێناوە کە بە مانای شەرابی کۆن و گەڕاوە دێت ..وەرگێر ]].* ئەو دەمەشی مۆمەکان هەڵئەکەم ، ئەو دەمە زەماوەندەکە دەست

پێئەکات .. (دەست ئەکاتە ژماردنی مۆمەکان) ئێی شاژن ، بیست مۆم .. بیست دانـە .. پـاش ئـەوەی هـەموویـان ئـەسـووتێن و ئـەتوێنـەوە ، ئیتـر تـاریکیی دێـت و خۆشەویستیی دەست پێئەکات..(پێدەکەنێـت) .. ئـەو دەمـەی هـەموویـان سـووتان و تەواو بوون .. ئیتر تۆ ئەی خانمی عیشق ، تۆ ! جەستەت بۆگەن ئەکـات و دەسـت ئەکاتە هەڵوەرین .. وای چ شوورەییەکە ؛ جەستەت پـڕ پـڕ بیێـت لـە کـرم و کـێم و زوخاو .. ئەوسا منیش بێم و بەحەسرەتەوە لە تەنیشتتەوە دابنیشم و شەرابـی خـۆم بخۆمەوە و تاجەگوڵینەکانم بخۆم ... (بە دەسـت ئـەکێـشێت بـە تابووتـەکـەدا) .. دە هەستە .. لە مەجد و سەروەریی خۆتەوە بەئاگا بـێ و وەڵام بـدەرەوە .. ئـەوەتـانێ منیش لەگەڵتدا نێژراوم .. ها.. ئێستا ئاوا بەختەوەریت ؟ هیچ لـە جوانییـەکـەت زیـاد بوو ؟ بڵێیت ئەم مردنەی من کە تۆ بە ئاواتت ئەخواست ، لەم ئارامبوونە پیـرۆزەت و ئەم فەنابونە جوانەی خۆتت ڕزگـار بکـات ؟ .. (خـۆی ئـەدوێنێـت) .. بـەسـە هـەی لێووکی غەدرلێکراو .. برۆ بـەلای یـەئـسی خۆتـەوە و نـەخـەڵـەتاییـت دەسـت بـۆ حورمەتی ئەم ڕۆحانە بیەیت .. حەزەر لـە مـردووەکـان بکـە .. تـۆش ئـەی خـانمی ڕاکشاوی نێوتابووتەکەی خۆی ؛ لێم ببوورە ... چونکە من ناخوازم بمرم .. بۆیـە لـە پێناوی ئەمەشدا ڕەنگە دووچاری ڕەزالەت بم ... (چەند هەنگاوێک ڕێئەکـات) مـەرگ ئەوەتا لە هەموو شوێنێک .. لە نێو دیوارەکاندا .. لـە زەویـدا.. لـە مـەرمـەڕ و .. لـە تەختەی تابوتەکاندا.. ئەها ، گوێم لـە ویـزەی بـاڵی مێـشێکی وەهمییـە .. لـە خـۆمی دەرئەکەم ، کەچی ناتوانم .. مێشێکە دێتـە نێـو ڕۆحـەوە و دزە ئـەکاتـە نێـو نـان و میوەکانەوە و بۆگەنیان پێئەکات .. (سێوێک هەڵئەگرێت) ئـەم سـێوە دوای تـۆزێکی تر مردار ئەبێتەوە (پێئەکەنێت) لاشەی سێوێک ... (نانێک هەڵئـەگرێـت) ئـەمـە نانـە ڕەقێکە ... نانی مەرگ ... مەرگ و نان و شەراب ... (یەکێک لە شەمعەدانەکان بـەرز ئەکاتەوە) گەر ئەم مۆمە بکوژێتەوە ئیتر یەئس ئەم ناوە دائەگرێت و هـەمـوو شـتێک دەمرێت (تەماشای مۆمەکەی دەستی ئەکات) بڵێیت تۆ دواهەمین سـیمبوڵی هیـوا بیـت کە بمێنیتەوە و بە کوژانەوەشت ئیتـر مـن بمـرم ؟ بیـست مـۆم .. بیـست سـەعـات

ئومێد.. خۆ شقارتەشی لێ نییە ، ئەبێت مۆمێک ، مۆمێکی تر داگیرسێنێت .. هەتا هەموو شتێک کۆتایی دێت .. (هەوڵ ئەدات مۆمەکە لەسەر تابوتەکە ڕاگیر بکات) بەڵێ، ئا لێرەدا ڕاگیربە و ڕووناک بەوە...بەڵام لەسەرەخۆ .. بەرە بەرە بسووتێ .. چونکە بە کوژانەوەت ئەبیتە باعیسی کوشتنم و منیش لێرەدا کەسێکی شیاوم بۆ مردن (لە پرێکدا هاوارئەکات) بەڵام من نامرم .. ڕەنگە شێت بیم ..بەڵێ .. شێت بم ، بەڵام نامرم .. دوای دوو ڕۆژ ئەو دێت ، ئەو کەسەی دەرگاکە ئەکاتەوە و دەربازم ئەکات .. گوێت لێمە هاوسەرەکەم .. ئازیزەکەم .. تەنها دوو ڕۆژە و هیچی تر (بە دەنگێکی شکاوەوە) وای لە خۆم ، منی غەدرلێکراو و زەلیل لە تابوتێکی بەتاڵ ئەچم .. زەلیل و تەنیا .. لەم تەنیاییەشدا لە دەنگی خۆم زیاتر هیچی تر نابیستم .. بێهوودە هاوار ئەکەم و ئەمەوێت لە کوڵ هەرا و زەنای خۆم بیمەوە بەڵام ناتوانم ..سەرەڕای ئەوەش ماندوم و لە دوێنێ شەوەوە نەخەوتووم و ئەترسم و ژانەسەریش کەللەی پڕ کردووم ... ئەی ئێوە مردووەکان ؟ ئێوە تووشی ترس و دان ئێشە و ژانەسەر نابن ؟ ئەی تۆ خانم ؛ ئێستاش ددانی خرێت ئازارت ئەدات ؟ ئەو خرێیەی کە پزیشکەکە دوێنێ بەیانی لەبەردەمی خۆمدا بۆتی چارەسەر ئەکرد و تۆش بۆ ئەوەی ئازایەتیی خۆت بنوێنیت ، قیژەی ئازارەکەیت گل ئەدایەوە و لە ژێر زمانتدا ئەتشاردەوە .. ئەو خرێیە ئارام بووەوە و ژیانیشی پێوە ئارام بووەوە .. ئێستا هیچ شتێک ئازارت نادات .. کێ ئەزانێت ؟ ڕەنگە ئەوەی لە ئێستادا بۆتە مایەی ئازاردانت ئەوە بێت کە جەستەت بۆگەن ئەکات و ئیتر ئەئاوسێیت و لەش و لار و لەنجەی جوانت لە دەست ئەدەیت .. تەنانەت من ئەوە ئەخوازم ... (لە پڕ قسەکە بە خۆی ئەبڕێت و ئەکەوێتە خۆ دواندن – وەرگێڕ) ئای چ کارەساتێکە.. ئەم ژاوەژاوەی خۆت ڕاگرە ئەی لێبووکی نێو مردووان .. بیر لەوە بکەرەوە ئایا دوای دوو ڕۆژ ئەو پیاوە بە ڕاستیی دێت و دەرگاکەت لەسەر ئەترازێنێت ... ئازیزم تۆ چیی ئەڵێیت ..بڵێیت بێت ؟ یان بەڵێنەکەی خۆی ئەشکێنێت ؟ .. (هاوار ئەکات) بەڵێ، دێت ... فریادڕەس دێت ئەی ژنەکەم .. دێت و بۆنی ژیان لە هەموو جەستە و

ڕۆحی من ئەکات .. ئا .. هیچ چارێکی تری نییە هەر ئەبێ بێت ... کە وادەی هاتنی هات ، بانگی ئەکەم و ، ئەویش دەرگاکە ئەکاتەوە .. تەنها دوو شەوە و ئیتر ڕووناکی لەو دەروازەیەوە ئەبینم .. گوێم لە دەنگی ئەبێت ئەو دەمەی بانگم ئەکات و لەم مۆتەکەیەم ڕزگار ئەکات ...(بە هەناسەبڕکێوە ڕائەوەستێت ..چەند هەنگاوێک ئەنێت) تەنها دوو شەو ... ئەو پیاوە بەڵێنەکەی خۆی لە ڕۆحما جێ هێشت و ڕۆیشت .. ئێستا ئەو لە ئامێزی ژنەکەی خۆیدایە و ئەیەوێت قەناعەتی پێبکات کە مەرگ و شەهوەت نرخی خۆیان هەیە و ، دواتریش بەڵێننامە فریودەرەکەی خۆی ئەنووسێ و ئیتر ئەوەی لە بیر ئەچێتەوە کە ئەبێت دوای دوو شەو بێت و دەرگاکە بکاتەوە .. (ئەکێشێت بە نەعشەکەدا) ئەزانم .. من ئەزانم کە ئەو نایەت .. (کەسێکی وەهمیی ئەدوێنێت) .. تکات لێئەکەم مەمخەڵەتێنە .. خۆت باش ئەزانیت کە ناتوانیت بمخەڵەتێنیت ... باش باشیش ئەزانیت کە من نەمئەویست بمرم .. لە سەروو ئەوانەشەوە خۆت ئەزانیت من بەرگریی ئەکەم و ئەگەر بە دەست و ددانیش بێت ڕێگە بۆ ژیانم ئەکەمەوە .... دەی ، بڵێ دێم .. جارێکی تر بیلێرەوە .. بیلێرەوە بۆ ئەوەی لە بیرت نەچێت ... بۆ ئەوەشی دڵخۆشیی و متمانەم بدرەوشێنەوە ... هەروەها تۆش شادمان ئەبیت .. ئەی تۆ بەختەوەر نیت بەوەی کە ببیتە باعیسی ئەوەی ژیان بە ئینسانێک ببەخشیت .. وەک خوات لێبێت ... ئەستەغفیرەڵڵا ..پیاو نابێت هێندە سپڵەیی بنوێنێت ئەو دەمەی لەسەر لێواری مردنە.. ئەوە جوامێریی نییە بۆ پیاو لە نێو گۆڕستاندا کفر بکات ... چونکە ئەشێت مردووەکان گوێیان لێی بێت و ئەوسا دڵیان پڕ ببێت لە ڕق و کینە ..دەی گەورەم وەرە لە گەڵمدا ڕێک بکەوە .. تۆ ئەگەر من بگێڕیتەوە بۆ ژیان ، ئەوا ئەبیتە کەسێکی سەروەر و ئەو کاتە هەموو ترپەکانی دڵم نوێژ بۆ تۆ ئەکەن .. چ شاکارێک ئەگاتە ئەوەی تۆ ژیان ببەخشیتە کەسانی تر .. لەوەش بێماناتر نییە کە لە نێوانی ژیان و مەرگا لە کەسێک بڕوانیت و بە خۆت بڵێیت ئەگەر من نەبوومایە ئەو کەسە ئێستاکە زیندوو نەئەبوو.. ئەبێ جیاوازیی لە نێوان هەستی کەسێک کە ژیان ببەخشێتە خەڵکی و کەسێک کە ژیان لە

خەڵکی بسەنێتەوە چیی بێت ..! تۆش ژیانم بۆ بگێڕەوە .. لە واندەکەی خۆتـدا وەرە و .. دەرگاکە بکەرەوەو لەدەست ئەم مۆتەکەیەم ڕزگارکە ... ئەگینا وا هەستئەکـەم کە زۆر گێل بووم ئەو دەمەی متمانەم پێکردیت و ئەو هەستکردنەشـم ئـەمکوژێـت .. کە بیرت لێ ئەکەمەوە چۆن منت بەزاند لە کاتێکدا نە لـە مـن بـەتواناتریـت و نـە لـە منیش چاکتریت ، ئەو بیرکردنەوەیە ئەبێتە گینگڵدان و ئەمکوژێت ... (سـەری خـۆی ئەگرێت) ئاخ لە دەست ئەم ژانەسەرە .. (لە تەنیشت تابوتـەکـەوە دائـەنیـشێت) ئـا.. ئەبێت ئارامیی و سادەیی قەدیسێکم هەبێت ... کامیان زیاتر پـڕە لـە میهـرەبـانیی ؟ مەرگی کتوپڕ .. یاخود مەرگی لەسەرەخۆ ؟ ئەبێت کەسـێکی وەک مـن چـەنـد ڕۆژی بوێت هەتا ئەمرێـت ؟ حـەوت ڕۆژ ؟ دە ڕۆژ ؟ بیـست ... وای چـەنـدە ناشـیرینە کەسێک چرکە بە چرکە بمرێت و لە هـەر چرکـەیـەک لـە چرکـەکـانـی ئـەو بیـست ڕۆژەشدا ئاگای لە مردنەکـەی خـۆی بێـت و ... لـە سـەروو ئـەوەشـەوە هـەوڵبـدات چرکەیەکی تازەی بۆ زیاد بکات ... ئەبێت ئەوانەی پـێش مـن چـۆن مـردبێتن ؟ چ عەزابێکیان چەشتبێت ؟ چ قەهرێک .. هـەتـا بـەر ڕەحمـەتـی دوا سـاتەکـانی مـەرگ کەوتوون و ، لە هۆش خۆیان چوون و ئیتر مردوون ؟ بڵێـی خـودی فریـشتەکـان ، بڵێیت شەیتان، بڵێیت ئەمانە بتوانن مەرگێـک بخـولقێنن ناشـیرینتر لـەم چـەشـنە مەرگەی کە مرۆڤ بە ناوی خۆشەویـستییەوە دایهێنـاوە ؟ دە ڕۆژ ... بیـست ڕۆژ و تیایدا مرۆڤ لە ئاکامی هەستکردن بـە تـەنیـایی و تـرس و نامـاقوڵ و شـێتبوون و تینوێتیی و برسێتیی و ڕق و کینە ، بەڵێ ڕق و کینە بمرێت .. ئاخر چۆن ئەکرێـت مرۆڤێک لەم گۆڕستانەدا بە هێمنیی بمرێت بە بێ ئەوەی لە دوا سـاتەکـانی ژیانیـدا پڕ نەبێت لە ڕق و کینە بەرامبەر ئەو شارستانێتییەی کە ئیجباری ئەکات بەم شـێوەیـە بمرێت ... بەڵام من .. ئەگەر قەدەرم وای هینا کە لێرە بمرم .. ئەوا سوێند ئـەخـۆم ، بەڵێ سوێند ئەخۆم ئەی ژنەکەم . ئەی شاژنە شێتەکە .. سـوێند بـۆ تـۆش ئـەخـۆم ئەی داواکاری گشتیی دوورگەی بتەکان .. سوێند دەخۆم کە من لـەتـاو برسـێتیی و شێتبوون نامرم .. لە ئاکامی ترس و وڕێنـە و تینوێتییـدا نـامرم ... بـەڵام تـۆ ئـەی

داواکاری گشتی ، تۆ هەر ئەبێت بێیت .. ئەگەر ژیانت خۆش بوێت ئەوا هەر دێیت ، لەبەر هیچ نا ، هەر لەبەر ئەوەی داکۆکیی لە ژیانی خۆت بکەیت ..(هاوار ئەکات) بۆچی ؟ ئەم هەموو سەخافەتە بۆچی ؟ .. حیکمەتی داهێنان لە خولقاندنی ئەم کابوسەدا چییە ؟ کێ سودمەندە لێی ؟ ئاخر چ مانایەک لە پشت چێژوەرگرتن لەم تاوانەوە هەیە ئەو دەمەی تۆ ئەمریت و ژیانیش چەند هەنگاوێک لێتەوە دوورە ؟ (ئاماژە بۆ سەرەوە ئەکات) ئەوەتا ، ئەوە مەسافەی نێوان ژیان و مردنە .. تەنها چەند پلیکانەیەکی مەرمەڕ و ، پاشان دەرگایەکی ئاسنین و قفڵێک و ...ئیتر هەموو شتێک کۆتایی دێت ... ئەوەی من پێویستمە تەنها ئاودیوبوونە لەم دەرگایەوە .. گرفت دەرگاکەیە.. هەر هێندە لێوەی بچمە دەرێ ، ئیتر جاریکی تر ئەبمەوە ئینسان .. من دنیایەک پرۆژەی خۆمم هەیە ... هەی گێلینە ! من هێشتاکە پڕم لە ژیان ! سینەم گەنجینەی خولیاکان و سەرم پڕە لە خەون ... خۆ گەر بشتانەوێ ، ئەوا ئەشتوانم گەنم بچێنم .. بیرێک لێدەم یان کچێک تاو بکەم .. یاخود منداڵ لە پشتی خۆم بخەمەوە .. ئێوە بڕوانن .. بزانن چ تاوانێکە . بەڵێ چ تاوانێکە ئێمە بوونەوەرێک بکوژین کە لە توانایدایە ژیان و هێزی زیاتر ببەخشێتە وجود .. تەنانەت ئەگەر بە قەد تاڵە موویەکیش بێت.. دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا بیرم لە دروستکردنی خانوویەکی تازە ئەکردەوە ..بیرم لەوە ئەکردەوە کە چۆن خۆم سەرقاڵی چەندین پرۆژە بکەم ...هەندێک پارەشم پاشەکەوت کردبوو بۆ ئەوەی چەند کتێبێکی پێبکرم و بە باقییەکەشی دیارییەک بۆ تۆ بکرم ئەی شاژنی مەرگ .. هەمووی چەند سەعاتێک بەسەر ئەوەدا تێنەپەڕیوە ...(ئەوەستێت) ئێستا چۆن بتوانم لەبارەی زەمەنەوە قسە بکەم ؟ ئەبێت ئێستا سەعات چەند بێت ؟ ئای لەم ترسە ... من نازانم ! ئەوەی ئەیزانم ئەوەیە ، کە ڕێوڕەسمی جەنازەکە دەستی پێکرد و کەژاوەکە لە سەعات چواردا کەوتە ڕێ ... باشە .. باشە کەواتە ئێستا سەعات چەندە ؟ ئەبێت چەند سەعات بەسەر بەڕێکردنی جەنازەکەدا تێپەڕیبێت ؟ ئەبێت لە کەیەوە من لەم گۆڕستانە ترسناکەدا بم ؟ ئای چ کارەساتێکە .. زەمەن وازی لە

چرپێتیی خۆی هێناوه .. ئەوه نییه من هەتا ئێستاش نازانم و ئاگام له كـات نییـه ... تەنانەت ناتوانم پێشبینیی ئەوەش بكەم ئایا كات شەوه یان ڕۆژ ؟ ئاخر چۆن بـزانم ئێستا شەو بەسەردا هاتووه یان تۆزێكی تر ئەبێته شەو ؟ ئەی باشـه ئـەگـەر شـەو هات و پاشان به دوایدا ڕۆژ بووەوه چۆن بزانم ئیتر خۆر هـەڵهـاتووه و خـەڵكـیش چوونەته سەر كارەكانیان ؟ ئەوه بۆ خۆی مردنه .. بەڵـێ مردنـه ئـەو دەمـەی ئیتـر هەستكردن به زەمەن نامێنێت .. ئەو دەمەی سەعاتێك ئەبێته ڕۆژێـك و ، ڕۆژێكـیش ئەبێته سەعاتێك ... (كەمێك ئـەوەسـتێت و پاسـان بـه تـۆنێكی تـازه دەسـتئەكاتـه قسەكردن) .. ئێستاش .. ئەوەتانێ فرۆفێڵ و دڵڕەشییەكەت دەركەوت ئـەی جـەنـابی داواكاری گشتی قین لەدڵ .. تۆ لەوه سوودمەند بوویت كه من شارەزایی كەمم لەگـەڵ مردندا هەبوو .. زۆر به سادەیی پێت وتم : دوای دوو شەو دێم ... هەی جینایەتكـار .. كەواته تۆ ئەوەت چاك ئەزانی كه هەر به شۆڕبوونەوەم بۆ نـاو ئـەم تاریكییـه ، ئیتر ناتوانم شەووڕۆژ لێك جیابكەمەوه و.. له چاوەڕوانیی بەڵێنەكـەتـدا ئیتـر تـەواو ون ئەبم و بەسەربردنی ڕۆژێكی وەك ئەمڕۆ ئەمكرۆژێت و ئیتـر نـاتوانم شـتەكـان لەیەكتر جیا بكەمەوه .. ئیتر وام لێدێت ، ئەگەر بۆ ماوەی یەك سەعـات چـاوەڕوێـت بكەم ، وای حساب بكەم كه یەك ڕۆژه .. یاخود چەند ڕۆژێكه و .. تەنانـەت گومـان بكەم لەوەی كه به تەنها سەعاتێكه له تەمەنی چاوەڕوانیی .. وای ئەمـه چ عـەزابێكـه و .. له پای چییدایه ؟ له پێناوی هیچدا .. له پێناوی لاشەیەكدا كـه چـەنـد سـەعاتێـك پێش ئێستا بریتی بوو له جەسته و ڕۆحی ژنەكەم .. ئەو ژنەی كه خۆشم ویـست .. بەڵام من تەسلیم نابم .. (لەگەڵ خۆیدا قسه ئەكات) .. لاواز مەبه .. ڕێگه مەده بیـر و خەیاڵاتی خۆت زەفەرت پێ ببەن و توانای بیركردنەوەت لـێ زەوتكـەن .. بـەوپـەڕی توانای خۆتەوه بیر له وجود بكەرەوه .. ئەو كاته پەی به وجود ئەبەیت كـه هـەسـت بكەیت تۆ بوونت هەیه و هەروەها هەست به شتەكان ئەكەیـت .. هـەسـت بـه ژان و برسێتیی و هیلاكیی ئەكەیت .. بەسەر گومانەكانتدا زاڵ به و .. به متمانـەوه وەڵامـی هەموو ئەو پرسیارانه بدەرەوه كه ئازارت ئەدەن ....!

ئەوە چ شتێکی زەمەنە دووچاری دڵەڕاوکێت ئەکات ؟ ئەبێت ئێستاکە سەعات شەش بێت و لەدەرەوە خۆر ئاوا بووبێت .. (پێئەکەنێت) ئای کاتی خۆی چەندە لەم کاتی سەعات شەشە نارەحەت ئەبووم .. چونکە کات نە شەوە و نە ڕۆژ .. (قسە لەگەڵ نەعشی ژنەکەی ئەکات) کەچی تۆ .. ئەو دەمانە مەیلێکی شێتانە بۆ خۆشەویستیی دایئەگرتیت .. هەزاران جاریش پێموتوویت ئەوە بێزارم ئەکات ..بێزار ... (لە نەعشی ژنەکە نزیک ئەبێتەوە) ئێستاکە ئەوەندە موحتاجی ئەوەم سەری نەعشەکەت هەڵدەمەوە و لە ڕوخسارت بڕوانم .. ئەوەندە بە حەسرەتەوەم کە بتبینم مردنێکی تەواو مردوویت .. (هەوڵ ئەدات سەری نەعشەکە هەڵبداتەوە) بەڵام ئەوان ئەم خواردنەیان لێرەدا داناوە.. وای لەم ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەیە .. وای لەم مەیلە سەیرەی کە بەرەو گاڵتەجاڕییەکی ڕەشم ئەبات .. بەڵام نامرم هەتا سەیرێکی ڕوخساری تۆ نەکەم .. بەرگەی ترس و ورێنە ئەگرم و ، تابووتەکە ئەکەمەوە و ئەوسا سیمات ئەبینم چۆن چۆنی مەرگ زەفەری پێبردووە ... بەڵێ سیمات ئەبینم چۆن دەست ئەکاتە بۆگەنکردن و گۆناکانت چۆن ئەئاوسێن و چاوەکانیشت چۆن دەرئەپەڕێن ... (لە پڕ هاوار ئەکات) .. ئای .. بۆچی ؟ ئەم هەموو شێتبوونە لە پای چی ؟ ئەم هەموو ڕق و کینەیە بۆچی ؟ (باوەش دەکات بە تابووتەکەدا) بمبەخشە .. با هەموو مردووەکانیش بمبەخشن .. کاتێک دێت منیش تیایدا بمرم و دیمەنی دوای مردنم دیمەنێکی ناشیرین ئەبێت ... لێم ببوورن .. من کەسێکی بەخشراوم .. هەروەها تۆیش .. میهرەبان بە لەگەڵم.. تۆ بۆ خۆت ئەزانیت کە دادامەکی مردوویت، ئیتر من ناتوانم خۆشم بوێت .. بێگومان تۆیش ناتوانیت منت خۆشبوێت.. ئەوانەی لە ژیاندا خۆشەویستیی ئەکەن ئەگەر لە کاتی مردنیشدا خۆشەویستییان بکردایە ، ئیتر هیچ گرفتێک دروست نەئەبوو.. بەڵام ئاخر مردووەکان کەی ئەتوانن عاشق بن و؟ چۆن چۆنی عاشق ئەبن ..؟ ئەی بڵێیت زیندووەکان بتوانن عیشق لەگەڵ مردووەکان بکەن ؟ یان بڵێیت مردووەکان عاشقی زیندووەکان

بن ؟ ... ئەم پرسیارانە لە پـای چیـی ئـەکـرێن ؟ کـێ ئـەیانکـات و .. کـێ گوێیـان لێئەگرێت و ... کێ وەڵامیان ئەداتەوە؟ ئەی بۆچی پێویستە پرسیارگەلێکی وەها بێنـە ئاراوە ؟ ئەی وەڵامەکان لەپای چیی هەبن ؟ (خۆی ئەدوێنێت) تۆ بارگیریـت .. بریـا هەر بە ڕاستیی بارگیر بویتایە .. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ئەو بارگیرەیـت خـاوەنـی کۆمەڵێک پرسیاری خۆتیت .. هەمو گرفتەکەش ئەوەیە کە تۆ پرسـیار ئـەکـەیـت .. کەواتە واز لە پرسیارکردن بێنە .. بۆ هەتا هەتایە بێدەنگ بە .. ئیتر ڕێگەت پێنـادەم هیچ پرسیارێک بکەیت... خۆت بە سەرکەوتن تاقی بکەرەوە ئەویش بـەوەی کـە بـە گەورەیی و شکۆی خۆتەوە بڕوانە هەموو شتێکی ناو ئەم گۆڕستانە .. بە خۆت بڵـێ تۆ ؛ ژیان تۆی ! ئیتر هەموو شتێکی تری ئێـرە ، جگـە لـە تـۆ ، مردنـە ! کـەواتـە گەشتی خۆتی تێدا بکە.. وەک چۆن ئەکەویتە تەیکردنی ئەتڵەسێک یـان ئـەلبومێـک، ئاواش ئەم شوینە تەی بکە .. دەی هەستە و مۆمەکەت بگـرە دەسـتەوە و وەک هـەر کەسێکی جیۆلۆجیست بکەوە گەڕان و هەر شتێکت بـەردەسـت کـەوت بـە تـەواویـی بپشکنە و پاشان لە مێشکی خۆتدا تێنیی و دەرەنجامەکانی پسکنینەکەت تۆمار بکـە .. (مۆمەکە هەڵئەگرێت) ... ئـا ... چاکـە .. لێگـەڕێ بـا ژمـارەی تابووتـەکـانی ئـەم گۆڕستانە بژمێرم ..چونکە ئەوە وا لە شتەکان ئەکات کە زەمـەنێکیـان هـەبێـت و.. تەنیایی و سەرسوڕمان نەمێنن .. (چەند هەنگاوێک ڕێ ئەکات و لەیەکەمـین تـابووت نزیک ئەبێتەوە .. دەست ئەبات بۆ کتێبێک کە هەر لەوێدا ئەیدۆزێتەوە) .. ئەمە چییـە .. کتێبە ؟ کتێبێک لە گۆڕستانێکدا ؟ ئەم قسەیە لـە مانـشێتی هـەواڵـی ڕۆژنامـە یـان ناونیشانی ڕۆمانێک ئەچێت .. ئەم ناماوە بە کتێبەکەیەوە هاتۆتـە ئێـرە وەک ئـەوەی کەسێک کتێبەکەی لەگەڵ خۆی بۆ گەشـتێک هێنابێـت.. ئـەم هێنـاوێتی هـەتـا بـەدەم چاوەڕوانیی مەرگەوە تەسەللای خۆی پێبداتەوە .. سەری ڕێز و نەوازش بۆ میزاجـت دائەنەوێنم ئەی گەورەی کۆچکردووم .. هەبێت و نەبێـت ، تـۆ کـەسـێکی دەگمـەن و مەزنیت ، دادەکی بەم هەموو بێدەنگیـی و ویقـارەوە توانیوتـە بـەدەم چـاوەڕوانیـی مردنەوە کتێبێک بۆ خوێندنەوە هەڵبژێریت ..(پێئەکەنێت) ڕێک وەک هـەنـدێک لـەو

کەسانەی کە بەدەم چاوەڕوانیی فەحسی پزیشکەوە یان ئەوانەی بەدەم چاوەڕوانیی دەستپێکردنی موحازەرەیەکەوە خۆیان بە خوێندنەوەوە سەرقاڵ ئەکەن... سەری ڕێزت بۆ دائەنەوێنم گەورەم.. دڵنیاشم تۆ کەسێکی هێندە دڵنشینیت ، تا ئەو ڕادەیەی ژنانی غەریب زوو عاشقت ئەبن .. سوێندیشت بۆ ئەخۆم کە ئەگەر لە ژیانمدا ڕێکەوتی تۆم بکردایە ، ئەوا بە دڵنیاییەوە و بۆ تەسەلا و ڕابواردن تۆم ئەکردە برادەری خۆم.. (جارێکی تر پێئەکەنێت) بە کتێبەکەیەوە هاتۆتە گۆڕستان .. وەک ئەوەی بۆ سەیران هاتبێ .. بەڵێ ، دوای ئەوەی دەرگای گۆڕستانەکایان لەسەر داخستووە ، ئیتر مۆمەکەی داگیرساندووە و بە ڕاکشانەوە دەستی کردۆتە خوێندنەوە .. (پێئەکەنێت) تۆ مەزنیت گەورەم .. لەوەش مەزنتر ئەوەیە تۆش یەکێکیت لە ئێمە .. بەڵێ ئێمە ، ئەو کەسانەی کە ئیمزای بەڵێننامەکەمان کردووە .. بەڵێنی ئەوەی ئەگەر ژنەکەم مرد ئەبێت منیش لەگەڵیا بمرم ..(پێئەکەنێت).. مەسەلەکە ڕوونە (پێئەکەنێت) زۆر ڕوونە .. هەموو شتێکیش حساب و کتابی خۆی هەیە .. تۆش گەورەم ژنەکەتت خۆشویستووە، لەلای خۆتەوە خۆشتویستووە .. سوێندیش ئەخۆم کە ژنەکەت ژنێکی نالەبار بووە و ئەزیەتی ئەدایت .. گوزەران لەگەڵیا زۆر لەسەر ژیان و کارەکەت کەوتووە .. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا هەر ژنێکی چاک بوو.. تۆ تێم ئەگەیت .. بەڵێ ، ژنەکەت ، ژنێکی چاک بوو بەدەر لە وێناکردن و بۆچوونی هەر گوێدرێژێک لەو گوێدرێژانەی ڕەخنەیان لێئەگرتیت .. ئەوانە کەرن ..کەر.! ئەوە بە تەنها خۆتیت کە ئەزانیت نهێنیی بەختەوەرییت لە کوێدایە.. ڕاستییەکەی گەورەم ، ئەم کتێبەیە .. هەر ئەم کتێبەیە لە گۆڕستانەکەدا .. ئەم کتێبە و هیچی تر .. تۆش بەدەم چاوەڕوانیی مردنەوە ڕاکشاویت و مۆمەکەش لە تەنیشتتەوەیە .. (پێئەکەنێت) گەورەم ، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر دەگمەن و نایاب و هەتا ئەوپەڕیش دڵگیرە .. من ئەمویست ناوی پاڵەوانت بەسەردا ببڕم ، بەڵام پاڵەوانێتیی هێندە سووک و ئاسان نییە ... گەورەم سەبارەت بەم کتێبەش ، ئەوە بۆ خۆی داهێنانە کە مرۆڤ بەدەم مردنەوە کتێبی بەدەستەوە بێت و بیریشی سەرقاڵ بێت ئەو

دەمەی کۆتایی دێت .. ئەبێ ئەمە چ کتێبێک بووبێت کە بەر لەمردن خەریکی خوێندنەوەی بوویت ؟ (مۆمەکە نزیک ئەخاتەوە و ناونیشانی کتیبەکە ئەخوێنێتەوە)
..بەڵام نەء .. ئەم کابرایە گێلەپیاو نییە ماناماکی کتێبێکی وەک ئەمەی هەڵبژاردووە
... .. نە گێلە و ، نە شێت ..

ئەوەی هەڵبژاردووە کە پێویست بووە هەڵی بژێرێت ... کتێبی پیرۆز .. (کتێبەکە ئەگرێت بە سنگییەوە و رێ ئەکات و قسە ئەکات) .. لە پێناوی ئەوەدا هێناویەتی کە ئازا بێت و کاتی تەسلیمبوونی بە تەنیا نەبێت ... بە دڵنیاییشەوە ، ئەم کابرایە هەتا ئەودەمەی مەرگ ئامبازی بووە هەر خەریکی خوێندنەوە بووە .. باشە بۆچی ئەبێت پیاو بووبێت ، ئەی بۆچی ژن نەبووبێت ؟ .. ئەمە هەر لە سەلیقەی ژن ئەوەشێتەوە .. ئەوە هەر بە تەنها ژنە کە توانایەکی وەها بێوێنەی هەیە لە بەلاوەنانی یەئسدا .. ئای چەندە حەزئەکەم سەرپۆشی سەر نەعشەکە لابدەم و تەماشا کەم و بزانم ئاخۆ مردووەکان لەیەکتر ئەچن .. (ئەنوشتێتەوە) سڵاوم بۆ سەلیقەی ژنێتیت خانمەکەم ... لێشم ببوورە .. من ئەو پیاوەم بە درێژایی ژیانی بێ سەلیقە بووە .. ئەی ئەوە نییە بە هۆی ناتەواویی سەلیقەیەوە ئیجباری مردن ئەکرێت .. (قاقا پێئەکەنێت) بەڵام بەڵێن بێت خانمەکەم .. تۆش گەورەم بەڵێن بێت .. ئێوەش ئەی مردووە بەرێزەکان ؛ بەڵێن بە هەر هەمووتان ئەدەم کە من نامرم.. ئەشبینن .. بەڵێ ئەشبینن ... من بە چاکیی هەست ئەکەم کە ئێوە چاودێریم ئەکەن ... چاوی برسییتان بە عەزرەتەوە ئەبڕنە ئەوەی بزانن چیی ئەکەم .. گرەو لەسەر ئەو ساتە ئەکەن کە تیایدا هارە ئەکەم .. زەلیل ئەبم ..سکە خشکێم پێئەکەوێت .. ئەگریم و ئەپاڕێمەوە و زەویی بە نینۆک هەڵئەکەنم .. (هاوار ئەکات) نا.. ناهێڵم ئاوا بەختەوەربن.. تابووتەکانتان پڕ ئەکەم لە پەشیمانیی و ڕق ئەو دەمەی کە ئەبینن چۆن ئەم ماڵە ترسناکەتان جێئەهێڵم ... بە زیندوێتیی جێی دێڵم و دەرگاکەش بە دوای خۆمدا کڵۆم ئەدەم ..(سێوێک هەڵئەگرێ و قەپاڵی لێئەگرێت).. تەماشاکەن .. ئەوەتانێ من زیندووم .. وەک هەزاران مرۆڤی زیندوو .. من بە جۆرێک چێژ لەم سێوە حەرامکراوە ئەبینم .. کە هیچ کەسێکی تری زیندوو یان مردوو لەم کەونەدا نایبینێت .. ئەوەتانی ئەیکرۆژم و چێژ

له شەربەتی خوبایی و بێوێنەی ئەم سێوە وەرئەگرم .. هەست بە فێنکییەکەی لە نـاو دەم و سەری زمانمدا ئەکەم ، وەک ئەوەی یەکەمجارم بێت شتی وا بکەم .. یان وەک کەسێک کـە بۆ دواجار شتی وا بکات .. (بە عەزرەتەوە سێوەکەی ناو دەمـی ئـەکرۆژێـت ... پاشـان ، هەموو ئەوەی ناو دەمی کتوپڕ تف ئەکاتـەوە) .. ئێـوە ئـەزانـن مـن درۆ ئـەکـەم ؟ ئـا .. درۆئەکەم .. تامی ئەم سێوە ئەوەندە ناخۆشە ، لە ژیانمدا سێوی وام نە چەشـتووە .. ئـەم سێوە ، سێوی نە مردن و نە ژیانە .. بۆ نموونە ئەگەر سـوێریش بێـت ، بـەڵام دواجـار وەک هەمو مردووەکان تامێکی هیچ و ناخۆشی هەیە ..(ئەکێشێ بـە ناوچـەوانـی خۆیـدا) ئای چەندە بەدبەختم .. تاکو ڕادەی ئەوەی توانای ئەوەم نەمێنێ کـە بـەختـەوەر بـم لـە چێژوەرگرتن .. توانای ئەوەم نەمێنێـت کـە خۆشـنوود بـم بـە میـوە و گۆشـتی ئاسـکی ڕاوکراو ..؟؟ (کولێرەیەک هەڵئەگرێت و وای لێئەکات کە بە ئـەملاوئـەولای دەسـتیدا شـۆڕ بێتەوە) ... ئەمە لاشەی کولێرەیەکە .. کولێرەیەکی داماو کە لەبرساندا مرد ......

(بەملاوبەولایدا ئەڕوانێت) جگە لەخـۆم ، کـەسـێکی تـری زینـدوو لـەم نـاوە نییـە ، هەروەها جگە لەم مۆمە چاکەش ... (دەست ئەکاتە دواندنی مۆمەکـە) لـەسـەرە خـۆ .. هێواش هێواش .. تۆ هێشتاکە لە هەرەتی تەمەندایت ... کارێکی باش دەکەیت ئەگـەر درەنگ بتوێیتەوە ... تەنها من و تۆین ، ئەی خۆشـەویـستە بـە وەفـا و بیـدەنـگ و لەخۆبوردوو و غەمگینەکە .. تەنها من و تۆین و هیچی تر نا .. (دەست ئەخاتـە سـەر بوتڵێکی شەراب و وەک ئەوەی دەستی ئافەرین بکێشێت بە شانی کەسـێکدا ، دەسـت دەکێشێت بە شەرابەکەدا) بگرە لە هاوڕێ زیاتریشە .. چەند شوورەییە ،

خەریک بوو ئەم هاوڕێیە لە بیر بکەین.. (شەرابەکە ئەخاتەوە سەر دەعشەکە و لەبەر دەمیـا ئەنووشتێتەوە) لە ناخەوە داوای لێبووردن ئەکەم .. (جارێکی تر هەڵی ئەگرێت) .. بمبوورە .. (سەری شەرابەکە ئەکاتەوە) خۆشەویستییم بۆت ... (بۆنی ئەکات) .. لەگـەڵ ئـەویـەڕی ڕێزم .. ڕێم بدە لە ئێستا بەدواوە ئیتر تۆ بکەمە پێوانە .. (لە باوەشی ئـەگرێـت) هـەمـوو شتێک لە تۆوە ببینم .. لە تۆوە بەرگەی زەمەن بگرم .. بەرگەی هەسـتکردن بـە برسـێتیی بگرم .. ئیتر تۆ لـەگـەڵ منـدایت دژ بـە تـرس .. تـۆ پیـاوەتیـیم بـۆ ئـەگـەڕێنیتـەوە ..

(پێئەکەنێت) .. بەڵی پیاوەتییم ئەی مێینە ئەزەلییەکە ...! چونکە مرۆڤ کاتێک ئەمرێت ، پیاوەتیی خۆی لەدەست ئەدات ، هەروەها ژنێتیشی ..! ئیتر ئەبێتە ئاژەڵێک کە ڕەگەزێکی دیاریکراویی نییە ... ئەوساش جگە لە شەراب ، چ شتیکی تر نابێتە فریاد ڕەس بۆی ... (پێئەکەنێت) .. بەڵێ شەراب .. ئەو مێینە ڕاستەقینەیەی کە متمانەی بە خۆی هەیە ... پشوودرێژ و ڕازگر و بەخشندە و بەتوانا و تێگەیشتووە .. لەسەرە خۆیە .. نە بیانووی هەیە و نە توورە ئەبێت و نە گلەیی و سەرکۆنە ئەکات .. (سەری شەرابەکە هەڵئەپچڕێت و بۆنی ئەکات) .. ئەڵڵاهـ ..لەم بۆن و بەرامەیەی کە هەتا سەعاتەکان زیاتر تێپەڕن ، ئەویش خۆشتر ئەبێت .. شەراب ، ئەو کائینەی هەتا زیاتر بە ساڵدا بچێت جوانتر ئەبێت .. تاقە کائینیشە کە لە سێبەر و سەرداب و کەلەکەیییەکاندا زیاتر ئەگەشێتەوە ... (دەست بۆ تابوتەکان ڕائەکێشێت) ئەرێ ئێوە ئاگاتان لە منە ؟ لیک بە لا لغاوتاندا نایەتە خوارێ ؟ ئەی ڕۆحتان بۆ پێکێک ناجۆشێت ؟ ..(قومێک لە شەرابەکە ئەدات) ... پێکێ ... (دەمی ئەسڕێت) .. ئا .. پێکێ بەسە بۆ ئەوەی تینوێتیی ڕۆح بشکێنێت و نەشوەیەکی بداتێ .. (قسە لەگەڵ تابوتەکان ئەکات) .. بە خۆشیتان !! بەخۆشیی ئێوەوە ئەی هاوڕێ گەمژەکان ..(شەرابەکە ئەبات بۆ دەمی) .. بەڵام ئاخر ئەمەی من ئەیکەم ، شتێکی ڕاست نییە .. ئەبێت من لە چاوی ژنەکەم بخۆمەوە .. (ئاماژە بۆ نەعشی ژنەکەی ئەکات) ... یەکەمجار ئەبێت پێک لە چاوی ئازیز بخۆمەوە ، ئەگینا توورە ئەبێت ... ئاخر ئێوە نازانن ئەی مردووەکان ، مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێت ، ئەو کاتانەی ژنەکەم توورە ئەبوو ، ئەو کاتانە جوانتر دەبوو ... ئەو کاتانە بۆن و بەرامەی خۆشەویستییەکی سەیری لێئەهات ، هەر لە بۆن و بەرامەی هەنگ و هەنگوین ئەچوو ... (ژنەکەی ئەدوێنێت)

لە چاوی تۆ ئەی شازادەی مردوو .. (قومێکی گەورە لە شەرابەکە ئەدات .. بۆ چەند خولەکێک هەناسەی سوار ئەبێت) ... دڵم .. ئەوە دڵمە بە خێرایی لێئەدات خانمەکەم .. لە تاو سەراسیمەییم دڵم ئەڵێیت تەپڵە دەنگی دێ ئەی مردووەکان ! تاوێ پێش ئێستا من پێم ئەوتن ؛ ئەو شاژنەی ئێستاکە لە نەعشەکەیدا نوستووە ، ئەو دەمانەی توورە ئەبوو ، زیاتر جوان ئەبوو .. نا ... جوانیی نا .. بەڵکو نازانم

چیی ناو بنێم ؟! ئـا ... تـوورەبوونـەکـەی وای ئـەکـرد زیـاتر ئیـشتیهای بکـەم .. هەستیشم ئەکرد تووڕەبوونەکەی بۆن و بەرامەی خۆی هەیە و زیـاترم ئـەهـەژێنێـت ... لەبەر ئەوەشی ئەو حاڵەتەم تاقیکردبۆوە ، ئیتر فێـر بیـووم کـە چـۆن کـۆنترۆڵی ئارەزووی خۆم بکەم .. (قسە لەگەڵ نەعشەکە ئەکات) گوێت لێیە شاژنەکـەم ! گوێـت لێیە چۆن نهێنییەکانی عیشقمان ئاشکرا ئەکەم ، بە بەر چاوی شـەراب و مـۆم و نـان و تابووتەکانەوە ئاشکرایان ئەکەم .. ؟! (شێوێکی تر هـەڵئـەگرێـت) .. ئـەو دەمانـە ئەبومە کۆیلەیەک و ئەوم ئەپەرست.. ئـا بـە درێژایـی ژیـانم خۆشـم ویـستووە ... پێشی لێئەنێم کە من ئەو دەمانە ئامادەبووم هەموو شتێک بکەم لە پێنـاوی ئـەوەی لـە نیعمەتی هاتنی ئەو  بۆ ناو ڕۆحم دا بژیم .. (قسەی لەگەڵ ئەکات) بەڵام تـۆ مردیـت .. مردیت .. مردیت ... (ئەکێشێ بە نەعشەکەدا) .. تۆ لـە دەمێکـدا مردیـت کـە مـن جوانیتم لە ئامێز گرتبوو .. ئەو دەمە مردیت کە وجوت لەوپەڕی هەڵایساندا بـوو .. کتوپڕ مردیت و ، منیش پیاوەتییم لەدەست دا ... (سەری یـەئـس ڕائـەوەشـێنێت) ..

نهێنییەکانم بەرەو کوێم ئەبەن ؟ ئەی مردووەکان ؛ بۆ چەند چرکەیەک هەوڵم دا کـە بـاوەڕ بە مردنەکەی نەکەم .. هەرچی حەماس و گەرموگوڕیی خـۆم هـەیـە خـستمە گـەڕ ، بـەڵام دواجار هەمو ئەوەی کردم بووە جۆرێک لە نیفاق ..چونکە تۆ (ئاماژە بۆ ژنەکەی ئەکـات) بە مردنەکەت سەری منت نەویی کرد .. ئیتر هـەسـتم بـە شـەرمـەزارییـەکـی قـووڵ کـرد ..(قومێکی تر لە شەرابەکە ئەدات) ... شەرمەزارییە .. بەڵێ ، شەرمەزاریی ..(لـە کرۆشـتنی سێوەکە بەردەوام ئەبێت و پاشماوەکەشی تف ئەکاتەوە).. ئیتر منیش هەڵاتم .. کـاتێکیش داوایان لێکردم کە لەگەڵتدا بمرم ، نەمتوانی باوەڕ بە خۆم بهێنم ..پـێم وتـن تـۆ ژنـی مـن نیت ... ئاخر ئەم لاشەیەی نە ژیانی تێدایە و نە توانا و گەرموگـوڕیی ، چـۆن ئـەکرێـت ژنی من بێت ؟ (لە نەعشەکە نزیکئەبێتەوە) بەڵێ .. تۆ ژنی من نیت .. تۆ ژنی کەس نیـت ..هەر ئەسڵەن تۆ مرۆڤ نیت.. تۆ ئێستاکە تەنانەت یادەوەریی خۆیشت نیت .. تەنانـەت تارمایی خۆیشت نیت ..تەنانەت وێنەکەشت نیت ... ئەی نابینیت ؟؟ ئاخر بۆ هەوڵنادەیت

به ئینساف بیت ؟! ئەگەر لەم ساتەدا وێنەکەتم پێبووایە ، ئەمتوانی بـە شـەوق و سـۆزەوە تێی بڕوانم .. لێی ورد ببمەوە .. بەڵام هەرگیز نـاتوانم وەک جـاری جـاران چـۆن مـاچم ئەکردیت ، ئێستا ئاوا وێنەکەت ماچ بکەم و بینێم بە سنگمەوە ! بڵێی بتوانم هـەمـان شـت لەگەڵ بەشە جێمـاوەکـانی لاشـەتـدا بکـەم کـە لـەم تابووتـەدا ڕاکـشاون ؟! بڵێـی بتـوانم سەرچەفەکە لابدەم و بەسر لێوەکانتدا بنوشـتێمەوە و وەک جـاری جـاران بـە ماچـەکـانم خەبەرت بکەمەوە ؟ (هاوار ئەکات) نا .. نا .. لە تاقە یەک چرکەدا هەموو شـتێک تێکچـوو .. هەموو شتێک لەبەر هۆیەکی نادیار ژێرەوژەبەر بوو .. ئێمە وا ڕاهاتووین ئـەو حاڵـەتـە ناو بنێین مردن ...(شەرابەکە ئەبات بۆ دەمی) .. لە چاوی مردن ! بانازی مردن بکێـشین ، ئێ بەڵکو ئەمە خوایە مردن لێمان ببوورێت و میهرەبان بێت لەگەڵماندا ... هەرچییەک بێـت ، ئێمە ئێستاکە لە مەملەکەتەکەی ئەو ، لە کۆشکە غەریبەکەی ئەوداین .. مـردن ! (تـەماشـای ئـەملاوئـەولای خـۆی ئـەکـات) دڵنیـام ئێـستاکە مـردن ، لـە شـوێنێکی ئـەم گۆڕسـتانەدا دانیشتووە .. عەرشەکەی پڕ دەکات لە ویقاری پڕ ڕەهبـەتـی خـۆی.. ئێـستاکە گـوێی لـەم قسانەمە و ئەچێت بیر لە من ئەکاتەوە ..(بە هاوارەوە قسە لەگەڵ کەسێکی وەهمیدا ئەکـات کە لە گۆشەیەکی نادیاردایە).. نا .. وازم لێبینە .. بیر لە من مەکـەرەوە .. بـۆچی چێـژ لـە چاودێریکردنی ئەوانە وەرئەگریت کە ترسیان لێت هەیە؟ بۆچی ئێسکی ڕەگداری خـۆت و جوانیی جەستە ترسناکەکەتیان بۆ دەرئەخەیت ..بۆ ؟
هەندێک هاوڕێم هەن ، لە چرکەساتەکانی یەئسی خۆیانـدا داوەتیـان کـردوویـت.. لـە نێـو ڕقی خۆیاندا بۆ ژیان  بە دوای تۆدا گەڕاون .. کەسانێک تەمەنـای مردنیـان کـردووە ... بەڵام تۆ لەو کاتەدا بوویتە کەسێکی ئازیز و ، ئیتر ئەوانیش نەیانتوانیوە بمـرن ... باشـە گەورەم تۆ لەبەرچی ناچیتە پای داواکانی ئەم کەسانەوە ؟ .. بۆچی ناچیت بـە دەنگیانـەوە .. بڕۆ بۆ لایان .. بەختەوەر بە پێیان ... بڕۆ بۆ لای ئەوانەی کە وجودیان بێهودەیـە و چ سوودێکی نییە .. بڕۆ گەمەیان پێبکە .. لە ڕۆحکێشانیاندا هونەر بنوێنە .. ئەوسا بزانە چ ناوبانگێکی مەزن دەرئەکەیت .. بڕۆ بۆ لای تاوانکاران .. بۆ لای دەستبڕ و سـاختەچیـی و زاڵمەکان .. بڕۆ و یەکە یەکە ڕۆحیان بکێشە .. ئـەوسـا خـەڵکـی ، نـوێژت لـە پێنـاودا

ئەکەن .. تۆ چییت داوە لە من ..بۆچی لە ئازاردانما هونەر ئەنوێنیت ؟! ئێستاکە یەخەم بەربدە گەورەم .. پاشتریێ بگەڕێوە .. دوای سی ساڵ بگەڕێوە .. ئەوساکە زیاتر موستەحەق ئەبم .. (چەند قومێک شەراب بەسەر یەکەوە ئەخواتەوە) .. بەڵێ .. ئەوساکە خەجالەت ئەبم ئەگەر پۆزش بهێنمەوە لەوەی ناتوانم داخوازییەکەت جێبەجێبکەم .. هەر ئەو کاتیس بەدەنم ئەتەپێ و ، ئیتر چێژ لە خواردن و خواردنەوە وەرنـاگرم .. ئیتر ئەو دەم ناتوانم کار بکەم و ، ناشتوانم عاشق بم و ئەوساش خەڵکی بێزار ئەبن لێم و ، هەر کە هەستیان کرد ئیتر چەند رۆژێکم لە ژیاندا ماوە ، بەرگەی وجودم ، مانەوەم ناگرن .. (ئەخواتەوە) لە چاوی تۆ گەورەم ! ئەوسا وەرە و ، ئەگەر داخوازییەکەتم قبوڵ نەبوو .. ئەو دەم بە لووتم بمگرە و منیش بەگەڵت ئەکەوم و ، ئەگەر یەک زەڕڕە هۆشم تێدا بمێنێت ، ئەوا لە دواتەوە بە قەدرزانینێکی زۆرەوە رێ ئەکەم .. (لە پڕێکدا) بەڵام بۆ ئێستاکە .. نا .. نا (دێتە دواوە وەک ئەوەی کەسێک شاڵاوی بۆ بهێنێت).. ئێستاکە نا .. نەء .. (هەر دوو باڵی لە خۆی ئەئاڵێنێت بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت) دوور کەوە لێم .. (سوجدە ئەبات و سەری نەوی ئەکاتە سەر زەوییەکە) .. ئای .. بەداخەوە ..! هەر ئەبێت شێت بم .. شێت و ، سەرخۆش .. ئای چەندە پێویستم بە گریانە .. ئەگەر لەوە نەترسابام کە گریان بەرەو تەسلیمبوونم ئەبات ، ئەگریام ! ئاخر هەر کە دەستم کردە گریان ، ئیتر ئەبێت تەسلیم ببم .. (هەوڵ ئەدات هەستێت و ڕاست بێتەوە) ... ئەوەندە تەنیام حەزم ئەکرد ئێستاکە هەستم و کتێبی پیرۆز بگرمە دەستەوە و دەستبکەمە خوێندنەوەی .. بەڵکو ئازایەتییم بگەڕاندایەتەوە بەر خۆم ... تەمەننام ئەکرد بتوانم نوێژ بکەم و ، بەو خودا عەلیولقەدیرەم بوتایە کە من بە درێژایی تەمەنم کەسێکی چاک بووم و، هەر ئەم چاکییەشم منی ڕاپێچکردە نێو ئەم داوە ترسناکەوە ... پێی بڵێم ؛ لەم ساتە سەختانەدا ، من بێجگە لە ئەو ، پشت و پەنای ترم نییە ... !

دادام ژنەکەم مردووە و ، دادامەکیش داواکاری گشتی ئەیەوێت فێڵم لێبکات و ئەیەوێت بە ئازارەکانم ڕابوێرێت و گاڵتەم پێ بکات ... بەڵێ ، لەبەر هەمو ئەوانەیە من ئەمەوێت بگریم و .. نوێژ بکەم .. بەڵام ناتوانم هیچ بکەم جگە لەوەی زیاتر بخۆمەوە و زیاتریش

ئاگاداری ئەم مۆمە بم و ، پێش ئەوەی بە تەواویی بتوێتەوە و خەفە ببێت و نوقمی تاریکیی ببم ، ئەبێت مۆمێکی تر داپگیرسێنم ... چونکە ، ئەی شەرابە موبارەکەکە ، وا وەیلا بە حالّم .. واوەیلا بە حالّی هەردووکمان ئەگەر بێت و مۆمەکە بکوژێتەوە ...!

ئەو کاتە ئازیزم ، هەمو ئەوانەی کە ئێستاکە لە نێو تابووتەکانیاندا بێدەنگیی خۆیان ئەنوێنن ، ئەو دەم لە ژێر پەردەی تاریکییەوە هەموویان هەڵدەستنە سەر پێ و بە چوار دەوری ئێمەدا ئەکەونە خولانەوە و سەمای ترسناکی خۆیان ئەکەن ..! ئەوسا ژنەکەشم ئەکەوێتە پێش هەموویان ... بەڵێ .. چونکە ئەو چاک چاک شارەزای سەما و خۆشەویستیی و خۆکوشتنە ! (بەرەو مۆمەکە ئەچێت) بەلام ئەی مۆمی ژیان ! تۆ هێشتاکە کاتت بەدەستەوە ماوە و ، ئەتوانیت بۆ ماوەی یەک سەعاتی تریش بەردەوام بیت و ، منیش سوپاست ئەکەم ... بەڕاستی ئەرکی خۆت بە چاکیی بەجێهێنا.. بەوپەڕی هێمنیی و لە خۆبووردنەوە بەجێت هێنا ! وەک ئەو مێیانەی پێش ئەوەی داوی فێڵەکانیان بنێنەوە ، زۆر هێمنانە کارەکانیان ئەکەن ..! (ئەخواتەوە) ئەمە بە خۆشیی تۆوەیە ..! بۆ ئەوەی هەست بکەیت کە تۆش مێینەیت و ، مێینەکی نازداریشیت ! هەروا بۆ ئەوەی هەست بکەیت کە من ئامادەم هەموو ئەو شتانەت پی ببەخشم کە تۆ شایانی وەرگرتنیانیت ! لەبەر ئەوە ؛ ئیتر مامەڵەی من بۆ تۆ ئازیزەکەم ، وەک مامەڵەی پیاوێک ئەبێت بۆ ژنێک ! .. (پێئەکەنێت) ئەی مۆمە ژن ! *[[ تێبینی وەرگێڕ : وەسفی مۆمەژن ، پێیەپێی وەسفی شەکرەژن کە لەزمانی کوردیدا هەیە بەکارهاتووە]]* من سەرخۆشم و ، سەرخۆشیس ئەتوانێت هەموو شتێک بکات ! دواجاریش ئەی مۆمەکچ ! بە حوکمی ئەوەی کەسەکە لە حاڵەتی سەرخۆشیدایە ، لە هەموو ڕەفتارەکانی ئەبوورن ! ... بەڵێ ئەی کچەکە ! تۆ پێشتریێ سەرخۆشبوونت تاقی نەکردۆتەوە .. ئێستاکەش کە پێت ئەڵێم کچەکە ، ئەوە بە هەموو دڵنیاییەکەوە مەبەستمە وات پێبڵێم ! لەوەس زیاتر من ناوت ئەنێم مۆمی ماڵەکەم ..! ئێستاکەش کە لەوپەڕی سەرخۆشیی و یەئسدام ، ئەم فرسەتە ئەقۆزمەوە و بە ئاشکرا و ڕاشکاویی و بەوپەڕی ساکارییەوە حەزئەکەم پێت بڵێم من هەستئەکەم خۆشم دەوێیت ! .. (پێئەکەنێت) .. ئای ئەوە پێکەنینی بۆچییە ! ؟ ئەریێ مردووەکان ،

پێمناڵێن ئەوە چییە واتان لێئەکات بە دزییەوە پێیکەنن ؟! ها ... ؟! من ئەمێستاکە مۆمێکم خۆشئەوێت و متمانەی پێئەکەم و ، پێویستیم پێیەتی ... بەڵام .. (بەرە بەرە بێدەنگ ئەبێت) .. بەڵێ .. ئەمە شێتبوونە .. من بێهوودە پەنا ئەبەمە بەر یەئس و سەرخۆشیی ! دڵەڕاوکێم وای لێکردووم مەعقولیەتی خۆم لەدەست بدەم .. ئەوەتانێ سەعاتێکە من خەریکی وڕێنە و دەنگە دەنگ و هەرا وزەنام و وەکو کەسێک قسە ئەکەم کە ئەقڵی لەدەست دابێت ..! هەمووشی بە هۆی ئەوەی کە من لە بێدەنگیی خۆم ئەترسم ... لەو مۆتەکەیە ئەترسم کە بە دەورمەوەیە .. لەم کەلوپەلە بێ بەهایە ! لەم پەردە تاریکانە ! لە مۆم .. لە ڕووناکیی .. لەو خواردنەی کە لەسەر نەعشەکەیە ... لەو ئاسکەی کە ئەڵێی ئەم چرکەیە نا ، چرکەیەکی تر و هێندەت زانی سەری خۆی بەرز کردەوە و بێزاریی دەربڕی...!

[ بە دەوری خۆیدا ئەسوڕێتەوە ] ئا دەی مردووەکان ؛ ئێوە بیڵێن ؛ ئەرێ من شێتم ؟ یان تووشی یەئس بووم ؟ ئەی من سەرخۆشم؟؟ [ لەپەو ڕوو ئەکەوێت ] بوونەوەرێکی ئابڵۆقەدراوی وەک من چیی شک ئەبات ؟! ئایا بێدەنگ ئەبێت و بەدەم ڕاکشانەوە خەریکی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزە ؟! ئایا هەناوی خۆی پڕ ئەکات لە هەموو ئەو شەرابەی لەم بوتڵانەدایە ؟ ئەی چیی بکات ؟ هاوار بکات؟ پێبکەنێت ؟ بگری ؟ چیی بکات؟

[ئەنوشتێتەوە سەر زەوییەکە]..ئەی باشە ناکرێت ژیان بێ فڕوفێڵ بێت؟! ئەی ڕێگەیەک نییە مرۆڤ لێیەوە لە مردن دەربازی بێت ؟! ئەی باشە ئەگەرهەمووئەمانە نەشیاو بن ، ئەی کەواتە ئێمە بۆچی بژین؟؟! ئەی بۆچی مردنمان پێ قبوڵ نییە و لەو دەمەی مردن ئێخەمان ئەگرێت ، ئیتر لەرزمان لێدێت و دەست ئەکەینە گریان و بەختی ڕەشی خۆمان ئەلاوێنینەوە ؟! ئای چ سەخافەتێکە ؟؟ وای سەرم ژان ئەکات .. هیلاکیی چۆتە جومگەکانمەوە و ، باوێشکێکی میهرەبانیش پێدزکە ئەکاتە نێو ژیانمەوە ... مردن .. یان نووستن ؟! پێڵووەکانم بۆ کامیان قورس بکەم لە کاتێکدا نێو ئێسکەکانم پڕ بوون لە سەرما و شێ ؟ بەڵێ .. بەڵێ .. چاوەکانم لێکئەنێم .. ئەمەیان میهرەبانیی زیاتری تێدایە !

دەی .. بە پەنجە دێرینەکانت پیرۆزم کە ... داوای لێبووردن لێئەکەم  کە لەوەی هەستەکـانم ڕاستگۆ نین ...
 پرسیار ئەوەیە ؛ ئێمە بۆ ئەبێت بژین ؟! ئەمەیان هەر تۆ ، بە تەنها تۆ ئەیزانیت ... بـەڵام من .. من حەز ئەکەم بخەوم.. ئا .. بخەوم ... بخە ..و..م...(دەنگی کز و وشەکانی ئـاڵۆز ئەبن ...هێندە نابات قسەکانی لەگەڵ پرخە پرخدا تێکەڵ و پێکـەڵ ئـەبـن ... هـەتـا ئـەو کاتەی ئیتر بە تەنها دەنگی هەناسـەدانـی ئـەبیـسترێت ... لـەم کاتـەشـدا فتیلـی مۆمـەکـە دەستئەکاتە پرتە پرت.. ئەمەش وا ئەکات کە بەری ڕوانین لێڵ بێت و ڕووناکیی مۆمەکەش کز کز بێت هەتا ئەکوژێتەوە و ئیتر ئەو ناوە بەرە بەرە تاریک ئەبێت و ، دەنگـی ناسـکی مۆسیقا دەست پێئەکات ... دەنگی پرخە و ورتـە ورتـی دەم خـەوی ئـەو ، جـار بـە جـار دەنگی مۆسیقاکە ئەبڕێت .. پاشان دەنگی مۆسیقا بـەرز ئـەبێتـەوە و هـەمـو تاریکییـەکـە داگیر ئەکات و دەنگی مۆسیقاکە تەعبیر لە زەمەنێکی سەخت و قورس  ئـەکـات ... هێنـدە نابات هەندێک دەنگی تر لە دەرەوەی گۆڕستانەکـەوە ئـەبیـسترێن و تێکـەڵاوی کـەش و هەوای گۆڕستانەکە ئەبـن .. دەنگـی هوتافکێـشان و ... هـەلهـەلـەلێـدان و ... خوتبـەدان ئەبیسترێن .. ئیتر بەرە بەرە دەنگی خوتبەدەر بەسەر دەنگـەکـانی تـردا زاڵـئـەبێـت و بـە ئاشکرا ئەبیسترێت)....
<u>دەنگی خوتبـەدەر :-</u>  [[ تێبینـی وەرگێـڕ : لێـرەدا قـسەکـانی خوتبـەدەر بـۆ مـەبـەسـتی سیناریۆی نێو دەقەکە پچڕ پچڕ دەبیسترێن .. بۆیە هەمویان بەسـەر یـەکـەوە ج مانیـەک نابەخشن .. واتا خەتای تەرجەمەکە نییە کە مانابەخش نین ]]
- لە پێناوی ئەم ئەرکە بێوێنەیەدا ....
مادام ئێمە ویژدانی خۆمانمان خۆشئەوێت ...
ئەو گەورەیەی کە چاوەڕوانی ئەوەی لێئەکرێت...
ئەو ژنە سەری نەوازش دائەنەوێنێت ....
بەو پێیەی کە خانمێکی پێگەیشتووە ... بەهێز و دەست و داوێن پاکە..
 ئەو پیاوەی کە ئەم خۆشی ئەویست ... لەسەر وەفا و بەڵێنەکەی...

ژیان و مرنن ...(هارەی چەپلە ئەبیستریێت) ..هەر لەبەر ئەمەشە....
وەک .... دڵسۆزان ... بەناوی ئێوەوە ... نەمریــی .... (خوتبـەدەر لـە قـسەکـانی تـەواو ئەبێت و بێدەنگییەکی تەواو ئەو ناوە دائەگرێت .. لەم کاتەدا زرەی زنجیر و دەنگـی کلیـل کە ئەخرێتە دەرگایەکـی ئاسـنین ئـەبیـسترێت .. دەرگـای گۆڕسـتانەکـە ئـەکرێتـەوە ... ناڵەیەکی گەورەی لێوە دێت .. رووناکیی لەلای دەروازەی سـەرەوە ئـەبینرێـت ... پلیکانـە مەرمەڕەکە بە تەواویی دەرئەکەوێت .. هێندە نابات ، وەک یەکەمینجـار ، چـوار کـەس بـە مەشخەڵەکانیانەوە دێنە ژورێ و لە گۆشەکـانی گۆڕسـتانەکـەدا دابـەشـئەبـن ... بـە دوای ئەوانیشدا ، چوار پیاو کە نەعشێکیان هەڵگرتووە ، دێنە ژوورەوەو لە دوورترینی یـەکێـک لە لایەکانی گۆڕستانەکەدا نەعشەکە دائەنێن .. بە دوایاندا ژنێکـی جـوانی قژوچـاورەش ، کراسێکی سپی لە بەردا و تاجەگوڵینەیەک بەسەر سەریەوە و مۆمێکیـشی بـەدەسـتەوە ... بە تەنیشت نەعشی مێردەکەیەوە ئەڕوات ... چوار پیاوەکە و چوار کچەکـە ئـەکـشێنەوە و ئەڕۆن ... پاشان چوار کچەکە هەنـدێک خـواردن و شـەراب و میـوە ئـەهێـنن و لـەسـەر نەعشەکەی دائەنێن و دەچنە دەرێ ... دوای چوونە دەرەوەی ئەوان ، پیاوێک کە ئەنگار و هەیئەتی پیاوێکی ئایینیی هەیە بەرەو خوار ئەبێتەوە و لە ژنەکـە نزیـک ئـەبێتـەوە ... بـە چرپە شتێکی کاریگەری پێئەڵێت ..ژنەکەش سەر رائەوەشێنێت...دواتر پیاوەکە ئـەکـشێتە دواوە و مەشخەڵ بەدەستەکانیش بە دوایدا ئەڕۆن ...گۆڕستانەکە تاریک ئەبێت .. جگە لە ژنەکە و رووناکی مۆمەکەی دەستی ، هیچی تر نابینرێت ... مـاوەیـەکـی کـەم لـە شـوێنی خۆیدا بـە راوەسـتاویی ئـەمێنێتـەوە ... روخـساری کردۆتـە دەروازەی گۆڕسـتانەکـە ... جۆرێک لە ویقار و خەم و بێدەنگیی بە شوێنەکەوە دیارە... هێندە نابات ژنەکە لـە نزیـک نەعشی مێردەکەیەوە سوجدە ئەبات و دەستئەکاتە خوێندنی چەند کۆپلەیەک کە زیـاتر لـە نوێژکردن ئەچێت .. بە خەم و بە نەرمییەکەوە ، بە شێوازێک کە ریتمێکی ئایینیی روونـی تێدایە ، کۆپلەکان ئەڵێتەوە ...بە شێوەیەک ئەم مەراسیمە ئـەکـات کـە مـەراسـیمێکی بـاوو زانراوە لە لای ئەو کەسانەی کە ویرد و نزایان لەبەر کردووە و ئەیڵێنەوە)..

ژن : چونکە من موحیبەتم هەڵبژارد ... بۆیە بەهەشتی سەرمەییم بۆ کریتـەوە گـەورەم ! چونکە نانی تۆ بووە تاجەگوڵینەکانی مـن ! عـاجی سـانەکانیـشت بوونـە گۆچـانم و ... نووری ناوجەوانیشت بووە خۆری بێگەردییم ...بانگهێشتم بکە بۆ ئەوەی بێمە تەوافت .. دەرگای ماڵەکەتم بۆ بکەرەوە بۆ ئەوەی بێمە ژووریّ و لە سێبەرتا دەست بـە چنینـی خـۆم بکەم .. خۆشەویستەکەم چاوەکانی لێکنان و ، خۆشەویستەکەم دڵی خۆی بـۆ کردمـەوە..! من بە پەڕەی گوڵە تـازەکـانم ، قـەرزاری ئـەوم ... سـەربـەرزیـی بـۆ ئـەوانـەیـە کـە بـە خۆشنوویی ئەمرن ...گەورەیی بۆ ئەو ژنانـەی هێـشووەکـان ئـەگوشـن ...چونکـە مـن مێوەکەی خۆمیان بۆ ئەکەمەوە و بە کافوریش قاچ وقولی رووتیان چەور ئەکەم !

بانگهێشتم کە ؛ بۆ ئەوەی بێمە تەوافت ... !

ماڵەکەتم بۆ بکەوە هەتا خۆم تاقی بکەمەوە .. پاشام پێم ئەڵێت : تۆ کەسێکی بە وەفایـت و ، بەرامەی خونچەکان لە وەفات ئەتکێ ! ... سەربەرزیی بۆ گول و وەفا و یاسەمین ...! ئێوارە بوو کە پاشا هات و منیش هەندێک لە یاسەمینەکەی خۆم دەرخوارد دا ... من بـۆ پاشاکەی خۆمم و ، پاشاکەشم هیی منە ... لە مردنیشدا ئێمـە خوانـە سـەرمـەدییـەکـەی خۆمان بەشئەکەین ..

تو خوا کچان ؛ بەخیلییم پیّ مەبەن و شوینیسم مەکەون بۆ گۆڕستان .. من ئـەو ژنـەم کـە نەزرەکەم پێگەییوە و ، ئەو کچەشم کە تەدارەکی زەماوەندەکەی لەسەر گڵ ساز کرا ! ... لە تاو شەوق و حەسرەتی خۆم ڕائەکشێم و ، لەسەر ئەو تەختەیەی لە ژێر پێخەفەتـەکـەتدایـە پشوو ئەدەم ... سەربەرزیی بۆ ئەو کەسەی کە سەرلەنویّ ئاگرەکە ئەکاتەوە و ، مەزنیـی و دروێیش بۆ میوە تەڕەکان .. تۆ ماندوویت .. ماندوو ! شازادەکەم وام پێئـەڵێـت ...! ئـەو پێم ئەڵێت ؛ تۆ بەختەوەر و جوانیت ! کراسە کۆنەکەت فڕیّ بـدە و ، شـانت دابـدە سـەر سەرینی سەبری من ! ئەوسا منیش مەلائیکەتی نووستن ئەخەمە خزمەتی تۆوە !

سەروەریی بۆ عیشق ! بۆ وەفا و بۆ یاسەمین .. لە ئێستاوە و هەتا ئەبەد !

[[ مۆمـەکـەی دەسـتی بـەرز ئـەکاتـەوە و لـە چـواردەوری خـۆی ئـەڕوانێـت ... پاشـان هەناسەیەک هەڵئەکێشیّ و دواتر فویەک لە مۆمەکە ئەکات ..مۆمەکە

ئەكوژێتەوە و تاریكیی باڵ بەسەر ئەو ناوەدا ئەكێشێت ... هـاوزەمـان دەنگـی كۆرسـیكی ژنان بەرز ئەبێتەوە كە هەمان ئەو كۆپلانە ئەڵێنەوە كە پێش كەمێك ژنەكە ئەیخوێنـدن ... سەرەتا دەنگەكە بە نزمیی ئەبیسترێت.. پاشان دەنگی هـەنـسكدان دێـت و ئینجـا دواتـر ئەبێتە شیوەنێكی ئاشكرا و لە كۆتاییدا ئەبێتە لاوانەوە و ئیتر تیكەڵاوی دەنگی كۆرسەكـە ئەبێت و پاشان نامێنێت وەهەمو شتێك كپ ئـەبێـت .. دوای كـەمێـك ... دەنگـی " ئـەو " ئەبیسترێت كە بە ئاگا دێت و لە شوێنی خۆی ئەجوڵێت ...]]

ئەو : (بەچرپە) وای لەم تاریكییە ... ئەرێ من مـردووم یـان زینـدووم ؟ نووسـتبوم یـان بووژابوومەوە ؟ ئەی تۆ بڵێیت ئەمە ئەو دنیـا نـەبێـت ...تاریـك و سـارد و بێـدەنـگ ؟! [دەست ئەگێڕێت ..دەستی بـەر شـتەكـانی دەوروپـشتی ئـەكـەوێـت ] .. نـا .. هێـشتاكە زیندووم و ، ئێرەش هەمان گۆڕستانەكەی پێشووە .. هەروەهـا تابووتـەكـانیش ... دیـارە من خەو بردبومیەوە و ئەم مۆمەش كوژاوەتـەوە ... ئیتـر لـە ئێـستا بـە دواوە ڕوونـاكیی شك نابەین؟ ئەبێ لە كەیەوە من بورابێتمەوە ؟! وا زەن ئەكەم كە یەك قەڕنی تـەواوە مـن نووستووم ! هەموو ژیانم و ، هەموو ئەوەشی ڕوویدا ، هەموویان خـەون بـوون و هیچـی تر ! ئەڵێیت ئێستاش هەر لەو خەونەدام و بە ئاگا نەهـاتووم ! (هـەڵئـەسـتێت) باشـە مـن چۆن بزانم كە چەند سەعاتم لەم گۆڕستانەدا بەسەر بردووە ؟ یـان چـەنـد ڕۆژە لێـرەم ؟! بڵێـی دەرگاكـەیـان كردبێتـەوە و بانگیـان كـردبێتم و مـن گـوێم لـێ نـەبووبێـت ....! چ نەهامەتییەكە ! خۆزگە هەر بمردمایە .. بریا هەر بە ئاگا نەئەهاتم ! [ دەنگێـك ئـەبیـستێ كە لە شوینی دانیشتنی ژنەكەوە دێت ] .... ئەوە كێیە ؟! [ گـوێ ڕا ئـەدێرێـت و پاشـان هەنگاوێك ئەچێتە پێشێ و پێئەكەنێت ] .... وای لەم غەفڵەتە ! باشە هەی بێ ئەقـڵ ؛ كێـت بە خەیاڵدا دێت كە لێرە بێت ؟ ! هیچ كەس ... تۆ وەك مشكی ناو تەڵەیەك بە تەنهایت ! جا با ئیت خەیاڵی خۆت هەر دڵخۆشیی و تەسەللات بداتەوە و ، بـە خـەیـاڵ دەنگـت بـۆ دروست بكات !!

نا .. بەڵكو دەنگێكم بیست ... دەنگی شتێك وەك ئەوەی بجوڵێتەوە....

[ هەنگاوێکی تر ئەچێتە پێشێ ] ... ئـا لـەم سـاتەدا ، لـە بێـدەنگیـی و تاریکییـدا ، وەهـم دروست ئەبێت و مرۆڤ گومانی لا پەیدا ئەبێت .. ئەی باشە چۆن بتوانم دڵنیا بم لـەوەی ئەو دەنگە ، دەنگێکی وەهمیی بوو یـاخود بـە ڕاسـتیی هاتـە بـەرگـوێم ؟! بێگومـانم کـە وەهمێک بوو و هیچی تر .. یـاخود ڕەنگـە جوڵـەی ئـاژەڵێـک ... خـشەی جرجێـک .. مارێک ... پشیلەیەک بووبێت کە خەریکی خواردنی لاشەکان بـن ... (پـاش کـەمێـک) .. دەی ..چیی ئەبێت با ببێت ... ئـەو دەنگـەی ئـەبێتـە مایـەی دەربـاز بـوونم لـەوەی کـەوا هەستبکەم من تاقە کەسێکی زینـدووی نێـو مـەرگ و مـردووەکـانم ... [ شـتێک لـەسـەر نەعشەکە هەڵئەگرێت و ئەیگرێتە ئەو شوێنەی کە دەنگەکەی لێوە دەرچوو ... پاشان گـوێ ڕائەدێرێت ... هیچ دەنگدانەوەیەک نابیستێت ...دواتر شتێکی تـر ئـەگرێتـە شـوێنەکـە ، ئەوسا نووزەیەکی کپ و شاراوە لە ژنەکەوە دێت .. ] کەواتە ئێستاکە ، ئەمە وەهـم نییـە ! بەڵکو دەنگێکی ڕاستەقینەم هاتە بەر گـوێ.. [ هـاواری لێئـەکـات ] هێـی ... تـۆ کێیـت ؟ ژنیت؟ پیاویت ؟ کێیت ؟

[ گوێ ڕائەدێرێت ] تۆ ڕۆحی یـەکێـک لـەم مردووانـەی ئێـرەیـت ؟ ! [ ژنـەکـەی خـۆی ئەدوێنێت ] وای لە خۆم ! ناشـێ ئـەوە تـۆ بیـت و نـەعـشەکـەت جێهێـشتبێت و دەسـتت کردبێتە داونانەوە بۆم و گەمەم پێبکەیت؟! بڵێیت ئەوان هەڵەیـان نـەکردبێـت و تۆیـان بـە زیندوێتیی ناشتبێت ؟! [ هاوار ئەکات ] هێی ... هێی ئەی بوونەوەرەکە ! ئاژەڵ بیـت یـان مرۆڤ ..! من ... [ئەوەستێت] ئای بۆ تاڵە تیشکێک لەم تاریکییەدا ؟! چ ئابڕووچوونێکـە .. من ئەگەر بە تەواوییش شێت نەبـووبێتم ، ئـەوا هـەر شـێت ئـەبـم ... منـی مرۆڤێکـی غەدرلێکراو ....تەنیا و ، لە گۆڕستانێکدا تاریکیی دەوری داوە .. بێدەنگیـی و ..گومـانیش بوونەتە سەربار ! هاوار ئەکەم کەس نامبیستێت ..داوای یارمـەتـی ئـەکـەم .. بـە ئاشـکرا هاوار ئەکەم ؛ من ئەترسم ...ئا .. من ئەترسم ... ئەو کەسەم تووشـی یـەئـس بـووم .... بەڵام .. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا تەسلیمی مردن نابم و ڕەتی ئەکەمەوە ! من نـامرم .. گوێت لێیە ئەی گۆڕستانە زاڵمەکە ... ئەی مێینە بێزراوەکە ؟! من بەرگریی ئەکەم .. بـەڵـێ بەرگریی ئەکەم و ، هەر بە هۆی بەرگرییشمەوە ڕزگارم ئەبێت ...

[ ئەچێتە پێشێ ] من بەدوای یەقینی خۆمدا ئەگەڕێم ...ئـەی وەهـم ! دەسـتی میهـرەبـانی خۆتم بدەرێ ...! تۆش ئەی حەقیقەت باڵی خۆتم بۆ دریـژ کـە ! چونکـە مـن کـەسـێکی ماندووم ...

وای سەرم ژان ئەکات و ، گەدەم هەراسانە و ، هەست بە تینوێتییـەکـی کوشـندە ئـەکـەم ! هیچ شتێکیش ئەم تینوێتییەم ناشکێنێت ، شەراب نەبێت !

[ دەست ئەبات بوتڵە شەرابێک هەڵئەگرێت ] ... جارێکی تر خۆم بە شـەراب ژەهراویـی ئەکەمەوە .. ! [ قومێک لە بوتڵە شەرابەکە ئەدات و پاشان تفی ئەکاتەوە ] ... بە نـەفـرەت بێت ! ئەم شەرابە خراپ بووە .. ئەمیش مردووە ...لەم گۆڕستانەدا تـەنانـەت شـەرابـیش بۆگەن ئەکات .. نەفرەتت لێبێت! [ بوتڵەکە هەڵئەدات بۆ ئەو شوێنەی کـە ژنـەکـەی تـری لێیە ... ژنەکە ئەقیژێنێت و ، قیژەکەی تێکەڵاوی دەنگی شکانی بوتڵەکە ئەبێـت ] ... ئـای .. خۆ ئەوە دەنگی مرۆڤە !! ئا ... بە ئاشکرا گوێم لێبوو ! ..[ ئەچێتـە پێـشێ و دەسـتی درێژ ئەکات ] .. ئەی ئەو مرۆڤەی وەک خۆم مەزڵومیت ؛ دڵنیابیـت بـاش ! مـەترسـە ... چونکە من ناترسم ... خۆت بناسێنە .. [ ژنەکـە دەسـت ئـەکاتـە گریـان] .. مـەگـری .. مەگری ئەی ڕۆحە غەمگینەکە ! [ قاچی تێکەڵ و پێکەڵ دێت ] مەگری ... بەڵکو بەختـەوەر بە وەک بەختەوەریی من .. تۆ لە ئێستا بە دواوە ئیتر تەنیا نیـت ... ئێمـە پێکـەوەیـن .. بەسیەتی گریان و ، ئەگەر تۆ کەسێکی میهرەبانیت ، لە حـەشـارگەکـەت وەرە دەرێ و پـێم بڵێ تۆ کێیت ! تۆ ژنەکەمیت ؟! نا ...ژنەکەم ئەوەتانێ لە نەعشەکەی خۆیدایـەتـی .. ئـەی کەواتە تۆ کێیت و ؟ کەی هاتیت و ؟ بۆچی هاتیت ؟ [ هاواری لێئەکات ] بەسیەتـی گریـان و وەرە دەرێ ... [ ئەچێتە پێشێ ] ...

ژن : [ دەقیژێنێ ] .. نا ...

ئەو : مەترسە .. من کەسێکی زوڵم لێکراوم و ، هـیچ ئـازارت نـادەم .. بهێڵـە لێـت نزیـک بیمەوە ... ئەمە تۆی ؟! وەختە هیچ شتێک نەبینم !

ژن : لێم نزیک مەبەرەوە ...

ئەو : باشە ... بە کەیفی تۆ .. ئا ..ها .. لە شوێنی خۆم ئەوەستم ... من ئێستاکە ئەو یەقینەم بەسە کە تۆ وەهم نیت .. نە تۆ تارماییت و ، نە من .. کەواتە لێم مەترسە ... ئەریّ بەڕاست تۆ لە کوێدایت ؟!

ژن : دوور بکەوە ...

ئەو : ئاخر بۆچی ؟

ژن : [ ئەگری ] ...

ئەو : گریان بەسە ...! ئەی تۆ بەختەوەر نیت بەوەی کە تەنیا نیت و مرۆڤێکی تر هەیە ئەم دنیا ترسناکەت  لەگەڵدا بەش ئەکات ؟

ژن : ئاخر من ئەترسم ...

ئەو : لە من ؟

ژن : لە هەموو شتێک ...

ئەو : هەقی خۆتە بترسیت .. هەموو شتێکی ئێرە مایەی ترسە .. ئەریّ کەی تۆیان هێنایە ئێرە ؟!

ژن : [ وەڵام ناداتەوە ] ...

ئەو : پێدەچێت من لەمەوپێش نووستبێتم .. ئای خودایا ئەبێ ئەو نووستنە چ نوستنێک بووبێت  وا بێهۆشی کردووم ؟! وا هەست ئەکەم سەد ساڵ بێت نووستبێتم ..! ئەی باشە کەی تۆیان هێنایە ئێرە ؟ لێت ئەپاڕێمەوە وەڵامم بدەرەوە ... کەی تۆیان شۆڕکردەوە ناو ئەم گۆڕستانە ..؟

ژن : پێش کەمێک ...

ئەو : تۆش بە دەست مردنی مێردەکەتەوە موبتەلا بوویت ؟ تکایە بمبوورە ئەگەر پێت بڵێم ئەم گریانەت چ دادێکت نادات .. ئاخر خۆ منیش ژنەکەم مردووە .. گریانی ئێمە لە گۆڕستانێکدا هیچ مانایەک نابەخشێت ..

ژن ؛ من بۆ بەختی ڕەشی خۆم ئەگریم ..

ئەو : ڕاست ئەکەیت .. ئێمە دوو مەخلوقی بەدبەختین ..

ژن : باوەڕم نەئەکرد هەتا ئەم رادەیە لە مردن بترسم ...
ئەو : هیچ مەخلوقیک نییە لەمردن نەترسێت .. بەڵام ئێمە کاتێک عاشق ئـەبـین ، تووشـی ئەو وەهمە ئەبین کە لە مردن ناترسین ! .. ئەی باشە نەخۆش بوو ؟
ژن : کــێ ؟
ئەو : مەبەستم ئەوە .. مێردەکەت ...
ژن : بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل مرد ... بریا منیش لە گەڵیا بمردمایە ..
ئەو : کاتی ڕووداوەکە پێکەوە بوون ؟
ژن ؛ بەڵێ ... ئەو مرد و ، منیش رزگارم بوو ...
ئەو : [ پێئەکەنێت ] ئای چەندێ سەیرە ! بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا شـتێکی چاکـە کـە هـەتـا ئێستاش لە ژیاندا ماویت ..
ژن : بەڵکو ئەبێت بمرم .. بەڵام ئەوەش هەروا ئاسان نییە !
ئەو : ڕاست ئەکەیت ... ئەرێ ڕوخسەت هەیە دابنیشم ؟ [ دائەنیشێت ]
ژن ؛ [ وەڵام ناداتەوە ] ...
ئەو : مردن هەر پەیدا ئەبێت و .. پێویست ناکات پەلە لە هاتنی بکـەیـن .. مردنێـک وەک مردنی ئێمە و مانان بێت ، لەسەرەخۆ بێت و ...عەزابەکەش ئا لەوەدایە !
ژن : لە سەرەتادا نە ئەترسام ... بەڵام هەر کە مۆمەکە کوژایەوە ئیتر من ئازایەتیـیم تێـدا نەما ...
ئەو : خۆت مۆمەکەت کوژاندەوە ؟
ژن : بەڵێ ...
ئەو : ئای چ بێ ئەقڵییەکە ... بمبەخشە وا ئەڵێم !
ژن : وامئەزانی بەوە کارەکەم مەیسەر دەبێت ... وام ئەزانی کە تـاریکیی ئـەهـوەنتـرە ... ئەی باشە ڕێگەیەک شک نابەیت بتوانین بە هۆیەوە یەکێک لەم مۆمانە دابگیرسـێنین ؟ !

ئەو : بە داخەوە هیچ ڕێگایەک نییە .. تازە مۆمەکانمان داناگیرسێن ..

ژن :ئەم قسانە مەکە.... تۆ ئەمترسێنیت ...

ئەو : ببوورە ... بەڵام قسەکردن هەندێک لە ترس و ئەندێشەمان کەم ئـەکاتـەوە .. ئـەمـە لەوە باشترە کە هەر کەسەمان قسە لەگەڵ خۆیدا بکات.. ئەوە وا لە مرۆڤ ئـەکـات کـە لـە شێتبوون نزیک بێتەوە ..! باشە تۆ ئەوت خۆشئەویست ؟

ژن : زۆر ...

ئەو : ئەی ئەویش تۆی خۆشئەویست ؟

ژن : زیاتر لە خۆشەویستیی من بۆی ...!

ئەو : ئەی چۆن ڕازی بوو ئەم چارەنووسەت پێ ببڕێت ؟!

ژن : ئەوە بە ویستی من بوو ...

ئەو : ئەی ئەو ...؟

ژن : ئەو ڕەتی کردەوە ... بەڵام بۆ ڕێزگرتن لە من ڕازی بوو ...

ئەو : ئاخر خوات بێ ، تۆ چۆن ئەم چارەنووسەت هەڵبژارد ؟

ژن : نەمئەزانی .. [ دوای کـەمێـک ] .. مـن وام ئـەهاتـە بـەر زەیـن کـە ئـەمـە کـارێکی داپەروەرانەیە ... وەک ئەوەی من لە بواری ئەو کارەوە ویستبێتم شتێک بۆ خـۆم و ، بـۆ ئەو و ، بۆ هەموو خەڵکییش بسەلمێنم ..!

ئەو : باشە ... وا ئەوەت سەلماند .. ئەی دوای ئەوە ؟

ژن : بە داخەوە من هیچ شتێکم نەسەلمانـدووە ... ئـەوەنـدە بـەهێـز نـەبـووم تـا ئـەوە بسەلمێنم ... ! باشە ئەی تۆ ؟

ئەو : چیی ... لە بارەی چییەوە ؟

ژن : چیی وای لێکردیت بە بـەڵێننامـەیـەکـی وەهـا ڕازی بیـت ، لـە کاتێکـدا تـۆ حـەزی پێناکەیت؟!

ئەو : هەمان سەخافەتە ...

ژن : بێدەنگ بە ..هێواش .. وا مەڵێ ... گوێیان لێمان ئەبێت ...

ئەو : کێ ؟!

ژن : ئەوان ...

ئەو : ئەوان کێن ؟!

ژن : مێردەکەی من و ، ژنەکەی تۆ ...

ئەو : بە ڕاست  تۆ لەو باوەڕەدایت گوێیان لێمان بێت ؟ !

ژن : لەوانەیە ... چونکە دەڵێن مردووەکان لە ڕۆژانی یەکەمی ناشتنیاندا گوێیان لە هەمـوو شتێک دەبێت ..

ئەو : کەواتە  با گوێیان لێمان بێت ..! لێگەڕێ با لەوە حـاڵیی بـن کـە ئێمـە چ عـەزابێـک ئەچێژین .. بۆ ئەوەی دواتریش پێمان بڵێن ئەگەر ئەمە ئەو عەزابە بێت کە ئێوە ئەیچێـژن ، ئەوە ئێمە زیاتر بەختەوەر ئەبین !

ژن : تۆ کەسێکی چەند قین لە دڵیت !

ئەو : بەڵێ ..! ئەرێ ناتەوێت شتێک بخۆیت ؟

ژن : نەخێر ...!

ئەو : ئەرێ بۆچی بەمشێوەیە ئەڵێیت (نـەخێـر) ..؟ هـیچ عـەیبێـک لـەوەدایـە مـرۆڤ لـە گۆڕستانێکدا بێت و برسیی بێت ؟! یان دیارە تۆ لەو وەهمەدا ئەژیت کە برسـییت نابێـت ... نا ... بەڵکو برسیت ئەبێت و ئەوساش ئەزانین دەست بۆخوارنەکە ئەبەیت یان نـەء ! ئەی باشە خواردنیان لەگەڵتا نەناردە خوارێ ؟!

ژن : با ..

ئەو ؛ ئەی کوا لە کوێیان داناوە ؟

ژن : ئەوەتا لەوێدا ..

ئەو : لەسەر نەعشەکەیە .. وا نییە ؟  چەند قێزەونە .. نەعشەکە ئەکەنە خـوان و سـفرە و خواردنی لەسەر دائەنێن ... هەر کەسێکیش دەستی بۆ ئـەبـات ئـەبـێ وا هـەسـت بکـات دەست بۆ لاشەی ناو نەعشەکە ئەبات !

ژن : بێدەنگ بە ...

ئەو : من برسیمە ... [ هەڵئەستێت ] ..

ژن : نا ...تکات لێئەکەم ...
ئەو : ئاخر برسیمە ... بڕوام پێیکە نازانم چەند سەعات نووستووم .. وا زەن ئـەکـەم کـە یەک ڕۆژی تەواو نوستبێتم ...
ژن : خواردنی وا ئەخۆیت ..؟
ئەو : ئەی جگە لەمە خواردنی تر چیی هـەیـە ؟ [دەسـت ئـەگێڕێـت بـۆ خـواردن]..ئـەوە کولێرەیەکە ... ناتەوێت ؟
ژن : [ وەڵام ناداتەوە ] ...
ئەو : تیکەیەکی بچووک لێکەرەوە ..
ژن : نا ...
ئەو : بۆ ئەقیژێنیت ؟
ژن : لێم تووڕە مەبە .. داوای لێبوردن ئەکەم ..
ئەو ؛ من تووڕە نەبووم ...
ژن ؛ هەست بە هێڵنج و دڵ تێکهەڵاتن ئەکەم .. هەرچەند ئەکـەم نـاتوانم ئـەو وێنـەیـە لـە مێشکمدا بسڕمەوە کە پێش کەمێک تۆ باست کرد و وتت ؛ وەک ئـەوە وایـە خواردنـەکـە بەشێک بێت لە لاشەی ناو تابووتەکە ...!
ئەو : گوێ مەدەرێ ... تەماشا کە ...ئەوە پارچە کولێرەیەکە .. هـا بیگـرە و بـۆنی کـە .. بزانە چ بەرامەیەکی لێوە دێت .. بەرامەی ئەو ژیانەی ئێمەیان لێوەی نەفی کرد !
ژن : تکایە بەسیەتی ..
ئەو : ببوورە .. ئەزانم ئەمە مایەی وەڕزبوونت .. ئەتەوێ لێت دوورکەومەوە؟!
ژن : [ وەڵام ناداتەوە ] ...
ئەو : باشە ... من ئەگەڕێمەوە شوێنەکەی خۆم ..
ژن : نا .... جێم مەهێڵە !
ئەو : جێت بهێڵم ؟! [ پێئەکەنێت ] .. جێهێشتنی چیی و چۆن ؟ بۆ کوێ بچم ؟! ئەی تـۆ بۆ کوێ ئەچیت ؟! ئەم جیهانەی ئێمە جیهانێکی بچووکە .. جیهانێکە بـەقـەد گۆڕسـتانێک

... نە  ئەوەیە بتوانین تییدا ڕابکەین و ، نە ئەوەشی بتوانین لێی ڕاکەین و هـەڵێـین !! ..
ئەریّ هێشتا  هەست بە هێڵنج و دڵتێکەڵدان ئەکەیت ؟
ژن: کەمێک ..
ئەو ؛ بە قووڵیی هەناسە بدە و بیر لە شتە جوانەکان بکـەرەوە ..[ دوای لـەحـزەیـەک] ... ئای لەم سەخافەتە ! ئـاخر لـەم شـوێنەدا ، مرۆڤێکـی عاقـڵ کـەی دەتوانێـت بیـر لـە شـتە جوانەکان بکاتەوە ؟ گوڵەکان ... باخچەکان .. مانـگ .. دیمـەنـە بێگـەردەکـان .. بـۆن و بەرامەی کازیوە .. بەهار ...! چەند ڕۆژێکی ترە و بەهار دێت .. چـەنـد ڕۆژێـک بـەر لـە ئێستا خونچەکانم لە باخچەکەدا بینین خۆیان ئەکـردەوە ..[ تۆزێـک بێـدەنـگ ئـەبێـت ] ..ئەبێ باخچەکە چیی بەسەر بێت ؟
ژن : تکات لێئەکەم بێدەنگ بە !
ئەو ؛ خۆزگە بمتوانیایە بێدەنگ بم .. بەڵام ئەو بیر و ختورانەی کە بـە مێـشکمدا دێـن و ئەچن ، لە من بەهێزترن ... بەڵام سەرەڕای ئـەوەش و بـۆ ڕێزگـرتن لـە تـۆ هـەوڵئـەدەم بێدەنگ بم ..قسە ناکەم هـەتـاکو تـۆ داوام لێنـەکـەیـت .. [ بێـدەنگیـی ] ..ئـاخر چـۆن ئەتوانیت لە شوێنێکی وەهادا بێدەنگ بیت و قسە نەکەیـت .. ئـەی تـۆ لـە بیرکردنـەوە و داڵگەکانی خۆت ناترسیت ؟ ئەی ترست نییە لەوەی کە تەنیایی وات لێبکات  کە بـەتـەنـێ بیر لە مردن بکەیتەوە زیـاتر لـەوەی بیـر لـە ژیـان بکـەیتـەوە ؟! .. خودایـا ... چـەنـدە تەنیام...!!
ژن : کاتێ مرۆڤ تەنیا ئەبیت ، ئەو تەنیاییە وای لێئەکات ئاسانتر مردن قبوڵ بکات ..
ئەو : بەڵکو بە پێچەوانەوە ، ئەگەر شتێک هەبێت هـانی مـرۆڤ بـدات کـە قبـوڵی مـردن نەکات ، ئەو کاتە مردن ئەبێتە شتێکی ئیحتیمـالیی .. [ دوای کـەمێـک ] ئـەگـەر ژنـەکـەم نەبووایە ، من نەمئەتوانی مردن قبوڵ بکەم ...لە پیناو ژیانی ئەودا ئامادە بووم مردن قبـوڵ بکەم ... بەڵام ئەو دەمەی کە مرد و بە تەنیا جێی هێشتم ، ئیتر من ڕقم لە مردنەکەی بـۆوە .. ڕقم لە مردنی خۆیشم بۆوە .. هەر کە ئەو مرد ، ئیتر من دەرکم بەوە کرد کـە بـەرگـەی مردن ناگرم و ، ڕێزی مردن ناگرم و ، چارەی مردنم ناوێت ..

ژن : بەڵام  من .. من تەمەنناى مردن ئەکەم ... بەڵام چی بکەم لاوازم لە هێنانـەدیـی ئـەو تەمەننایەمدا ..

ئەو : بەڵام ئەی ژنە داماوەکە ، تۆ بۆچی ئەتەوێت بمریت ؟

ژن  : چونکە ئەوەی خۆشم ویست ، مرد ...!

ئەو : ئای ئەوە چ سادەییەکە ! ئاخر تۆ نازانیت کە مردنی ئـەو بـەسـە بـۆ ئـەوەی ئیتـر خۆشت نەوێ ! باشە تۆ ئەتوانیت عاشقی کەسێکی مردوو بیت؟! باشە پیم بڵێ ، تۆ  بـەم حاڵەشەوە هێشتاکە ئەوت خۆشئەوێت ؟!

ژن :  بـــەڵـــێ ...

ئەو : ڕاست ناکەیت .. بمبوورە وا ئەڵێم ..! ئاخر من ناتوانم باوەڕت پێبکەم.. !

ژن : ئەگەر خۆشم نەویستایە ، بڕیارم نەئەدا بە مردنی ئەو ، منیش مردن هەڵبژێرم ...

ئەو : ئەوە خۆ بە زلزانینە کەسێک نەیەوێت دان بەوەدا بنێـت کـەوا کـەوتۆتـە داوەوە .. ئەگەر وانییە ، پێم بڵێ کوا ئەو خۆشەویستییەی باسـی ئـەکـەیـت ؟! تـۆ ئـەوەتایـت لـەم گۆڕستانەدا ، ئەگریت ، ئەترسیت ، شڵەژاویت ! لە کاتێکدا ئەو لـە نـەعـشەکـەیـدا خـەوی لێئەکەوێت و پاشانیش بۆگەن ئەکات ..

ژن : نـــا .. وا مەڵێ ...

ئەو : بەڵێ .. هەموو ئەم مردووانە بۆگەن ئەکەن و ئەڕزێن ..ئـەو لاشـانەی ژیانیـان تێـدا نەبێت ، پاشەڕۆژیان هەر بۆگەنکردن و لەناوچوونە !

ژن : تکات لێئەکەم بێدەنگ بە ..!

ئەو : تۆ ئەڵێیت ئەوت خۆشئەوێت و ، لە پیناوی ئەویشدا ئەمریت ...ئەمە شتێکی باشە و سوپاس بۆ هەڵوێستت ! ڕێم بدە پرسیارێکی بچکۆلانەت لێ بپرسم ؛ تۆ ئـەتوانیـت ئـەم خۆشەویستەی خۆت بانگ بکەیت و ، ئەویـش وەڵامـت بداتـەوە ؟ هـەرگیـز .. هـەرگیـز ناتوانێت .. چونکە ئەو وەک کەڕان ناتوانێت قسەکـانی تـۆ ببیـستێت .. ئـەی باشـە تـۆ ئەتوانیت هانای بۆ بەریت و داوای یارمەتیی لێبکەیت ؟  بـۆ نموونـە پێـی بڵێیـت ؛ فریـام

کەوە ئەم کابرایە تەنگی پێهەڵچنیوم ، ئەویس لە مردنەکەی ڕاست بێتەوە و ئیتر نـەهێڵێـت من هیچت دەرهەق بکەم.. ! ئەی تۆ ئەتوانیـت لیـی تـووڕە ببیـت ..نـاڕەزایـی بـەرامبـەر دەربیڕیت ؟! نا ..نەخێر ناتوانیت .. هێندەش نابـات ئـەو ڕۆژە دێ کـە تیایـدا سـەیـری ئەکەیت ایناسیتەوە ..بگرە هەر کە لێی نزیک ئەبیتەوە ، ئەبێـت لـووت و چـاوت بگریـت ..! ئاوا ئەڵێیت خۆشم ئەوێ ؟! ئیتر ئەوە مردنە و .. تۆس چیتر مەگـری ...! یـان گـەر ئەتەوێ منیش ئەگریم و تەحەددات ئەکەم ! دە ئێستاکە هەستە و تەماشا کە ! ئـەوەی تـۆ خۆشت ئەویست ، هێشتاکە بۆگەنی نەکردووە ... هێشتاکە لەو گەنجە جوانمەردە ئەچێـت کە هۆگری بیوویت ! کەواتە هەستە و ، سـەری نـەعـشەکـە بکـەرەوە و ..تـەماشـای بکـە ..بنوشتێەوە بەسەریدا و .. دەی تاقی بکـەوە چـۆن ئـەنوشـتێیتەوە بـە سـەریـدا ..! تـۆ ئەزانیت ناتوانیت ئەوە بکەیت ... نا بەڵکو ناتەوێت ئـەوە بکـەیـت ! کـەچـی ئـەشـڵێیت خۆشت ئەوێ ... دەی ؛ ئێستاکە بچۆرە لای .... وەک جاران مـاچی کـە ... وەک چـۆن عاشقان لێوانی بمژە.. ئەی ئەوە تۆ نەبوویت ئەم خۆشەویـستەی خۆتـت مـاچ ئـەکـرد و ئەچوویتە لای ئەو دەمەی زیندوو بوو ... ئەی باشە بۆ ئیستا ناچیتە نەعشەکەیـەوە و لـە پاڵیا ناخەویت ؟ !

ژن : هەی بە نەفرەت بیت ...هەی نەفرەتلێکراو !

ئەو : من نەفرەتلێکراو نیم ... بەڵکو ئەوە ئەم لاشـانەن کـە بـە نـاوی خۆشـەویـستییەوە ژیانمان لێ تاڵئەکەن و ئێمە خۆیشمان دەستمان لەوەدا هەیە! ببـەخـشە ... مـن تـووڕەم ، تووڕە .. بەڵکو سەرباری ئەوە غەمگینیشم !

ژن : منیش غەمگینم ...!

ئەو : قەیناکا ... خەم لە مردن شەریفترە ... خەم وەرزێکی شـەریفـە لـە وەرزەکـانی ئـەم ژیانە ... ئەو هەمیشە دوای بەهار دێت ... هەر وەک چۆن مردن هـات و خۆشـەویـستیی لێ تێکداین و ، فڕێی داینە ئەم گۆڕستانەوە ..!

ژن : ئەوە خۆمان بووین ئەوەمان هەڵبژارد ...!

ئەو ؛ بەڵێ خۆمان هەڵمان بژارد ... بەڵام ئێمە هەڵە بووین ...هەڵەمان کرد تەنها لەبەر ئەوەی لە چرکەساتێکی ڕاستگۆییماندا سنووری خۆمانمان بەزاند... ئەی باشە بۆچی ئەم هەڵە بێمەبەستەی کە ئێمە کردمان ئاوها گەورە و خراپ بەسەرماندا شکایەوە ..بە جۆرێک وا پێویست بکات کە لە پێناویدا بەمجۆرە بمرین ؟ ! تەنانەت تاوانکارانیش ، تەنانەت پیاوکوژانیش ئیجبارناکرێن لەم دۆخەدا بن کە ئێمەی تێداین ... سەیرە ..!! ئەمە چ کابوسێکە ئێمەی تێداین ؟!

ژن : بەڵێ وایە ... بەڵام ئێمە چیمان لەدەست دێ بیکەین ؟

ئەو : ئەوەی لە دەست ئێمە دێت ئەوەیە ئەم وەزعە ڕەتبکەینەوە ... ڕەتکردنەوە بۆ خۆی بەسە !

ژن : ئاخر ئەوە عەزابەکەمان زیاتر ئەکات ..

ئەو : بە پێچەوانەوە ...تەسلیم بوونمان بۆ خۆی عەزابە ...بەڵام ڕەتکردنەوە.. ئا ، ڕەتکردنەوە بەرەو هیوامان ئەبات و ، یارمەتی بەرگەگرتنمان ئەدات ... هەروەها مانایەکیش ئەبەخشێتە ئەو زەمەنەی کە تێیداین و نرخێکی ئەداتێ ... !

ژن : [ بێدەنگە ] ....

ئەو : بۆچی بێدەنگیت ؟

ژن : بیر لە قسەکانی تۆ ئەکەمەوە ... ئەمەوێ قەناعەت بکەم بەوەی کە ڕەتکردنەوە ئەهوەنترە لە تەسلیمبوون ..

ئەو : ئاخر ئەمە کەی پێویستی بە تێفکرین هەیە ؟ تەسلیمبوون ، جگە لە مردن چ مانایەکی تری هەیە ؟

ژن: باشە ئەگەر ئێمە بڕیاری ڕەتکردنەوە و بەرگرییکردن بدەین ، ئەوە ئەمانگێڕێتەوە بۆ ژیان ؟

ئەو : ئێمە خۆمان زیندووین ، چ پێویست بەوە ناکات بگەڕێینەوە بۆ ژیان .. ئەها نابینی ئێمە زیندووین ؟ ژیان ئەوەتا لە ناو خوێنی خۆماندا ئەبزوێت و داوامان لێئەکات بە وەفا و دڵسۆز بین بۆی ... ئاخر جەستە و بیرمان نایانەوێت تەسلیم ببن .. ئاخر دواجار

ئەوان بە نەفرەتمان ئەکەن ئەگەر ئیمە بە بێ هیچ هۆیەکی مەعقول ، وجودی خۆمان بخەینە مەترسییەوە .

ژن : باشە ... لە هەموو قسەکانت تێئەگەم .. ئەگەر بڕیاری رەتکردنەوەمان دا ، چی بکەین ؟ چۆن بڕیارەکە بدەین ؟

ئەو : .... بەرگریی ئەکەین ...

ژن : بەرگریی چیی ئەکەین ؟

ئەو : مردن ....

ژن : چۆن ؟ [ ئەگری ] .. کێ ئەتوانێت بەر بە مردن بگرێت ؟

ئەو ؛ مەگری ... گریانەکەت بۆ خۆت تەسلیمبوونە ... بەڵام ڕەتکردنەوە و بەرگریی بۆ خۆیان دەستەبەری ئەوە ئەکەن کە بیرکردنەوەمان ڕۆشن بکەنەوە و ... دواتریش ڕێگە بدۆزینەوە ...

ژن : ئاخر چۆن ؟

ئەو : نازانم ...

ژن : ئەها ئەبینیت ، تۆ خۆشت نازانیت !!

ئەو : بەڵێ ... خۆ درۆت لەگەڵدا ناکەم ... ئا لەم چرکەیەدا نازانم ... بەڵام سەرباری ئەمەش ، بە هەموو وجودی خۆم بیر ئەکەمەوە و ئەگەڕێم .. ئەشزانم ؛ بڕوام پێبکە و من دڵنیام لەوەی کە ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون ئەدۆزینەوە ... گوێم لێبگرە ..گوێم لێبگرە و بە هەموو هەستەکانی خۆت ، بە ئارەزووی قووڵی خۆت بۆ ژیان ، لێم تێبگە ...! من لێرەوە و بەو پەڕی هۆشمەندییەوە ئەوە ڕائەگەیێنم ، کە من دڵنیام نامرم ... ئەگەر بمردمایە ، هەڵبەتە هەر ئەبوو بزانم ! بەڵام من لێم مەعلومە نامرم و ، لە توانامدایە چەند ساڵێکی تر بژیم ... بژیم بۆ ئەوەی عیشق بکەم ...کار بکەم ...بەرهەمم هەبێت ... خەڵکیی بەختەوەر بکەم و ، بەختەوەریش بکرێم ... بڕوام پێبکە ! داهاتەکی ئەوە هەستی منە ، ئیتر ئەوە بەسە کە ئەو هەستە بۆ من بێتە پەتی هیوا و دەستی پێوە بگرم ... تۆش وەڵامم بدەرەوە ، ڕاستگۆیانە بێرە وەڵام : ئایا تۆ بڕوات بەم مردنە هەیە کە ئێستاکە سەپێنراوە

بەسەرتدا ؟! لە ناخی خۆتدا هیچ قەناعەتێکت بەوە هەیە کە ئەمریت ؟ ... قەناعەتت هەیە کە ژیان و تەمەنت ئیتر چەند ڕۆژێکیان ماوە و تەواو ؟! ئەی هەست بەوە ناکەیت ئەم حاڵەی تۆی تیدایت ، بە تەنها خەونێکی ترسناکە و هیچی تر ... دواتریش هــا کا، لەم چرکەیەدا ، یان تۆزیکی تر لەو خەونە بائاگا هاتیت!

ژن : با ... بەڵێ ...

ئەو : چاوت لێیە ؟ ! ڕزگاربوون لێرەوە دەست پێئەکات ... ڕزگاربوونمان لەوێوە دەست پێئەکات کە ئێمە باوەڕ بهێنین بەوەی مردنەکەمان نامەعقول و ، نەشیاو و ، ناجۆرە ! لەوێوە کە بە تەنها هەست بەوە بکەین کە کە مردنمان مەحاڵە ...[ کەمێک بێدەنگیی ] .. ئەگەر باوەڕمان بە ژیان هێنا ، ئەوسا ناهێڵین بمرین ...!

باشە تۆ بۆچی ناڕەحەت ئەبیت بەوەی من ببینیت پارچە نانێک ئەخۆم ...؟ ئەی باشە بۆچی پێت ناخۆش بوو ئەو دەمەی لێم پرسیت ئەرێ برسیت نییە؟! ئەها ... ئەها نابینیت ! ئەو حاڵەتانە هەموویان بریتین لە باوەڕهێنان بە ژیان !

کەواتە مادام ئێمە باوەڕ بە ژیان ئەهێنین ، ئەوە بەرەو حاڵەتەکانی ترمان ئەبات ... یەکەمینی ئەو حاڵەتانەش بریتییە لەوەی برسیمان ئەبێت .. هەروەک ئەو برسێتییەی کە عادەتیی هەستی پێئەکەین ئەو دەمەی لەدەرەوەی گۆڕستانەکەین .... پاشان نان ئەخۆین و ، چێژ لە خواردنەکە وەرئەگرین... بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو حاڵەتەوە جوڵاینەوە ، ئەوە ئیتر مانای وایە تەسلیم ئەبین و ئێمە خۆمان مردن هەڵئەبژێرین و ، ئەوساش هەر بە ڕاستی ئەمرین ... تۆش کە بڕیار ئەدەیت نان نەخۆیت ، ئەوە مانای ئەوەیە مردنت هەڵبژاردووە !

ژن : من بڕیاری ئەوەم نەداوە کە نانخواردن ڕەتبکەمەوە ...ئەوەی هەیە تەنها ئەوەیە کە هەست بە برسێتیی ناکەم ....

ئەو : باشە .. ئەی ئەگەر هەستت بە برسێتیی کرد ؟!

ژن : بۆ مرۆڤێک کە لە گۆڕستاندا بێت چۆن ئەتوانێت ئیشتیهای خواردنی هەبێت ؟! من سەرم لەم قودرەتەی تۆ سوڕماوە ..چۆن ئەتوانیت چێژ لە خواردن وەربگریت ؟!

ئەو : وەڵامی ئەو پرسیارە ئاسانە ...چونکە من حەز ناکەم بمرم !

ژن : بە زۆر نان ئەخۆیت ؟ خۆت ئیجبار ئەکەیت کە نان بخۆیت بۆ ئەوەی نەمریت ؟!

ئەو : نە بەخوا ، هەرگیز ... بەڵکو چێژ لە خواردنەکە ئەبینم !

ژن : ئەی بێز ناکەیتەوە ؟

ئەو : نەخێر ... تۆ هێشتاکە بیر ئەکەیتەوە ؟

ژن : بەڵێ ...

ئەو : ئەوە مانای وایە تۆ بیرۆکەی ژیانت قبوڵ نییە ... خانمەکەم ؛ بە ڕاست تۆ هاتا ئـەم ڕادەیە مەبەستتە بمریت ؟؟!!

ژن : ئەگەر بەدەستم بێت ... بەڵێ ...

ئەو : بە جددی وا ئەڵێیت ؟!

ژن : بێگومان ...چونکە ئەگەر لە بڕیارەکەم پەشـیمان بمـەوە ، مانـای وایـە ڕێـزی خـۆم ناگرم ... بەڵام گرفتەکەم لەوەدایە من لەوە لاوازتـرم کـە بـەوپـەڕی پـاکیی و قـەناعـەت و قبوڵکردنی ڕاستەقینەوە بڕیارەکەم بە جێبهێنم ...

ئەو : گوێ بگرە خانمەکەم .. ئەم لۆجیکەی تۆ ئەیێتە مایەی نیگەرانییم .. تکام وایـە کـە لە ڕاشکاوییم نیگەران نەبیت ...! تۆ ئەڵێیت حەزت بە مردنە ، وا نییە ؟!

ژن : وەڵامت نادەمەوە ..

ئەو : قەیناکا .. وەڵامم مەدەرەوە ... ئەی باشە ڕات چییە ئەگەر ئاسانکارییت بۆ بکەم لـە گەیشتن بەوەی کە ئەیخوازیت ؟ .. مەبەستم ئەوەیە؛ چۆنە ئەگەر یارمەتیت بدەم لەوەی کـە بمریت ؟!!

ژن : [ وەڵام ناداتەوە ] ...

ئەو : باوەڕم پێبکە ئەتوانم یارمەتیت بدەم .. تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت ...ئێستا هەڵئەسـتم و دەستم ئەخەمە بینە قاقات ..[ پێدەکەنێت ] ... ئـا ، دەسـت ئـەنێمـە بینـە قاقـات هـەتـا ئەمریت .. [ جارێکی تر پێئەکەنێت ] ها .. ئەڵێیت چی ؟!

ژن : تکایە ، بەس ئازارم بدە !

ئەو : واتا ناتەوێت ئەوەت لەگەڵدا بکەم ؟!

ژن ؛ ئاخر ئەمە ئەو مردنە نییە کە من ئەیخـوازم ... ئـەوە ئـەبێتـە خۆکوشـتن.. ئـەگـەر ئەوەشم بویستایە ، ئەوا هەر ئەو کاتە خۆم ئەکوشت کە مێردەکەم مرد ...

ئەو : سەیرە .... من شتی وام بە خەیاڵدا نەهاتووە .. ئەرێ شتێکی سەیـر نییـە ؟؟!! مـن هەرگیز ئەوەم بە خەیاڵدا نەهاتووە کە دەستم بچێتە خۆم و لە بری ئـەوەی بـە زینـدوێتیی بنێژرێم ، خۆم بکوژم ... ئەی سەبارەت بە تۆ ، پێش ئەوەی بتنێژن شتی وات بە خەیاڵـدا هاتووە ؟!

ژن : بەڵێ ...

ئەو : ئەی بۆچی خۆت نەکوشتووە ؟ ... ئەوە بۆ خۆی مەبەسـتەکـەش ئـەهێنێتـە دی ... واتا ، ژیان پێکەوە و ...مردنیش هەر پێکەوە ..[بێدەنگیی]..

ژن : [ پاش کەمێک ] .. ئەرێ تۆ بەڕاستت بوو کە وتت ئەمخنکێنیت؟!

ئەو : ئەگەر خۆت بتەوێت .. ئەی بۆ نا ؟! ... بەوەش چاکەیـەکـت لـەگـەڵ ئـەکـەم و لـە دەست ترسی ڕۆژانی داهاتوو ڕزگارت ئەکەم !

ژن : ئەی بە ڕاستیی ئەتوانیت بمکوژیت ؟!

ئەو ؛ نەء ... بەلام مادامەکی تۆ مردن هەڵئەبژێریت ... ئەوا هەوڵئەدەم و لە خزمەتتا ئەبـم بۆ ئەوەی ببمە ئەو وەسیلەیەی کە خۆتی پێئەکوژیت ... بە تەنهـا ئامرازێـک و هیچـی تـر !!!

ژن : ئەی ئەتوانیت ئەوە بکەیت ؟!

ئەو : [ پێئەکەنیت ] .. بەڵێ ...

ژن : ئای چ کارەساتێکە ... چەند بە هێمنیی و خوێنساردییەوە وام پێئەڵێیت؟!

ئەو : سەیرە ...ئەی چۆن چۆنی پێتی بڵێم ؟!

ژن ؛ تکایە بەسیەتی ...تۆ ئەمترسـێنیت ... ئـەم شـێوازی قـسەکردنـەت وام لێئـەکـات لـە ترساندا بلەرزێم ..

ئەو : ئەری ئەمە سەیر نییە ؟! باشە ئەمە چ لۆجیکێکە تۆ قسەی پێئەکەیت ؟

چیی وات لێئەکات لە ترساندا هەڵبلەرزیـت ؟! قـسەکـانم چ شـتێکی ترسـناکیان تێدایـە ؟! مردن ؟ [ پێئەکەنێت ] ئەی ئەوە نییە تۆ چاوەڕوانی مردن ئەکەیت و ئەگەڕێیت بە شـوێنیا !؟

ژن : ئەتوانیت کەمێک بێدەنگ بیت ؟! تکات لێئەکەم بێدەنگ بە ...!

ئەو : باسە بیدەنگ ئەبم ، مادام تۆ وات پێخۆشە ! بەڵام بەو مەرجەی پاس کـەمێکـی تـر داوام لێئەکەیت دەستکەمەوە بە قسەکردن ! ئەها ... ئەوە مـن بیـدەنـگ ئـەبـم .. قـسەش ناکەم هەتا تۆ داوام لێئەکەیت ..! [ پاش کەمێک ] .. تەنها یەک پرسیارم هەیـە .. ئـەگـەر ڕوخسەتم بـدەیت بیکەم ؟ یەک پرسیار ؛ ئەرێ تۆ بە ڕاستیی ترسایت ئـەو کاتـەی وتـم من ئامادەم بتخنکێنم ؟!

ژن : بەڵێ ... هەتا ئەم چرکەساتەش من لە ترسانا ئەلەرزم ...!

ئەو : سەیرە ... ئەی بڕوات کرد بەوەی کە من بەڕاستیی ئەتکوژم ؟

ژن : نازانم .. ئاخر تۆ بە شێوەیەکی ترسناک باسی مەسەلەکەت ئەکرد..

ئەو : ئیتر تۆش ترسایت و کە بیم و بتخنکێنم ...وا نەبوو ؟! [پێئەکەنێت]..

ژن : [ وەڵام ناداتەوە ] ...

ئەو : باشە چۆن هاتە بەر زەینت کە من ئەوە ئەکەم ؟!

ژن : پێم وتیت .. شێوازی قسەکردنەکەت ترساندمی !

ئەو : لە چیی ؟ !

ژن : لە بیرۆکەی کوشتن ... وا هاتە بەر چاوم کە بە ڕاستیی دێیـت و دەسـت ئـەخـەیتـە بینە قاقام .. ئای چەندە ناشیرینە !!

ئەو : [ پێئەکەنێت ] ..یانی تۆ منت وا هاتە بەرچاو کە ئەوە ئەکەم ؟

ژن : تۆ خۆت ئەوەت وت !

ئەو : من شێت نیم .. بڕوام پێبکە ! ... تۆ وا ئەزانیت کە من شێت بووم ؟

ژن : لە شوێنێکی وەهادا و ... لەم بارودۆخەی ئێمەی تێداین ؟!

ئەو : ڕاست ئەکەیت ... بەڵام .. شێتبوونەکەم بگاتە هەر ئاست و پلەیەک ، هێشتا وام لێناکات کەسێک بکوژم ... مەحاڵە شتی وەها بکەم ... ئەوە تۆ چیی ئەڵێیت ، من بێم و بتکوژم ؟! بە تایبەت تۆ ؟!

ژن : ئاخر تۆ خۆت وەهات وت ... ئا .. تۆ خۆت وتت ..بمبەخشە !

ئەو ؛ من ئەوەم بۆیە وت هەتا بۆتی بسەلمێنم کە تۆ ڕاست ناکەیت و ناتەوێ بمریت .. من بە تەنها قسەوباسێکم لەگەڵدا کردیت و هیچی تر ..!

[ پێئەکەنێت ] ... ئاخر من چۆن کەرێتیی وا ئەکەم ؟! مەگەر تۆ نازانیت بوونی تۆ لەگەڵ مندا چەندە گرنگە ؟! کە هەست بە بوونت بکەم و ، قسەت لەگەڵدا بکەم ، ئەوە هەموو ژیان ئێنێت بۆ من ... [ بێدەنگیی ] ...هـا ..هێشتا هەر ئەترسیت ؟! هێشتا لەرزت لێئەنیشێت ؟!

ژن : بەڵێ ...

ئەو : ئەو لەرزەت هیی ترسە ، وا نییە ؟!

ژن : نازانم ...

ئەو : نا .. ئەوە لەبەر سەرما و شێی ئەم ناوەیە .. منیش هەست بە لەرزیک ئەکەم لە جەستەما... بەڵام هیی ترس نییە و من ناترسم .. پێم بڵێ ؛ پیاوەکەت ئیشی چی بوو ؟!

ژن : پزیشک بوو ...

ئەو ؛ بە ڕاست ؟ ئەی خۆت ؟

ژن : منیش هەر پزیشک بووم ...

ئەو : لە بوارێکی تایبەتدا پسپۆڕییت هەبوو ؟

ژن : بەڵێ پسپۆڕی منداڵبوون و منداڵان بووم ...

ئەو : [ پێئەکەنێت ] ... منداڵبوون و منداڵان ... چەندێ سەیرە !! کە منداڵ بووم ، چەندین ساڵ بەو تێفکرینەوە سەرقاڵبووم کە بۆچی ناتوانم ئەوە بهێنمەوە بیری خۆم چۆن لەدایکبووم ...لە خۆمم ئەپرسی باشە بۆ نەتوانم ئەوە بێتەوە بیرم کە بزانم چۆن لەدایکبووم! کاتێک گەورەش بووم ، خواستم ئەوەبوو کە ببینم مرۆڤ چۆن لە دایک

ئەبێت ! بۆ نموونە کوڕەکەی خۆم ببینم ئەو دەمەی دێتە دنیاوە! بەڵکو ئەوە یـادی ئـەوەم بخاتەوە کە من چۆن لەدایکبووم ... ئەی تۆ بە حەسرەتی ئەوەوە نیت منداڵێکت هەبێت؟!

ژن : بــا ...

ئەو : ئەی هەوڵت داوە بیهێنیتە بەر زەینی خۆت ؟!

ژن : کــێ ؟

ئەو : منداڵەکەت ... ئەو منداڵەی لە هەناوی تۆوە لەدایک ئەبێت ؟

ژن : نەء ...

ئەو : بۆچی ؟

ژن : چونکە حەزم بەوە نەکردووە هۆگری بیم ..

ئەو : ڕەنگە ڕاست بکەیت ...! حەسرەتی مێینە بۆ ئەوەی منداڵێکی لە هەناودا بێت ، ئـەم حەسرەتە ئەبێت لە بەهێزییەوە سەرچاوە بگرێـت ، بۆیـە وازهێنـان لـەو حاڵـەتـە شـتێکی ترسناکە ... ئەگەر من ژن بوومایە ، تکات لێئەکەم پێم پێمەکەنە ، ئەگـەر منـیش بمتوانیایـە منداڵم ببێت ، وەک چۆن ژن منداڵی ئەبێت ...ئەڵلا ، ئەگەر وا بوایە ، ئـەوا لـەو بـاوەڕەدام هیچ هێزێک لەم کەونەدا نەبوو وام لێبکات واز لەو سەروەرییە بهێنم ..! ئێستاش ؛ تـەماشـا کە ، ئەوەتا جارێکی تر من تەنگ بە تۆ هەڵئەچنم !

ژن : هەرگیز ..! نا .. هەرگیز تەنگم پێ هەڵناچنیت ..! تۆ ڕاست ئـەکـەیـت ، کـارەسـاتە ژنێک توانای منداڵ خستنەوەی هەبیت ، کەچی لەبەر هەر هۆیەک بێت دەسـتبەرداری ئـەو سەروەرییەی خۆی بێت ! بەڵام ئەوە بۆ خۆی خۆشەویستییە...!

ئەو : بەڵکو لە لوتکەی جۆرەکانی خۆشەویستیدایە ...

ژن : نــا ... بەڵکو ئەوە خراپترین حالەتی ئەنانییەتە ..چونکە خۆشەویـستیی بـۆ خـۆی بریتییە لە قوربانییدان .. تۆ بڕوانە ؛ من موحتاجی ئەوە بم بیم بـە دایـک و دایکایـەتیـی بکەم ، کەچی هاوزەمان ناچار بم ئەم حەزە بکەمە قوربانیی ...!

ئەو : قوربانیی لە پێناوی چییدا ؟!

ژن : لە پێناوی خۆشەویستییدا ...

ئەو : خۆشەویستیی کێ ...؟ گوێ بگرە خانمەکەم ..! ئەگەر تۆ منداڵێکت هـەبێـت ، ئایـا پێویستت  بە چەندە بیرکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی جیاوازیی بکەیت لە نێوانی ئەو منداڵـە و ، ئەو کەسەی کە خۆشت ئەوێت ؟! دەی وەڵامم بدەرەوە ؛ منداڵەکـەت زیـاتر خۆشـئەوێـت یان ئەو کەسەی لە ژیانتدایە  ؟!

ژن ؛ من ، فەزڵی خۆشەویستەکەمم دا بەسەر منداڵەکەدا !

ئەو ؛ باشە ... منیش هەمان شتم کردووە ..چونکە هەتا ئەوپەڕی ، هەستـم بـە گـەورەیـی خۆم ئەکرد ... [ بێدەنگیی ] .. لە هەموو ئەو حاڵەتە بەهەدەرچوانـەی  خۆشـەویـستییدا ، من هەمیشە سەرنجی ئەوەم ئەدا کە من .. کە ئێمە تاوانێک ئەنجام ئەدەیـن ... تـەمـەننـام ئەکرد هاوار بکەم ؛ ئەها منداڵێک کە لەپشتی منە ، ئەوەتا لە دایک ئەبێت ! تێم ئەگەیت ؟!

ژن : بەڵێ ....

ئەو ؛ جارێکیان .. ژنەکەم وایزانی سکی هەیە .. ئەوەم لە بیر ناچێتەوە کە چیم کرد .. کە چیمانکرد .. شتێکی سەیر بوو !

ژن : باشە ژنەکەت بە ڕاستی سکی پڕ بوو ...؟!

ئەو ؛ نەء .. بەڵکو وەهمی خۆمان بوو ... بە ڕاستی کـاریکی ترسـناک بـوو..! بــا  لـە شتێکی تر بدوێین ... ئەوە بۆچی هەر ئەبێت بە تەنها من قـسە بکـەم ....؟ تـۆش هـەوڵ بدە ...تاقی بکەرەوە شتێک بڵێ !

ژن : چی بڵێم ؟!

ئەو : سەیرە ...!  شتێکت پێ نییە بیڵێیـت ؟ هـەر شـتێک بێـت .. شـتێک وەک فزوڵـی خۆت بپرسە ...! لێم بپرسە ، دەربارەی خۆم ، یان دەربارەی خۆت قسەم بـۆ بکـە ... تـۆ خۆت ئەزانیت ئێمە ناتوانین بێدەنگ بین ..یان دیارە تۆ ئەتەوێت من بێدەنگ بم ...؟!

ژن : نـا ... قسە بکە ..!

ئەو ؛ بەلام ئاخر من هەمیشە ئەو شتانە ئەڵێم کە ئەبنە مایەی خـەم و ، وات لێئـەکـەن لـێم وەڕس بیت ....!

ژن : گوناه ، گوناهی تۆ نییه ! هەموو ئەو شتانەی دەوروپشتمان مایەی خەم و وەڕس بوونن !
ئەو : تەنها یەک شت نەبێت ! ئەویش ئەوەیە کە ئێمە پێکەوەین ... وا نییە؟ تکات لێئەکەم بە ڕاشکاویی وەڵامم بدەرەوە ... ئەی ئەوە ڕێکەوتێکی جوان نییە کە ئێمە پێکەوەین ؟!
ژن : بەڵێ ...
ئەو : تۆ بیری لێبکەرەوە ...ئەگەر تۆ تەنها هەر خۆت بوویتایە لێرە .. یان من هەر بە تەنیا خۆم بوومایە ...چەندە ترسناک ئەبوو ... وا نییە ؟!
ژن : بەڵێ ...
ئەو : کەواتە دەی دەست پێبکە و ، مەهێڵە هەر من قسە بکەم .. وام لێبکە هەست بەوە بکەم کە تۆ ئەتەوێ قسەم بۆ بکەیت ...!
ژن : من نازانم قسە بکەم !
ئەو ؛ منیش نازانم قسە بکەم ...ئەوەتا هەمیشە ئەو شتانە ئەڵێم کە ئەبنە مایەی تووڕەبوونت یان ئەبنە مایەی گریانت .. دەی ... ئێستا نۆرەی تۆیە قسە بکەیت ..چ پرسیارێکت پێخۆشە ئەتوانیت بیکەیت ! [بێدەنگی ] .. چییە ، ناتەوێ هیچ بڵێیت ؟!
ژن : بەڵێ ... بەڵام ئەو پرسیارانەی بە مێشکی مندا دێن و لەم باروبۆخەی ئێمەی تێداین ، هەست ئەکەم پرسیاری بێمانا و ئازاربەخشن !
ئەو : قەیناکا ... تۆ واز لە خراپیی پرسیارەکان بهێنە و ، پرسیاری خۆت بکە ...
ژن : باشە ... کەواتە هیچ لۆمەیەکم مەکە ئەگەر پرسیارەکە بێمانا بوو ... [بێدەنگیی] ..
ئەو : دەی .. بابزانم پرسیارەکە بێماناکەت چییە ؟!
ژن : [ وەڵام ناداتەوە ] ..
ئەو : شتێکی سەیرە ! باشە  لە کاتیکدا ئێمە لەم گۆڕستانەداین بۆچی بترسین لەوەی کە ئایا ئەو پرسیارەی لە یەکتریی ئەکەین بێمانایە یاخود نا ؟ من لەم گۆڕستانەدام و سەرم ناکەم لەوەی هەرچیی بیمانایی هەیە بیکەم ..

چونکە گەورەترین بێمانایی بریتییە لەوەی کە ئێمە خراوینەتە بەردەم ئـەم مردنــەی ئێـستا .. [ پاش کەمێک ] ... تاقە شتێکیش کە ڕێگری ئەوە بێت بێمانایی بکەم وجودی تۆیـە ! ئیتر ناشزانم ئەگەر تۆ نەبوویتایە ، چ بێماناییەکم ئەنواند !

ژن : سوپاس ... [ پاش کەمێک ] ..تەمەنت چەندە ؟

ئەو : هەوڵ بدە خۆت تەمەنم بخەمڵێنیت ...

ژن : بۆ نمونە ؛ ئەشێ پەنجا ساڵ بیت ؟!

ئەو : چل و پێنج ساڵم .. بەڵام هەمیشە لەتەمەنی خۆم گەورەتـر دیـارم ..باشـە تـۆ چـۆن توانیت تەمەنم بە پەنجا ساڵ دابنێیت ؟!

ژن : بە دەنگتا ...

ئەو : ئەی تۆ تەمەنت چەندە ؟! خۆ پرسیاری  وا  وەڕست ناکات ؟

ژن : نەخێر ..هەرگیز !

ئەو : ئاخر وەک ئەڵێن ؛ نەبۆتە ئەتەکێت لە خانمێک بپرسیت تەمەنت چەندە؟

ژن : [ پێئەکەنێت ] لێرە پێویست بە ئەتەکێت ناکات ... [ جارێکی تـریش پێئـەکـەنێـت ] ..بڕوا ئەکەیت جەژنی لە دایکبوونم ڕێکەوتی دووسبەی ئەکات ؟        ئەو : مەعقولە ؟!

ژن : دووسبەی ، سی و شەش ساڵی تەمەن تەواو ئەکەم ! ...

ئەو : باشە .. کەواتە دووسبەی ئاهەنگ ئەگێڕین ؟!

ژن : [ قاقا پێئەکەنێت ] .. ئاهەنگ ئەگێڕین ؟؟!!

ئەو : بەڵێ ... ئەی بۆچی نـا ؟

ژن : تۆ لەو بڕوایەدایت هەتا دووسبەی لە ژیاندا بمێنین ؟

ئەو : بە دڵنیاییەوە ئەمێنین ... هیچ ختورەیەک دێت بە دڵتا کە ئێمە بەم زوانە ئەمرین ؟

ژن : هەمو ساڵێک ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونم ، یەکێک بووە لەو شتانەی کـە مێـردەکـەم سەرقاڵ ئەبوو پێوەی ... هەموو جارێکیش من لە ناخی خۆمدا ئـەو پرسـیارەم ئـەکـرد و ئەموت ؛ تۆ بڵێیت قەدەر وای بهێنێت کە ساڵی ئایندەش ئاهەنگی جـەژنـی لـەدایکبـوونم بگێڕم ؟!

ئەو ؛ بەڵێ ئاهەنگ ئەگێڕیت ...
ژن : نــا ... من ئەوەم ناوێت ... من نامەوێت دوایەمین ئاهەنگ بگێڕم..
ئەو ؛ باشە ، چۆنت ئەوێ بــا وابێت .. ئاهەنگ ناگێڕین !
ژن ؛ تۆ ئەزانیت هەر چەند دەقیقەیەک پێش ئەوەی ڕووداوەکە بقەومێـت ، باسـی ئـەوەی بۆ ئەکردم کە چ پرۆژەیەکی بۆ ئاهەنگ گێڕان بـە بۆنـەی جـەژنـی لـەدایکبوونمـەوە بـە دەستەوەیە ... پێی وتم : ئەمسال ئەمەوێت ئاهـەنگێکـی تایبـەت سـاز بکـەیـن ...پاشـان ئەوەندەی نەبرد بەربۆوە سەر زەوییەکە و دەزوولەیەک خوێن لە دەمیەوە ڕێچکەی بـەسـت ...ئیتر هەر ئەو دەزووڵە خوێنە و هیچی تر !
ئەو : ڕاستەوخۆ مرد ؟!
ژن : زۆر پێئەچوو وا بێت ... سەری ئەزیەتی گەیشتبوو .. نەزیفی دەماغی تووش ببـوو ...... ئیتر ئاوا ڕۆیشت و بە جێیهێشتم ..! [ ئەگـری ] ..ئـەو حـەزی ئـەکـرد بـۆ هـەر شتێک بۆنەیەک دروست بکات و ئاهەنگ بگێڕێت .. داهێنان بکات لە ئاهەنگ گێڕانـدا .. پێم ئەوت ؛ ئەم ئاهەنگ گێڕانە و بەم شێوەیەی تۆ ئەیکـەیـت ، زۆرت مانـدوو ئـەکـات و زۆریش ئەکەوێت لەسەرت .. بەڵام ئەو گوێی پێ نەئەدا ... ئەو لە خەمی ئـەوەدا بـوو کـە من لە بەختەوەرییدا ببینێت ...ئەو کاتانەشی کە ئەیبینیم بێزارم یان خەمێک دایگرتـووم ، بۆ سووککردنی خەم و بێزارییەکەم نەیئەزانی چیبکات ...!
ئەو ؛ ئێستا تکات لیئەکەم بەسیەتی گریان .. دەی .. بەسە .. تکایە بەسە ، ئەگینـا منـیش دەستئەکەم بە گریان !
ژن : تۆ بۆچی بەم شێوەیە قسە ئەکەیت .. ؟ بۆ گاڵتە بە هەستی من ئەکەیت؟
ئەو : باوەڕم پێبکە گاڵتە ناکەم ... تەنها ئـەوەیـە مـن نـامـەوێـت بگریـت ... ئـەی ئـەم قوڕبەسەرییەمان بەس نییە کە تیایداین ؟ !
ژن : تۆ ژنەکەتت خۆشناوێت ..بۆیە مردنەکەی غەمگینت ناکات ... هەر لەبەرئەوەشـە تـۆ ناتوانیت لە خەمی من تێبگەیت !

ئەو : نـــا ... وا مەڵێ ... با  لەگەڵ مەرگی خۆیاندا لێیانگەڕێین ..! کێ ئەزانێـت ؟ ڕەنگـە ئێستا ئەوان لە ئێمە بەختەوەرتر بن ..یان ڕەنگە لەوە بەختەوەرتر بن کە لە ژیانـدا بـوون ...بەڵام ... ئێمە نەمردووین و ، نە زیندووشین .. پێم بڵێ ، تەمەنی چەند بوو ؟!

ژن : [ وەڵام ناداتەوە ] ...

ئەو : ئەوە تووڕەبوویت لێم ؟ ....

ژن : نەخێر ...

ئەو : ئەی بۆچی وەڵام نادەیتەوە .. ؟

ژن ؛ چل و یەک ساڵ بوو ..

ئەو ؛ ئەی لە کەیەوە ژن و مێرد بوون ؟

ژن : دە ساڵ بوو ... کـە شـووم پێیکـرد  تـەمـەنـم بیـست و پێـنج سـاڵ بـوو .. تـازە خوێندنەکەم تەواوکردبوو ...

ئەو : دە ساڵ تەمەنێکی درێژە ... لەو ماوەیەدا قەت شەڕتان نەکردووە ؟!

ژن : شەڕی بچووک  کە هەر زوو کۆتایی ئەهات .. [ پێئەکەنێـت ] .. ئـەو کاتـەشی کـە لێی عاجز ئەبووم ، پێم ئەوت ؛ ئاخر خۆم ئەکوژم  و ئیجبارت ئـەکـەم کـە لـەگـەڵ منـدا ، تۆش بـە زینـدوێتیی بنێژرێیـت ... وەک منـداڵ ورکـم ئـەگـرت ... ئـەویـش هـەمیـشە ئەیبەخشیم ...

ئەو : ئەبێ  ئیستا سەعات چەند بێت ؟! من لەوانە ئەچم کە هەر دوو چاویـان کـراوەیـە و بەڵام نیعمەتی ڕووانینیان لەدەست داوە ... ئێمە لەوان بەدبەخت ترین .. [ پاش کەمێـک ] ... هیلاکبووم هێندە دانیشتم .. ئەمەوێت لەم جێگەیەم هەستم ... ئاخر مەعقـول نییـە هـەر ئاوا بە دانیشتنانەوە بین .. ڕێم ئەدەیت بێم بۆ لات ؟!

ژن : ئارەزووی خۆتە ...

ئەو : خۆ هاتنم وەڕست ناکات ...؟

ژن : نـــا ... بۆ وەڕسم بکات ..؟

ئەو : [ هەڵئەستێ ] جـەسـتەم ژان ئـەکـات .. جومگـەکـانم ئـەڵێـی لـە کارکـەوتـوون.. [ بێدەنگیی] ...

ژن : ئەرێ کوایت ... ؟ !

ئەو : ئەمەتا لێرەدام ، هێشتا لە جێگەی خۆمدام ...

ژن : ئەتوانیت ڕێگەکە بدۆزیتەوە ؟ ... ئەمبینیت ؟

ئەو : نەخێر ... بەڵام ئەتوانم بزانم لە کوێدایت ... تەنها چەند هەنگاوێکمان لە نێواندایـە ...ئەبێت چەند هـەنگاوێـک بـەلای چـەپـدا بنـێم..[دەسـت درێـژ ئـەکـات ...ڕێگـەکـەی ئەدۆزێتەوە] ...

ژن : من تۆ نابینم ...

ئەو : ئەوا هاتم ... [ ساتمە ئەکات ] ...

ژن : هـا .. چیی بوو ؟!

ئەو : هیچ نییە ... لە شتێک هەڵنووتام ... قسە بکە بۆ ئەوەی بە دەنگتا بەرەو لات بێم...

ژن : ئاگادار بــە ...

ئەو : شتێک بۆتە لەمپەر لەبەر دەممدا ... ئەبێت بە دەوریا پێچ بخۆم ... تۆ لە کوێدایت؟!

ژن : من لێرەدام ...لێرە ...!

ئەو : ئەگەر بۆت ئەکرێت دەستی خۆتم بۆ درێژ کە ...[پاش کەمێک ] .. دەستت هێنا ..؟

ژن : بەڵێ ...

ئەو : وای لەم کارەساتە ! ئاخر من ئەزانم تۆ چەندە نزیکیت .. تکایە بێدەنگ مەبە ...!

ژن : ئەوەتانێ .... من قسە ئەکەم ...

ئەو : بەڵێ ... ئێستاکە خەریکە ئەتبینم ...

ژن : دەستم بۆ درێژ کردوویت ... ئێستاکە هەستئەکەم تۆ زۆر نزیکیت .. ئـەمـە دەسـتی تۆیە ؟!

ئەو : بەڵێ ....

ژن : ئاگادار بــە ... سنووقێک وا لەبەر دەمتایە ..

ئـەو : بـەڵـێ ... باشـە .. ! ئـەوە گـەیـشتم .... سـوپاس ..! [ بـە هـەناسـە بڕکێـوە دائەنیشێت]...

ژن : ئەوە هیلاک بوویت ؟!

ئەو : بەڵێ .. شتێکی سەیر نییە ؟؟! ئەڵێی سەدان میلم بڕیوە ، تەماشـا چـۆن ئـارەقـە لـە نێوچەوانم ئەچۆڕێت !

ژن : قسە مەکە ... پشوویەک بدە ..

ئەو : ئەوە چییە ..تۆ هەڵئەلەرزیت .....!

ژن : بــەڵێ ....

ئەو : هێشتا هەر ئەترسیت ؟!

ژن : نا . بەڵکو هەست بەسەرمایەکی زۆر ئەکەم ...

ئەو : بەڵام من جەستەم شەلاڵی ئارەقەیە و زۆرم تینووە ..

ژن : پشوو بدە ... قسە مەکە !

ئەو : ناتوانم ... کە بێدەنگ ئەبم هەست بە ترس ئـەکـەم ... پیـت ناخۆسـە هاتوومـەتـە لات؟!

ژن : نـــا ... هەرگیز ..

ئەو : نەمئەزانی هەتا ئەم ڕادەیە وا لاواز و بێهێز بووم ... نابینیـت ؟ خـۆم بـە پێـوە بـۆ ڕاگیر ناکرێت و دڵیشم بە توندیی لێئەدات ..

ژن : پێم وتیت قسە مەکە ..

ئەو : ناتوانم ..

ژن : کەمێ بێدەنگ بە .. من لە جیاتی تۆیش قسە ئەکەم ..

ئەو : بە ڕاستتە ؟! ئەگەر تۆ قسە بکەیت ، ئەوا من بێدەنگ ئەبم ..!

ژن : تۆ ئێستا بیهێنە بەر زەینـی خـۆت ... دەرگاکـە ئـەکرێتـەوە و بانگمـان ئـەکـەن ... پێشمان ئەڵێن هەمو ئەوەی ڕوویدا ، هەر هەمووی گاڵتەوگەپ بوو.. ئەوساش لێرە ئەچیتـە دەرێ ...

ئەو : بەڵێ .. ئەوە وەک ئەوە وایە کەسێک لە چنگی کابوسێک دەربازی ببێت...

ژن : تۆ بەڵێنت داومەتێ کە بێدەنگ بیت ...

ئەو : باشە بێدەنگ ئەبم ... فەرموو تۆ قسە بکە ..

ژن : بەڵێ ... هاوارت لێئەکەن و ، ئەوسا لێرە ئەچیتە دەرێ ...

ئەو : ئەوە یەعنی چیی کە تۆ ئەڵێیت ؛ لێرە ئەچیتە دەرێ ؟! هەر خۆم بە تەنیا ئەچمە دەرێ ؟!

ژن : پێموتیت قسە مەکە ..!

ئەو : بڕوام پێبکە ناتوانم ...نا .. !

ژن : ئەی تۆزێک پشووت نەدا ؟!

ئەو : بــا ... بەڵام هەتا ئێستا ناوچەوانم ئـارەقـەی لێئـەتکـێ ؟! ئـارەقـەیـەکـی سـارد و بۆنناخۆش ...[ پاش تۆزێک ] ئارەقەیەک مردنت بیر ئەخاتەوە ..!

ژن : هیندە نابات وشک ئەبێتەوە ...کە بەتەواویی هێور بوویتەوە ، ئەوسا هەستئەکەیت کە جارێکی تر پشووت داوە !

ئەو : بەڵێ من حەوامەوە .. [ پاش کەمێک ] .. باشە تۆ بۆچی ئەڵێیت گوایا من ئـەڕۆم و تۆ لێرە جێئەهێڵم ؟!

ژن : تەنها گریمانەیەکە و هیچی تر ... خەونێکە ...خەون ..!

ئەو ؛ کەواتە مادامەکی وایە ، ئەو خەونە بکەرە خەونیکی هاوبـەش.. تـۆ چیـت لـە کـیس ئەچێت ئەگەر پێکەوە و لەخەونیکدا ئەم شوینە ترسناکە جێبهێڵین !!

ژن : ئاخر من نامەوێت جێی بهێڵم !

ئەو : تەنانەت بە خەونیش ؟!

ژن ؛ بەڵێ بە خەونیش ...!

ئەو : بە خوا کەللەڕەقیت ...! تکایە ، لەبەرخاتری من ئەوە تەنها وەک خەونێک تـەمـەننـا کە !

ژن : [ پێئەکەنێت ] .. باشە ... پێکەوە ئەڕۆین ..

ئەو : سوپاس ..

ژن : [پێئەکەنێت ] ... بەختەوەرییت بەوە ؟

ئەو : زۆر ..!.. گوێم لێبگرە با نهێنییەکت بۆ ئاشکرا بکەم .. تۆ باسی خەونێکت کرد کە تیایدا دەرگامان بۆ بخرێتە سەر پشت و ، پاشان بانگمان بکەن ... باشە ئەی چی ئەڵێیت ئەگەر ئەو خەونە هەر بە ڕاستی بێتە دی ؟!

ژن : چۆن ؟!

ئەو : ئاخر نهێنییەکە لەوێدایە کە ئێمە لێرە ئەچینە دەرێ ... من بەڵێنت ئەدەمێ !

ژن : ئاخر چۆن ؟ !

ئەو : ڕێک وەک ئەوەی تۆ لەخەونەکەدا بینیوتە ... ئـا ... کەسێک دێت و پێمان ئـەڵێت ؛ دەی بچنە دەرێ !

ژن : [ پێئەکەنێت ] ...

ئەو : تۆ بڕوام پێناکەیت ... بەڵام من ئەوەت بە ڕاستی پێئەڵێم..

ژن : ئاخر من چۆن باوەڕت پێبکەم ؟ !

ئەو : باشە ، ئەوەی کە وتم ، ئەگەر ڕاست دەرچوو ، لەگەڵما دێیتە دەرێ؟!

ژن : نەخێــر ...

ئەو : دیسان گەڕاینەوە سەر بەزمەکە .. کەواتە هیچت پێناڵێم ....[دوای تۆزێـک ] .. ئـەی باشە ئەوەی من ئەیڵێم ، نابێتە مایەی ئەوەی کە فزولت بجوڵێت ..؟!

ژن : ئەوەش هەر وەک خەون وایە ... خەون و هیچی تر !

ئەو : بڕوام پێبکە خەون نییە ... سوێندت بۆ ئەخۆم ..! باشە سوێندت بە چیی بۆ بخـۆم هەتا باوەڕم پێبکەیت ..؟ باشە ... سوێند بە هەردووکیان ئەخۆم ... بەو دوو مردووەی کـە من و تۆ لە پێناویاندا ئەم عەزابە ئەچێژین...!!

ژن : ئای لەو سوێندە ! خۆ تۆ بڕوات بە هیچکامیان نییە !

ئەو : ڕەنگە وا بێت ... بـەڵام مـن سـڵ لـە هـەردووکیـان ئـەکـەمـەوە و نـاتوانم بـە درۆ سوێندیان پێ بخۆم .... [ بێدەنگ ئەبێت ] ...

ژن : [ پاش تۆزێک ] ... باشه ... ئەوەتا من گوێم لێگرتوویت ... فەرموو نهێنییەکەم پـێ بڵێ ... چۆن چۆنی دەرگاکە ئەکەنەوە و پاشتر داوامان لێئەکەن بچینە دەرێ ...

ئەو : پێت ناڵێم ....!

ژن : بێگومان ... چونکە هیچت پێ نییە بیڵێیت !

ئەو : بـــا ... شتم پێیە ... بەڵام تۆ بڕوا بە قسەکانم ئەکەیت ؟!

ژن : گەر قسەی ڕاستت ئەوێ ، نەء !

ئەو : کەواتە پێویست ناکات و ، بـــا هەمووی لە بیر خۆمان ببەینەوە .. ئەرێ بەڕاست تـۆ هێشتاکە هەست بە سەرما ئەکەیت ؟!

ژن : بەڵێ ...

ئەو : دەستتم بدەرێ !

ژن : بۆچی ؟

ئەو : بۆ هیچ !

ژن : هانێ ...

ئەو : نا ... پێویست ناکات ...

ژن : تۆ ، زۆر زوو تووڕە ئەبیت .....!

ئەو : نـــا ... بەڵکو هەڵکردن لەگەڵ تۆدا زۆر قورسە ..!

ژن : یانی ئەگەر دەستم نەگریت ، ئیتر ناتوانیت لەگەڵ من هەڵبکەیت ؟!

ئەو : تۆ ڕاست ئەکەیت .. من داوای لێبووردن ئەکەم !

ژن : [پێئەکەنێت ] .. داوای لێبووردن مەکە .. هانێ ئەوە دەستم !

ئەو : جا بۆچی ئەوە ئەکەیتە منەت بەسەرمەوە ؟ چیی لەلای خۆت وێنا ئەکەیت ؟!

ژن : وێنای هیچ شتێک ناکەم !

ئەو : بـــا ... شتێ وێنا ئەکەیت .. تۆ ئەڵێیت هەست بە سەرما ئەکەم ... من پێـت ئـەڵـێم دەستم بدەرێ ... تۆ ئەڵێیت ؛ بۆچی ! پاشان بە هـەسـتێکی قـووڵی پـڕ لـە ڕێـزەوە پـێم ئەڵێیت ؛ هانێ ئەوە دەستم ...! باشە ؛ ئەگەر تۆ دەستی خۆتم نەدەیتێ ، چـی ڕوو ئـەدات

؟؟! ئەی ئەگەر دەستەکانت پێدام ، چی ڕوودەدات ؟! هیچ ... هیچ ڕوو نادات ... ئەی نابینیت ؟! گۆڕستان هەر گۆڕستانە و ... ئێمەش هەر چاوەڕوانی مردن ئەکەین ... تابووت و مردووەکانیش وەک خۆیان ئەمێننەوە ..!
خانمەکەم ! ئەی خانمە باشەکەم ... ئێمە لە گۆڕستانێکدا چاوەڕوانی مردن ئەکەین ...ئاخر چۆن ناتوانیت دەرک بەم حەقیقەتە ترسناکە نەکەیت ...؟! حەقیقەتی ئەوەی ئەم گۆڕستانە بریتییە لە جیهان و ، ئێمەش ؛ من و تۆ ، وەک دوو کەسی تاقانەی نێو ئەم کەونە بۆگەنە ئەمێنینەوە.. ژنێکی تەنیا و.. پیاوێکی تەنیا ... [ئەکۆکێت ] ..
ژن : خۆت تووشی هەڵچوون مەکە .... وەرەوە سەر خۆت !
ئەو : ئاخر من چۆن بتوانم ئارام بیمەوە ؟ ! تۆ کەسێکی ئەوەندە سەختیت ، کەس ناتوانێت بەرگەت بگرێ ! ... [ پاش کەمێک ] .. داوای لێبووردن ئەکەم ... [ ماوەیەک بێدەنگیی ] .. ئەوەندە شەکەت و بێ ورەم ، حەز ئەکەم لەم سەعاتەدا بمرم .. [ هەڵئەستێت ] ..
ژن : بۆچی هەستایت ؟ ئەتەوێ بچیت بۆ کوێ ؟!
ئەو : ئەچمەوە بۆ شوێنەکەی خۆم .. با هەر یەکەمان نزیک بێت لە نەعشی کەسە مردووەکەی خۆیەوە !
ژن : [ دەستە و دامێنی ئەبێت ] ....نا ... تکات لێئەکەم مەڕۆ ...
ئەو : [ دائەنیشێتەوە ] ... باشە ناڕۆم ... وا دائەنیشمەوە .. مادام حەز ئەکەیت لە لات بم .. دڵنیا بە ئەگەر دەرگاکەش بکەنەوە و پێم بڵێن : وەرە بچۆ دەرێ ! من ناچم ... هەتا تۆم لەگەڵدا نەبێت ناچمە دەرەوە !
ژن : سوپاس ... نابێت ئێمە یەکتر بڕەنجێنین ..!
ئەو : بەڵێنم ئەدەیتێ کە لەگەڵما بێیتە دەرێ ؟
ژن : [ بە پێکەنینەوە ] .. کەی ؟
ئەو ؛ ئەو دەمەی ئەوان دێن ؟
ژن : تۆ بە جددی قسە ئەکەیت ؟ کێن ئەوانەی کە دێن ؟

ئەو : پێم وتیت ئەوە نهێنییە ...! [ پاش کەمێک ] .. داواکاری گشتی!

ژن : داواکاری گشتی ؟!

ئەو : بەڵێ ئەوەی دێت داواکاری گشتییە .. ئەو خۆی بەڵێنی پێدام کە دێت.. سوێندی بـە شەرەفی خۆی بۆ خواردم ... بڕوام پێیکە پێی وتم : لە دوو شەو زیاتر لـە گۆڕسـتانەکـەدا نامێنیتەوە ، دوای ئەوە دێم و دەربازت ئەکەم ! ...

ژن : مەعقولە ...!؟ باشە چیی پاڵ بە داواکاری گشتییەوە ئەنێت کە شتی وا بکات ؟!

ئەو : چونکە من ئەوەم ڕەتکردەوە کە بە ئیرادەی خۆم و بـە زینـدوێتیی بنێـژرێم ...پـێم وتن ؛ من بە ئیرادەی خۆم شتی وا ناکەم ... ئێوەش گەر ئەتانەوێت شتی وا بکەن ، ئـەوا ئەبێت ئیجبارم بکەن کە ئەوە بکەم ... ! ئەم حاڵەتەش بـە جۆرێـک ئـەوانـی شـڵەژانـد ، وتیان لەمەوبەر کەسێکی تر نەبووە ئاوا وەک تۆ یاخی بووبێت ! ئیتر ئەوەبوو حـەواڵـەی دادگایان کردم.. کاتێکیش زانییان هەر سوورم لەسەر ڕایەکەی خۆم ، ئەوە بـوو داواکـاری گشتی بردمیە لاوە و ، لەگەڵمدا ڕێک کەوت و ، وتی : تۆ خۆت وەها پیـشان بـدە کـە بـە ئیرادەی خۆت ئەچیتە ناو گۆڕستانەکەوە . من بەڵێنت ئەدەمێ کـە دواتـر دێـم و ڕزگـارت ئەکەم ..

ژن : سەیرە ! ئەی لەوبڕوایەدایت بەڵێنەکەی بهێنێتە دی ؟!

ئەو : خۆی وتی کە ئەیهێنێتە دی ..

ژن : ئەی تۆ بڕوات پێیکرد ؟ !

ئەو : هیچ چارەیەکم نەبوو ... باشە تۆ لەو بڕوایەدایت درۆی لەگەڵمدا کردبێت ؟ !

ژن : بێگومان .. ئەی ئەوە نییە لەوەتەی من هاتووم ، دوو شەو تێپـەڕیـوە ! ئـەی کـوانێ ئەو ؟!

ئەو : لە هەر لەحزەیەکدا بێت دەرئەکەوێت !

ژن : ڕەنگە بۆ هەتا هەتاشە نەیەت !

ئەو : بۆچی وا ئەڵێیت ؟! بۆ ئەتەوێ پڕ بکەیت لـە یـەئـس ؟! گـەر تـۆ ژیانـت بـەلاوە گرنگ نییە و مردن ئەخوازیت ، ئەوە من نامەوێت !

ژن : بمبووره ... من مەبەستم ئەوە نەبوو ...

ئەو : بەڵێ مەبەستت ئەوە بوو ... ئەگینا ئەم یەقینەت لە کوێـوە هێنـا کـە ئـەو هـەرگیـز نایەت؟ هـا ؟! پێم بڵێ ئەم یەقینەت لە کوێوە هێنا؟!!! [ پاش کەمێک ] .. ئەی پێم ناڵێیـت ئەم دڵڕەقییە لە پای چی ؟! وای دابنێ ئەو بە ڕاستی نایەت ..بەڵام بۆ ئەوەی هەسـتی مـن بریندار نەکەیت و هـەر لـەبـەر خـاتری ئـەوەی تروسـکەیـەک هیـوام لا بمێنـێ ..تکایـە موجامەلەم بکە ... موجامەلە ! درۆم لەگەڵدا بکە ! وا خۆت نیشان بدە کە بڕوام پێئەکـەیـت .. وەک ئەوانەم لەگەڵ بکە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو نـەخۆشـانەدا ئـەکـەن تووشـی دەردێکـی بێچارە بوون و ، بەڵام بۆ ئەوەی وایان لێبکەن ئارامیان هەبێت ، درۆیان لـەگـەڵ ئـەکـەن ! بەوەس هیوایەکیان وەبەر ئەنێن ! ئاخر تۆ لە بنی کولەکەکە ئەدەیت و ئەڵێیت ؛ ڕەنگە بـۆ هەتا هەتایە نەیەت !! تۆ زۆر بە ئاسانیی و بەوپەڕی خوێن ساردییەوە وا ئەڵێیـت ! ئیتـر گرنگ نییە کە ئەمە مانای وایە پێم ئەڵێیت ؛ تۆ دەربازبوونت نییە و ، هەر ئەبێت بمریـت ! ئاخر بۆچی ..بۆ ؟! باشە مردنی من چی ئەبەخشێت بە تۆ ؟ ...ئەی مردنی من چی بە ژنەکەم بەخشیوە ... هـا ؟! ...[ ژن دەست ئەکاتە گریان ] ... بەڵام مـن نـامرم .. بـاش گوێم لێبگرن .. تۆش گوێم لێبگرە ! با ئەو ئافرەتەشی کە لە نەعشەکەیدا نووستووە گوێی لێم بێت ! من نامرم ! من مردنم قبوڵ نییە ... ئەم گۆڕستانەش هەر بەجێـدێڵم ! گـەرچـی جەنابی داواکاری گشتی بێت یان نەیەت ! [ ژنەکە ئەداتە پرمەی گریان و ئەمیش کەمێـک ئەوەستێت ] .. بەڵێ .. بگری ! ئاخر ئێـوە هـەر عـادەتتانـە ، هـەر یـەکێکتـان کـە بـە خراپەیەکەوە ئەگیرێن ، یەکسەر پەنا بۆ گریان ئەبەن ! ئەوەتا تۆ ئەگریت و ئەلاوێنیتـەوە ...باشە بۆچی ئەگریت ؟! ڕێم بدە بپرسم هۆی گریانەکەت چییە ؟! هـا ؟ لە کاتێکدا هـەق وایە من بگریم .. بەڵام نازانم تۆ لەپای چیدا ئەگریت ؟ ئەخوازیت بمریت ؟ دڵنیا بە هـەر ئەمریت .. کەواتە بەختەوەر بە و بکەوە هەلهەلەکێشان ..گۆرانیی بڵێ و پێبکـەنـە ! ئـەوەی ئەیخوازیت ، هەر پێی ئەگەیت ! ئەوەی خۆت هەڵتبژاردووە هەر ئەیگـەیتـێ ! ئـەممـا بـۆ مەسەلەی گریان .. ئەوە منم کە پێویستم بە گریانە ..ئەوە منم کـە ئـەبـی شـین و واوەیـلا

بکەم ...!  وای چەندێ شەکەتم ...شەکەت و غەمگین و تەنیا ! ... بەسێتی گریـان ...ئـەم گریانەی تۆ عەزابی من زیاتر ئەکات ...

[ دەنگی شیوەنی ژنەکە بەرزتر ئەبێتەوە ] تکایە بەسیەتی ! ئەم گریانـەت بـەشـەر شـێت ئەکات .. ئاخر بۆچی ئەگریت ؟؟!! ئەی من هەقی خۆم نییە ئـەو شـتانە بلـێم کـە ئێـستا وتم؟ باسە .. باشە ..من داوای لێبووردن ئەکەم ! [ئەنووشتێتەوە بەسەر ژنەکەدا ] .. تکـات لێئەکەم مەگری .. هیچ مەبەستێکم نەبوو لەوەی وتم .. [ دائەنیشێت و هەردوو بـاڵی خـۆی لە ژنەکەوە ئەئاڵێنێ].. بمبوورە ! بمبەخشە ..! بلێ ... پێم بلێ ؛ وا تۆم بەخشی ! گـەر وا نەڵێیت شێت ئەبم ..شێت ..! من داوای لێبووردن ئەکەم ! ئـای چ مـەهـزەلـەیـەکـە ، ئـاخر داوای لێبووردن لە چیی بکـەم ؟! ئـەی لـەم حاڵـەی ئێمـەی تێـداین ، لێـووردن چ دایێـک ئەدات؟!!! ئێستاش تۆ بڕوانە ...بڕوانە ، هـەمـوو جـەسـتەت هـەڵئـەلـەرزێـت ... منـیش هەڵئەلەرزم ... نە  من و ، نە تۆش بەرپرسیار نین لەم حاڵەتە ... بەڵکو هۆی ئەمـە و ئـەو حاڵەتە ترسناکەی ئێمەی تێداین ، ئـەم گۆڕسـتانەیـە ! ئـەوە وامـان لێئـەکـات ، دڵـڕەق و خۆپەرست بین و ... [ دەنگی جوڵەیەک لای دەروازەی گۆڕسـتانەکـەوە ئـەبیـسترێت ... بێدەنگیی ...ژنەکە لە گریانەکەی ژیر ئەبێتەوە ] .. ئەهـا ... گوێت لێبوو ؟

ژن : بەڵـێ ....

ئەو : گوێت لە چیی بوو ؟!

ژن  : نازانم دەنگێک لەوێوە هات ....

ئەو : لەدەرگای گۆڕستانەکەوە بوو ؟ وا نییە ؟

ژن : [ بە دوودڵییەوە ] .. بەڵێ ...

ئەو : پێم نەوتیت ؟ نەموت هەر دێن ...! [ هـەڵئـەسـتێ ... بێـدەنگیی .. بـە ڕاوەسـتاویی ئەمێنێتەوە و چاو ئەبڕێتە دەرگای گۆڕستانەکە ...دوو دەقیقە تێئەپەڕن ] ... ئەوە چییـوو ؟ ئەی تۆ دەنگەکەت نەبیست ؟!

ژن :  بـــا ...

ئەو : کەواتە ئەوەی بیستم وەهم نەبوو .. تۆ لەو بڕوایەدایت ئەوەی بیستم وەهم  بـــوو؟!

ژن : نەء .. منیش ئەو دەنگەم بیست .... بەڵام ...

ئەو : بەڵام چی ؟

ژن : من دەنگەکەم لەوێوە نەهاتە بەر گوێ ..

ئەو : ئەی لە کوێوە هاتە بەر گوێت ؟!

ژن : بە تەواوەتیی نازانم ..

ئەو : یانی چی بەتەواوەتیی نازانیت ..پێم بڵێ گوێت لە دەنگەکە بوو؟

ژن : بەڵێ ...

ئەو : لە دەنگی کەسێک نەئەچوو کە قفڵی دەرگاکە بجولێنێت ؟!

ژن : لەوانەیە وا بووبێت ....

ئەو : ئەی بە ڕاستیی لە چیی ئەچوو ؟

ژن : نازانم .. ڕاستییەکەی دەنگێکی شاراوە بوو ..بۆ نموونە وەک ...

ئەو : وەک چیی وابوو ..؟

ژن : وەک شتێک وابوو لەوێوە بکەوێتە خوارەوە ...

ئەو : لەوێوە ؟ ئەوێ کوێیە ، کام جێگەیە ؟

ژن : ئەوێ .. ئاخر بەم تاریکییە چۆن بزانم کوێیە !؟

ئەو : [ وەک لەگەڵ خۆیدا بدوێت ] مەعقولە من لە وەهمدا بم ؟!! [ ڕوو لە ژنەکە ئـەکـات ] .. تۆ دڵنیایت ؟

ژن : نەخێر ...

ئەو : ئەچم بۆ ئەوەی دڵنیا بم ...

ژن : بۆ کوێ ئەچیت ..؟

ئەو : بۆ لای پلیکانەکان ...پیایاندا سەر ئەکەوم بۆ ئەوەی بزانم ئەو دەنگە چییە !

ژن : نـــا .. تکات لێئەکەم ...

ئەو : بۆچی ؟!

ژن : ئاخر چ سوودێکی هەیە ؟ پاشان نابینیت چ تاریکییەک دەوری داوین؟! دوایی ڕێگەکەت ون ئەکەیت .. کەمێک دانیشە و چاوەڕوانبە.. !
ئەو : [ دائەنیشێت ] .. چاوەڕوانیی چەندێ سەختە !! [ قاقا پێئەکەنێت ] خانمەکەم ؛ جیاوازیی زۆرە لە نێوان ئەوەی چاوەڕوانی مەرگ ئەکات و ، ئەوەشی چاوەڕوانی ژیان ئەکات ..! [ پاش کەمێک] .. ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت ... ڕەنگە ئەو دەنگە لە دەرگاکەوە نەهاتبێت .. من تەواو شڵەژاوم .. بمبەخشە !
ژن : [ بە پێکەنینەوە ] ..لە سەر چی بتبەخشم ؟!
ئەو : لەسەر هەموو شتێک .. !
ژن : پێویست بە بەخشین ناکات ... وەک خۆیشت ئەڵێیت لەم حاڵەتەی ئێمەی تێداین ، بەخشین و لێبووردن چ دادێک ئەدات ؟!
ئەو : ئەوەی گرنگە ئەوەیە من زەوق سز نیم ...
ژن : نەخێر زەوق سز نیت ..!
ئەو : ئەوەی ئەیڵێیت بە ڕاستتە ؟! دوورە لە موجامەلەوە ؟!
ژن : بەڵێ بەڕاستمە و ، تۆ زۆر حەسساسیت و زوو ئەهەژێیت !
ئەو : بڕوام پێبکە وا نەبووم .. بەڵام ئەوەی لەم ڕۆژانەدا ڕووی دا زۆر شتی لە کیس دام ... تەنانەت هەندێک جار خۆم وا دێتە بەرچاو کە شێت بووم ، یان خەریکە بەرەو شێتبوون ئەچم ...!
ژن ؛ ئاخر منیش هەمان شت هەست پێئەکەم ... هەستئەکەم کە هەمیشە لەسەر لێواری شێتبوونم ...
ئەو : بە پێچەوانەوە ... تۆ زۆر لەسەرەخۆیت !
ژن : ئەوە بۆیە وام ، چونکە تۆم لەگەڵدایت و ، لەبەر ئەوەشە من نامەوێ وا خۆم بنوێنم کە شێتم ...!
ئەو : بە ڕاستە ؟!

ژن : بێگومان ...وجودی تۆ وام لێئەکات هەست بە جۆرێک دڵنیایی بکـەم .. ئـەگـەر تـۆ نەبوویتایە ، نازانم چیم بەسەر ئەهات ! ڕەنگ بوو منیش شێت بوومایە ...!

ئەو : سوپاس ... بەختەوەرم بەوەی وا ئەڵێیت ..! گەرچی جەستەم ئەلـەرزێـت و هـەر لـو لەپی دەستیشم وەک سەهۆڵ سارد و سڕن ...

ژن : ئاخر لەبەرئەوەی تۆ کەسێکی تووڕەیت ..

ئـەو : نـەک هـەر ئـەوە ... بـەڵکـو هـەوای ئێـرەش سـارد و شـێدارە ...بڵێیـت بتـوانم شووشەیەک شەراب بدۆزمەوە ؟!

ژن : ئێستاکە واز لە شەراب بهێنە ..!

ئەو : بۆچی ڕقت لە شەراب ئەبێتەوە ؟!

ژن : ڕقم لێی نابێتەوە ...بەلام تۆ ئـەگـەر بـەم وەزعـەی ئێـستاتەوە بیخۆیتـەوە ، زیانـت پێئەگەیەنێت ..

ئەو : ڕاستە ... ئاخر بیری ئەوەم نەبوو کە تۆ پزیشکیت .. [ بە پێکەنینەوە] .. ئەتەوێـت لیدانی دڵم بگریت ؟!

ژن : [ پێئەکەنێت ] ئەی بۆچی نـــا ؟ ئادەی دەستم بدەرێ ..[ دەستی ئەداتێ]..

ئەو : [ پاش کەمێک ] .. هـــا ..... چیی ئەڵێیت ؟!

ژن : دڵت هێشتاکە هێزی باشی تێدایە و ، نـەبزیـشی لـە هیـی گـەنجیکـی بیـست سـاڵە ئەچێت ... بەڵام چونکە شەکەت و تووڕەیت، کەمێک بە خێرایی لێئەدات ..!

ئەو : ئەی من ئەتوانم لێدانی دڵی تۆ بگرم ..!

ژن : بۆچی ؟!! تۆ پزیشکیت ؟

ئەو : نەخێر ...هەر تەنیا لەبەر ئەوەی بـەراوردی لیـدانی دڵـی تـۆ و ، لیـدانی دڵـی خـۆم بکەم...

ژن : کەیفی خۆتە ... هــا ... لێدانی دڵم بگرە ..

ئەو : پەنجەم لەسەر کوێ دابنێم ؟

ژن : پەنجە گەورەت بخەرە سەر ئێرە .. بەڵێ ، ئێرە ... هەر دوو پەنجـەی دۆشـاوەژە و ناوەڕاستیشت بخەرە سەر ئیرە ...نا ... ئاوها نـا ... زۆر توندیان مـەکـە ..! ... هـــا ؟ ئێستا هەست بە لیدان و ترپەی دڵم ئەکەیت ؟

ئەو : بەڵێ ... دڵت خێرا و بەهێز لێئەدات ... تۆش تووڕە و شەکەتیت..

[ پەنجەکانی خۆی ئەخاتە سەر مەچەکی خۆی ] ... بەڵام لێدانی دڵی من تەواو شـێواوە..!

ژن : پێم وتیت ئەوە بە هۆی تووڕەبوون و هەڵچوونەوەیە ..!

ئەو : بەڵێ .. کاتێ ئەو دەنگە نامۆیەم بیست ، هەستم ئەکرد دڵم ئەکەوێتە ناو دەممەوە !

ژن : [ پێئەکەنێت ] .. تەعبیرێکی چەندە سەیرە !

ئەو : بڕوام پییکە پێشتر حاڵەتی وام بە خۆمەوە نەدیوە ... هەستم ئەکرد دڵم خەریکـە لـە گەروومەوە دێتە دەرێ ...[پاش تۆزێک ] .. بەڵام تۆ ڕاست ئەکەیت ، من لە وەهمـا بـووم .. دەنگەکە لە دەرگاکەوە نەهات ...[پاش کەمێک].. پرسیارێکت لێئـەکـەم ، بـەڵام بێتاقـەت مەبە!

ژن : ئادەی بپرسە ..

ئەو : بە مەرجێک وەڵامیکی ڕاستم بدەیتەوە ..

ژن : من هەمیشە وەڵامی ڕاست ئەدەمەوە ..

ئەو : ئەزانم ... ئەزانم وایە و ببەخشە لەوەی وام پێوتیت ! باشە ئێـستا ئـەتوانیـت پـیم بڵێیت ؛ ئەو کاتەی گوێت لە دەنگەکە بوو ، تەمـەننـای ئـەوەت نـەئـەکـرد ئـەو دەنگـە لـە دەرگاکەوە بێت ؟!

ژن : بیرم لەوە نەکردۆتەوە .. مەبەستم ئەوەیە دەنگەکە بە خیرایی هات و ئیتر نەما .. بـە شێوەیەک بوو کە ڕایچڵەکاندم و فریای بیرکردنەوە نەکەوتم..

ئەو : باشە .. ئەی دوای ئەوەی من پێم وتیت کە لەو بڕوایەدام دەرگاکـە ئـەکرێتـەوە ، تـۆ تەمەننای ئەوەت ئەکـرد کـە بکرێتـەوە یـان نـەء ؟! تکـات لێئـەکـەم ڕاسـتگۆیانە وەڵامـم بدەرەوە..

ژن : نازانم ... چونکه ئەو دەمە ، زۆر هەستم بە شتەکان نەئەکرد .. بـەڵام دڵنیـام لـەوەی کە ئەترسام ..

ئەو : ئەترسایت ؟! لە چی ئەترسایت ؟!!

ژن : نازانم ... لە زۆر شت ئەترسام .. ڕەنگە وەهەم یەکێـک بووبێـت لـەو شـتانە .. یـان حەقیقەت ... یاخود مردن .. یان ژیان .. تۆش بە هامان شێوە هەستت بە ترس کردووە!

ئەو : ڕاستە .. تۆ ڕاست ئەکەیت ... منیش ترساوم ..باشە ، ئێستا ڕێم بـدە پرسـیارەکـە بگۆڕم ... باشە ، ئێستا ....

ژن : ئێستا .. چیی ؟؟

ئەو : ئێستا تەمەننا ناکەیت دەرگاکە بکرێتەوە ؟!

ژن : ئەوە خۆزگەیەکە ، ناکرێ بێتە دی ..

ئەو : تەنها وەک تەمەنناکردن ... وەک خواستێک و هیچی تر نـا ..!

ژن : مەبەستت ئەوەیە دەرگاکە بکرێتەوە و تۆ بچیتە دەرێ ؟

ئەو : من پێم وتیت ؛ پێکەوە ئـەچینـە دەرێ .. ئـەی تـۆ تـەمـەننـا ناکـەیـت پیکـەوە لـەم گۆڕستانە بچینە دەرێ ؟!

ژن : تەمەننا ئەکەم کە بەتەنها تۆ بچیتە دەرێ !

ئەو : درۆ ئەکەیت .. [پاش تۆزێک ] .. ببوورە .. ئاخر من نـاتوانم تـۆ تێبگـەیـەنـم ..! تەنانەت ناتوانم باوەڕت پێبکەم کە پێم ئەڵێیت؛ گوایا ئەتەوێ من بە تـەنهـا لـەم گۆڕسـتانە بچمە دەرێ !

ژن ؛ بۆچی نـا ..؟ بۆچی هیوای خراپییت بۆ بخوازم ؟! مادام تۆ خـۆت حـەز ئـەکـەیـت دەرباز بیت ، کەواتە من لە ناخەوە و بە ڕاستی تەمەننا ئەکەم دەربازت بێت ..!

ئەو : ئەی تۆ بە تەنیا ئەمێنیتەوە ؟

ژن : بەڵێ ئەمێنمەوە ..

ئەو : ئاخر تۆ بۆیە وا ئەڵێیت چونکە دڵنیایت لـەوەی دەرگاکـە ناکرێتـەوە.. بـەڵام کـاتێ دەرگاکە ئەکەنەوە و بە ڕاستی بانگمان ئەکەن ، ئەو دەمـە مـەسـەلـەکـە بـە بـارێکی تـردا

ئەكەوێتەوە ... بەڵام بڕوام پێبکە ، ئەگەر دەرگاکەیان کـردەوە ، مـن بـە تـەنها خـۆم ئـەم گۆڕستانە جێناهێڵم ..!

ژن : ئەی چی ئەکەیت ؟!

ئەو : لە گەڵما دێیتە دەرێ ؟

ژن : ئەی ئەگەر نەهاتم ، یان ئەگەر نەیانهێشت لەگەڵتا بیمە دەرێ؟!

ئەو : ئەوسا منیش ناچمە دەرێ ..

ژن : ئەی ئەمێنیتەوە ؟!

ئەو : بەڵێ لەگەڵ تۆدا ئەمێنمەوە ..

ژن : ئەوسا ئەشمریت !

ئەو : بەڵێ ئەمرم ... ئیتر یان ئەوەتا پێکەوە بژین ، یاخود پیکەوە بمرین !

ژن : [ پێئەکەنێت ] ..

ئەو : بەڵێ ..بەڵێ .. هەقی خۆتە پێبکەنیت ...!

ژن : بمبەخشە ...بەڵام ئەی نابینیت ؟!

ئەو : بـــا ...هەمان وادە و بەڵێنە ... ئەوەتا لەسەری ساڵانەوە دەست پێئەکەینەوە .. بـەڵام من سوێندت بۆ ئەخۆم ....

ژن : نا ، سوێند مەخۆ .. من بڕوات پێئەکەم .. بەڵام کێ دەرگاکە ئەکاتەوە ؟

ئەو : ئەوان بیکەنەوە .. یان ئێمـە خۆمـان بیکـەینـەوە ، چـارە نییـە .. ئـەوە بـۆ خـۆی دەرگایەکی ترسناکە ... دەرگای نێوان مردن و ژیانە .. نێوان حەقیقەت و وەهمـە..! گـوی بگرە ؛ تۆ بڵێیت ئەگـەری ئـەوەش لـە ئـارادا نـەبێـت بۆیـە دەرگاکـە ئـەکـەنـەوە هـەتـا جەنازەیەکی تازە شۆڕبکەنەوە ئێرە ..؟! ڕێی تێئەچێت ، وا نییە ؟!! باشە .. هەر ئەو کاتـە هێز نییە بتوانێت مەنعم بکات لەوەی لەم دەرگایەوە دەرباز بم .. یان ئەبێـت بمکـوژن ..! بـما ..بمانکوژن.. ئەوە ئەهوەنترە !

ژن : تۆ بۆچی بەم بیرکردنەوانە ئازاری خۆت ئەدەیت ؟

ئەو : هەر ئەبێ دەروازەیەک بۆ دەربازبوون بدۆزمەوە .. من بیر لە ژیان ئەکەمەوە ... ئـا ... بە هەموو هێزی بیرکردنەوەم بیر لە ژیان ئەکەمەوە .. لیرە چیمان هەیە غەیری ژیـان ؟! تاقە ئازادیی ئەوەڵ و ئەخیرمان تەنها لـەوەدایـە کـە بتـوانین بیـر بکـەینـەوە ... ئــا ... بیرکردنەوە!

ژن : ئاخر بیرکردنەوە بۆ خۆی جۆرێکە لە عـەزاب .. مـن تـەمـەننـا ئـەکـەم دەمـاخم لـە بیرکرنەوە ڕاوەستێت ، بۆ ئەوەی ئیسراحەت کەم !

ئـەو : تـۆ هـەڵـەیـت ..! چونکـە بیرکردنـەوە ئـەبێتـە مایـەی ڕزگاربوونمـان .. ئـەوە بیرکردنەوەمانە ئەو شتانەمان پێئەبەخشێت کە لێیان مـەحرومکـراوین ! بیرکردنـەوە تاقـە هێزێکە کە تیاماندا مابێتەوە و بەهۆیەوە بتـوانین بڕیـاری ڕەفزکـردن بـدەیـن ! بتـوانین بەرگە بگرین و تەحەددا بکەین ... بەڵکو لەوەش زیاتر ئەگەر بـۆ نموونـە بمانـەوێ لێـرە ڕاکەین ، ئەوە بیرکردنەوەیە کە ئەبێتە وەسیلەیەک بۆ ئەو مەبەستە .... ئەی وا نییە ؟؟!

ژن : نازانم ... من پێم وتیت تۆ سەرم لێئەشێوێنیت !

ئەو : بەڵام ئاخر ئەوەی من ئەیڵێم ، ڕاستە ....

ژن : بەڵێ ڕاستە ... بەڵام ئازار بەخشە .. ئاخر چۆن ئازاربەخش نەبێت کـە ئێمـە لـەم تاریکستانەدا دانیشین بیر لە دەرگاکە و ژیانی ئەودیو دەرگاکەش بکەینەوە ... ؟!

ئەو : هەی نەفرەت لەو دەرگایە ..! با هەر بە کلۆمدراویی بمێنێتەوە .. من و تۆ هێندەمـان بەسە کە پێکەوەین ... ئێمە پێکـەوە ئـەتـوانین ژیـان دروسـتکەیـن نـەک یـەکێکمـان ! [ هەڵئەستێت ] ..

ژن : هـا ؟ ئەتەوێ چیبکەیت ؟!

ئەو ؛ تینوومە .... ئەمەوێت شتێک بخۆمەوە ..

ژن : بگرە .. ئەوە بوتڵێکە ... [ دەست ئـەگێڕێـت بـۆ ئـەوەی بوتڵـەکـە نزیـک خـۆی دابنێت] ... باش بیگرە !

ئەو : [ دائەنیشێت ] .. سوپاس .. بوتڵەکە ئەبات بۆ لووتی و بۆنەکەی هەڵئەمژێت ] ...

ژن : هـا .... ؟

ئەو : ئەمە ئاو نییە ..

ژن ؛ ئەی چییە ..؟

ئەو : شەرابە ..

ژن : مەعقولە ... ؟!

ئەو : تامی کـە ...

ژن : [ بوتڵەکە بۆن ئەکات ] ...شتێکی سەیرە .. ڕەنگە بوتڵەکەی تر ئاوی تێدا بێت .. !

ئەو : گەڕانت بێهوودەیە ! چونکە هەموو بوتڵەکان پڕن لە شەراب ... ئاخر ئەم گۆڕسـتانە ئاوی تێدا نییە ...!

ژن : بەلام بۆچی ؟ ئەوە مانای چییە ؟

ئەو : ئەوە مانای ئەوەیە ناچارمان ئەکەن شەراب بخۆینەوە ...[ پێئەکەنێت].. ئـەوە مانـای وایە ئەبێت پێکی مردنی خۆمان هەڵدەین !

ژن ؛ ئەمە چ سەخافەتێکە ...!

ئەو : نـــا ... بەڵکو بڵێ چ زیرەکییەکە ... ئەوە چ خەیاڵێکی ڕەشە ئەم هەموو تـەقسانەی داهێناوە ..؟ ! خوانیک لەسەر نـەعش بیـت و ، گۆڕسـتانیک شـەراب و گـوڵ و چـەنـد مۆمێکی تێدا بێت ... ئەوان لە دروستکردنی کابووس بۆ ئێمە ، هونـەر ئـەنـوێنن ... تـۆ بڕوانە ، ئەوە شەراب و ، ئەوەش کرمی نیو گۆڕەکان .. سبەی نەعشەکە پڕ ئەبێت لە کـرم ... پاشان کرمەکان بەرەو لای ئێمە ئەکـشێن ... ئـەی چـۆن ئـەتـوانین بـە بـێ شـەراب بەرگەی ئەوە بگرین .. ئەوە شەرابە ، مردن ئەکاتـە شـتێکی شـیاو و پێکهـەڵاتنـی دڵـیش ئاسان ئەکات !

ژن : بێدەنگ بە ...تکات لێئەکەم بیدەنگ بە ..!

ئەو : کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەوەتا ژنەکەم لەوێدا ، لەناو نەعشەکەیدا ڕاکـشاوە ... بـۆنی ماتەمینییەکەی لێوە دێت .. ئەی ئەو بۆگەنە نایەتە بەر لووتت ؟!

ژن : بـــا ...

ئەو : ئەوە بۆنی ژنەکەمە ..

ژن : چەند ترسناکە ...هەستئەکەم ئەو بۆنە لە من دێ ...

ئەو ؛ نـــا ... بەڵکو لەوەوە دێت .. لەو  لاشە گەنیوە پڕ لـە کـیم و جـەراعـەت و کرمـەوە دێت ..!

ژن : بێدەنگ بـــە ... بەم شێوەیە مەدوێ ... بەزەییەکت پێمدا بێتەوە..

ئەو : ئای .. خانمەکەم ئەوە تۆی داوای بەزەیی ئەکەیت ... !

ژن : باسی ئەو دەرگایە بکە کە ئەیکەنەوە ... شتی جوان بڵێ ..

ئەو : هەرچییەک بڵێین ؛ هەر لە کڵۆڵییمان زیاد ئەکات ..

ژن : گوێ هەڵخە ...

ئەو : هەرچیی شتەکانی دەوروپشتمانە ، بۆ مردنمان ڕاپێچ ئەکەن !

ژن : گوێ هەڵخە .. دەستم دامێنت گوێیەک هەڵخە ..

ئەو : چییە ؟!

ژن : ئەی نایبستیت ؟!

ئەو : نەخێر .. چیی ببیستم ..؟

ژن : ناڵە ناڵ دێت ...

ئەو : ناڵە ناڵ ...

ژن : بەڵێ ..

ئەو : سەیرە ... ناڵە ناڵ لە کوێوە دێت ؟!

ژن : من ئەترسم ...

ئەو : دڵنیام تووشی وەهم بوویت ...[ پاش تۆزێک ] پاشان تۆ وای دابنێ کـە گوێـت لـە ناڵە ناڵە .. بۆچی ئەترسیت ؟!

ژن ؛ کەس نییە ... خۆ مردووەکانیش نا ناڵێنن ...

ئەو : کـــێ ؟ ئـــەو ؟ مەعقولە ؟!

ژن : دەنگەکە لێرەوە هات [ ئاماژە بۆ تەنیشتی نەعشەکە ئەکات ]..

ئەو : باشە بـا گوێ شل کەین ... [ گوێ شل ئەکەن ] .. نـا .. هیچ نییە !

ژن : با لەم جێگەیە بگوێزینەوە ..

ئەو : بە کەیفی تۆ.وەرە با بڕۆینە لای دالآنەکە (سەرنجی وەرگێـڕ- دالآن : لێـرەدا ڕێـک بە مانای – مدخل – دێت) .. ئەگەر حەزیس بکەیت لە نزیـک دەرگاکـەوە دائـەنیـشین .. هـا .. ئەڵێیت چی ؟!

ژن : باشە .. باش ... گرنگ ئەوەیە لەم جێگەیە دوور بکەوەمەوە ..

ئەو : کەواتە هـەسـتە .. دەسـتی خـۆتم بـدەرێ و لـە دوامـەوە بـڕۆ .. ئـا .. ئـاوەهـا... لەسەرەخۆ.. ئاگاداری خۆت بە .. هەوڵ بدە بەسەر سنووقەکـەدا بـاز بـدە ... دەی ئێـستا شوێنم کەوە ..

ژن : تۆ چۆن ڕێگەکە ئەدۆزیتەوە ...؟؟ من هیچ نابینم .. [ هەڵئەنووتێت ] ..

ئەو : پێموتیت هەوڵ بدە شوێن بۆ جێگەپێیـەکانـت بدۆزیتـەوە ...ئێـستاش ، هـەسـتە و گوێی مەدەرێ ...

ژن : تۆ بۆ لای ڕاست ئەڕۆیت .. لە کاتیکدا پلیکانەکان لای چەپەوەن..

ئەو : نـا ... لای ڕاستەوەن .. تـۆ شـوێنم کـەوە و هـەقـت نـەبێـت ..[هـەڵئـەنـووتێ و ئەوەستێت ] ..

ژن : ئەوە چیبوو ؟!

ئەو : نازانم .. لە شتێک هەڵنووتام ... ئێستا تۆ هەقی هیچت نـەبێـت .. شـوێنم کـەوە .. ئەها .. ئەبینیت ..؟ ئەوە گەیشتینە لای دیوارەکە ...دەستت درێژ کە ...دەی ...

ژن : پلیکانەکان حەتمەن لە کۆتایی ئەم دیوارەدان ... تەنها چەنـد هـەنگاوێکمـان مـاوە و هیچی تر ... [ لە ڕۆیشتندا دەست بە دیوارەکەوە ئەگرن ] ...

ژن : هـــا ... ؟!

ئەو : پلیکانەکان ئەبێت لێرەدا بن ... !

ژن : ئاخر ... ئاخر من ئەترسم !

ئەو : بــا چەند هەنگاوێکی تریش بڕۆین ...

ژن : ئاخر ون ئەبین ... با بگەڕێینەوە ...

ئەو : وەرە ....

ژن : نـا ... تکات لێئەکەم بـا بگەڕێینەوە ..بۆنێکی ناخۆش دێتە بەر لووتم ...ئـەی تـۆ بۆن ناکەیت ؟!

ئەو : بـا ... کەواتە بـا بگەڕێینەوە .. [ بە هەمان ڕێگەدا ئەگەڕێنەوە]...

ژن : بـا تۆزێک دانیشین لێرەدا ... من تەواو ماندوو بووم ..بڕۆین ..

ئەو : دەستت بگرە بە منەوە .. با چەند هەنگـاوێکی تـریش بـڕۆین .. بـا بگـەڕێینـەوە هەمان ئەو جێگایەی لێی بووین ... [ ڕێ ئەکەن ] .. ئەوا گەیشتین ...

ژن : تۆ دڵنیایت ئێرە هەمان جێگاکەی پێشووی خۆمانە ؟!

ئەو : [ بە دوودڵییەوە ] .. بەڵێ ...

ژن : کەواتە بـا دانیشین .. [ دائەنیشن ] .. شتێکی سەیرە .. من زۆر مانـدووم ... ئـەی تۆ ماندوو نیت ؟!

ئەو : بـا ... بەڵام زۆر نـا .. ئەڵێیت چی ، تاوێک ڕاکشێ و بحەوێرەوە..

ژن : نـا ... نامەوێ ڕاکشێم ...

ئەو : دە باشي ... دەستت بخەرە سەر شانم ....

ژن : ئاخ .. بریا بمتانیبا ئەو دەنگە لە بیر بکرم .. ناڵە ناڵەکەی هێـشتاکە لـە گوێمدایـە و لێم نابێتەوە ..

ئەو : ناڵە ناڵی کێ ؟!

ژن : ناڵە ناڵی ئەو ...! ڕەنگە هێشتاکە زیندوو بێت ...

ئەو : مەحاڵە ...! ئەوە بە هۆی هیلاکیی و هەڵچوونتەوەیە ئەو خەیاڵاتە ئەکەیت ..

ژن : ئای خودایە ، ئەمە چ عەزابێکە ؟ [ پاش کەمێـک .. ڕوو ئـەکاتـە ئـەو ] ..ئـەرێ تـۆ دڵنیایت ئێمە گەڕاوینەتەوە هەمان شوێنی پێشووی خۆمان ؟!

ئەو : بــەڵێ ...

ژن : باشە .. کەواتە ئەگەر ئەمجارە دەنگی ناڵە ناڵەکـە بێـت ، ئـەوا ئـەتـوانم بیبیـستم .. بگرە هەردووکمان ئەیبیستین ...

ئەو : باشە ... ئەگەر ئەمجارە گوێمان لێبوو ، چیبکەین ؟!

ژن : ئەوە مانای وایە هێشتا زیندووە ...

ئەو : ئەمە چ بیرکردنەوەیەکە تۆ هەتە ؟! تۆ بۆچی عەزابی خۆت و هی منیش ئـەدەیـت ؟! هـا ؟! باشە وای دابنێ ئیمـە زانیمـان کـە هێـشتاکە ئـەو زینـدووە ... باشـە ئـەتـوانین چیبکەین ؟!

ژن : ڕزگاری ئەکەین ...

ئەو : لە چیی ڕزگار بکەین ؟!

ژن : لە مــردن ...!

ئەو : [ پێئەکەنێت ] باشە لە پێناوی چیدا ئەمە بکەین ؟! ڕزگاری بکـەیـن لـە مـردن بـۆ ئەوەی جاریکی تریش ڕووبەڕووی مردن بێتەوە ؟! هەتاکو ئەم حـەددە خۆشـت ئـەوێ ؟! ئاخر ئەو به مردوویی بەختەوەرترە ...! باشە .. [هەڵئەستێت ] ئـەگـەر پێـت خۆشـە بـا نەعشەکەی بکەینەوە و دڵنیا بین لە حاڵەتەکە ..!

ژن : [ ئەقیژێنێت ] ... نـا ... [ ئەگری ] ...

ئەو : هەمدیسان گریان .. !

ژن : چۆن ... یانی ئەتەوێ من نەگریم ..؟ ئاخر گریانی من چ زیانێک بە تۆ ئەگەیـەنێـت .. هـا ؟!

ئەو : چونکە ، کە تۆ ئەگریت ، مانای وایە تەسلیم ئەبیت ... هەوڵ بدە هەمـوو شـتێک لـە بیر بکەیت ... بە تەنها بیر لە ژیان و بیـر لـە زینـدووان بکـەرەوە ... مـردووەکـان هـیچ بوونێکیان نییە ... وەکو من بکــە..... !

ژن : باشە چۆن و چی وەک تۆ بکەم ؟!

ئەو : من تەنها و تەنها بیر لە تۆ ئەکەمەوە .. بڕوام پێبکـە ...! لـەو کاتـەوەی ناسـیومیت ، ئیتر وا ئەزانم هەموو ژیان تۆیت ! ئازایەتیی و سەبر و ئارامم تەنها لە بـوونی تۆدایـە ..! لەوەدایە کە هەستئەکەم تۆ هەیت ...! تۆ بویتە ڕەمزی هەموو ئەو شتانەی خۆشم ئەوێـن و خۆزگەیان پێئەخوازم .. هەر لەحزەیەکیش ؛ بۆ ئەوەی ئەم هەستەم تازە بکەمەوە بـە خـۆم

ئەڵێم ... دەی هێمن بەرەوە و ، هەموو شتێ لە بیر بکە و بەختەوەر بــە ... بەختــەوەر ..!
بڕوام پێبکە ! بە بونی تۆوە هەست بە بەختەوەریی ڕاستەقینە ئەکەم ! خۆ تــێم ئــەگــەیــت مەبەستم چییە ؟!!

ژن ؛ بـــەڵێ ...

ئەو : ئەوە بە ڕاستیی ئەڵێیت بەڵێ ؟

ژن : ئــا ... بەڵــێ ... هــەمیــشەش هــەســت بــە ترسـێک ئــەکــەم ؛ ترســی ئــەوەی تــۆ دەستبەردارم بیت ..

ئەو : دەستبەردارت بم ؟!

ژن : بەڵێ .. بۆ نموونە ئەگەر دەرگاکە کرایەوە ..

ئەو : من پێموتیت ... بە تەنها هەر خۆم ناچمە دەرێ ...

ژن : ئەی ئەگەر تووڕە بوویت لە من ...؟ یان لیم بیزار بوویت ...

ئەو : نە تووڕە ئەبم و .. نە بێزاریش ئەبم ..بڕوام پێبکە ... تۆ لە شێوازی قسەکردنەکـەم گەڕێ ، ئەوە مانای وا نییە کە ئەگەر هەندێکجار تــووڕە بــم ، مانــای وایــە لێــت بێــزارم .. ئەوە هیچ نییە ...!

ژن : بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، من هەر ئەترسم .. ئەی سـبەینــێ ... ئــەی دووســبەی ، چیــی ڕووئەدات ؟!

ئەو : وەک چیی ؟!

ژن : [ وەڵام ناداتەوە ] ...

ئەو : بڵێ ... سبەی و دووسبەی ، لە چیی ئەترسیت ؟!

ژن : لەوە ئەترسم ، کە بە هۆی شتێکەوە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆتدا ، دەستبەردارم بیت !!

ئەو : تێناگەم ...چۆن شتی وا ئەبێت ؟! ... ئــا ... بیرم کەوتەوە ، مەبەســتت ئــەوەیــە لــە حاڵێکدا ئەگەر بمرم !

ژن : وا مەڵێ ...

ئەو : بڕوام پێیکە ... مادام پیکەوەین ... مادام تۆس بەختەوەریت بە وجودی مـن .. ئـەوا هەرگیز نامرم ... ! [ بوتلەکە هەڵئەگرێت و لیی ئەخواتەوە ] ...

ژن : زۆر مەخۆرەوە ...!

ئەو : بۆچی ؟!

ژن : ئەترسم سەرخۆش بیت ..!

ئەو : باسە .. ئیتر لە ئێستا بە دواوە ناخۆمەوە .. مادام تۆ داوای ئەوە ئەکەیت ، ئیتر مـن ناخۆمەوە ... !

ژن : نا ... من ناتوانم خواردنەوەت لی قەدەغە بکەم .. چونکە تۆ تینووتە ..

ئەو : ئەی تۆ ؟! تۆ تینووت نییە ؟!

ژن : بـا ... بەڵام من شەرابم ناوێت ... ئاخر خۆ ئیمە لە مەیخانە نین...؟

ئەو : نـا .. بەڵکو مەیخانەیە... مەیخانـەی گۆڕسـتانە ...! [ پێئـەکـەنێـت] .. تـۆ بیهێنـە بەرچاوی خۆت ، لافیتەیەک لەسەر شەقامە گشتییەکە هەڵواسرابێت و لەسەری نووسـرابێت ؛ مەیخانەی گۆڕستان ..! خەڵک لەویوە تێپەڕ ئەبن و ترسیان لێئەنیشێت .. یان ڕەنگـە وا نەبێت .. کێ ئەزانێت ؟! ڕەنگـە لافیتـەکـە و هـەبـوونی مـەیخانـەیـەک لـە گۆڕسـتانێکدا سەرنجیان ڕابکێشێت ... دواتـریش هـەر بـۆ فزوڵـی خۆیـان و جێگـۆڕکێ ، سـەردانـی مەیخانەکە بکەن و ... لە داویشەوە ، کورسییەکان لە ئێسک و پروسـک دروسـتکرابێتن و و ... تابووتەکانیش کرابێتن بـە مێز و ، لەسەر مێزەکانیش کاسەسـەری پـڕ لـە شـەراب دانرابن ... ئیتر خەڵکیش بۆ خۆیان سەرخۆش ئەبن و ، لەززەت لـەو ترسـە وەرئـەگـرن کە بەرامبەر مردن هەیانە ... یان لەززەت لە ڕیسواکردنی مردن وەرئەگـرن .. [ قومێـک لـە شەرابەکە ئەدات و پاشان دەمی ئەسرێت و هەناسەیەک هەڵئەکێشێت ] .... ئەڵڵاهـ...!!

ئەو کەسەی شەرابی دۆزییەوە ، هەڵبەتە کەسێکی هێندە بلیمەت بـووە کـە بیـری لـە مـردن نەکردۆتەوە .. ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتووە کەسێکی وەک من ، ئەشێت لە شـوێنێکی وەک ئێرەدا بیخواتەوە...یـان ... کێ ئەزانێت ..ڕ ەنگە بۆ ئـەوەشـی داهێنابێـت کـە زیـاد لـە

پێویست له مردن ترساوه ... هانێ بیگره ! ناتەوێ ؟! ئـــا ... تـەنهـا قومێـك ، قـومێكی بچووك ، مامامەكی تینوویت ..قومێ هەڵدە!

ژن : نەخێر ، سوپاس ... !

ئەو : ئاخر سوودی هەیه بۆت و ، گەرماییت تێئەگەڕێنێت !!

ژن : سوپاس ...

ئەو : كەیفی خۆته .. [ جارێكی تر له شەرابەكه ئەخواتەوە ] ..

ژن : تكات لێئەكەم ، بەو جۆره نـا .....!

ئەو : مەترسه ! هـانێ بوتڵـەكـه لای خـۆت هـەڵگـره ... لـه ئێـستا بـه دواوه ئیتـر مـن ناخۆمەوە!

ژن : نـــا .. لای خۆتی دابنێ ..

ئەو : نا ، با لەلای تۆ بێت ....

ژن : من نامەوێت ... ئەترسم له بەرامبەریـشدا لاواز بـم و خـۆم بـۆ نـەگیـرێ و منـیش بخۆمەوە !

ئەو : ئاخر ئێستاش نەبێت ، تۆزێكی تـر هـەر دەسـت ئـەكـەیـت بـه خواردنـەوە! هـیچ چارەیەك نییه ... دەی ... لەبەر خاتری من قومێكی بچووك هەڵدە !

ژن : باشه ... تەنها یەك قوم ...[ بوتڵەكه ئەگرێت و ئەیبات بۆ دەمی]..

ئەو : [ یارمەتی خواردنەوەی ئەدات ، شەرابەكه له بوتڵەكەوە ئەڕژێت و پیا دێته خـوارەوە .... ] .

ژن : ئەوە چیت كرد ؟ ڕشتت به كراسەكەمدا ...

ئەو : ببووره ...! ئـما ... گوێی مەدەری ... ئەوە بۆ بەختت باشه !

ژن : وا هەست ئەكەم ، قورگم ئەسوتێت ..!

ئەو : پارچەیەك نان بخۆ ...هێندە نابات گەرماییەكه به هەموو جەستەتدا بڵاو ئەبێتەوە ..

ژن : ڕاست ئەكەیت ...پارچەیەك نانم بدەرێ !

ئەو : حەز ئەكەیت سێوێكت بدەمێ ؟ میوەی زۆری لێیه ..

ژن : نـا ... نانەکەم بەسە ..

ئەو : نان و ... شەراب ...[ پێئەکەنێت ] ...!

ئەو : ئادەی گوێ ڕادێرە !

ئەو : چییە ؟

ژن : ئەی گوێت لێنەبوو ؟

ئەو : نەء ...چییە ؟!

ژن : جارێکی تر ناڵە ناڵ دێت ..

ئەو : من گوێم لە هیچ نەبوو ... تۆ لە وەهمدایت .. قومێکی تر شەراب هەڵدە ...!

ژن : نـا ... ناخۆمەوە .. بەڵام ئاخر من گوێم لە دەنگەکە بوو ...

ئەو : قومێکی تر هەڵدە و ، ئیتر دوای ئەوە ناڵە ناڵ نابیستیت !

ژن : ئاخر من ئەترسم ...!

ئەو : [ بوتڵەکەی ئەداتێ ] ...قومێکی گەورەی لێدە ، ترسەکەت نامێنێت !

ژن : [ ئەکۆکێت ] ..

ئەو : بڕوام پێبکە ، ئەگەر هەر دەنگێک بهاتایە من ئەمبیست ...

ژن : با لەم جێیە دور بکەوینەوە ..

ئەو : کەیفی تۆیە .. دەی ... حەز ئەکەیت ڕوو لە کوێ کەین ؟

ژن : من نازانم ..باشە تۆ چۆن ئەڵێیت گوێت لە ناڵە ناڵەکە نەبوو ؟!

ئەو : بڕوام پێبکە ، گوێم لە هیچ نەبوو ...!

ژن : مەعقولە هەتا ئەم ڕادەیە مێشکم ئاڵۆزکاو بێت ؟! ئایا مەعقولە من تەنها بـە خـەیـاڵ ئەو دەنگە دروست بکەم ...؟!

ئەو : ئـــا .. زۆر مەعقولە ... دەی ... ئەی تۆ ناتەوێت لەم شوێنە بگوێزینەوە ؟!

ژن : نـــا ... نەخێر .. بـــا لیرە بمێنینەوە .. ئـەگـەریـس جـاریکی تـر گـوێم لـە دەنگـە دەنگەکە بووەوە ، ئەوە ناترسم ..!

ئەو : باشە ... ئاوا بڵێ ! بڵێ من ناترسم !

ژن : ئاخر چونکە تۆم لەگەڵدایت !
ئەو : منت لەگەڵدام ...
ژن : قومێکی ترم بدەرێ ..
ئەو : ئێستا نـا ...
ژن : راستت کرد .. شەرابەکە سوودی هەبوو ... ئێستا هەردوو لەپی دەسـتم گـەرمـن و ، ئەتوانم بە ئاسانیی هەناسە بدەم ...
ئەو : رەنگە خراپ نەبیت پارچەیەک نانی تر بخۆیت ... یان ، بـا هـەنـدێک میـوەت بـۆ بهێنم ..
ژن : نـــا ... بەجێم مەهێڵە ..!
ئەو : لەحزەیەک ، ئەوەتانێ لێرەدایە !
ژن : نـــا ، نـــا ... تکات لێئەکەم ...
ئەو : باشـە ، کەیفی خۆتــە !
ژن : تو خوا وەڕس مەبە لێم ..
ئەو : بۆ وەڕس بم ؟!
ژن : چونکە من وەک منداڵ ورک ئەگرم و سەرئێشەت بۆ دروست ئەکەم ..
ئەو : نەخێر هەرگیز ... بڕوام پیبکە هەرگیز !! ئەرێ تۆ پێم بڵێ ، ئێستا چۆنیت ؟!
ژن : زۆر باشترم .. هەست بە سەرما ناکەم ...
ئەو : بەڵام من ، شەڵاڵی ئارەقەم ..
ژن : باشە رێم بدە ئارەقەکەت بۆ بسرم ... رێم ئەدەیت ؟!
ئەو : سوودی نییە ...ئەوە بە هۆی شەرابەکەوەیە ئارەقە دەرئەدەم!!
ژن : یانی پێت ناخۆسە ئارەقەکەت بۆ بسرم ؟!
ئەو : نەخێر .. بەڵام ئەترسم بۆنی جەستەم هەراسانت بکات ...
ژن : وەر پێشێ ..[ ئەچێتە پێشێ و ژنەکەش بە چـەمکـی کراسـەکـەی ئـارەقـەکـەی بـۆ ئەسرێت ] ..

ئەو : باشە .. بەسە سوپاس ..

ژن : [ پێئەکەنێت ] ..

ئەو : بە چیی پێئەکەنیت ؟!

ژن : بە سمێڵت ...

ئەو : جا کوا ئەوە مایەی پیکەنینە ؟!

ژن : نــا .. هەرگیز مایەی پێکـەنـین نییـە .. بـەڵام نـازانم بـۆچی ڕوخـسارتم وا هاتـە پێشچاو  کە بێ سمێڵیت !!

ئەو : باشە ئەو ، یانی مێردەکەت ، سمێڵی نەبوو ؟!

ژن : بــا ...

ئەو : ئەی قۆز بـوو ؟!

ژن : بەڵێ ..

ئەو : بەڵام من قۆز نیم ... باشە تۆ ئەتوانیت سیمام بهێنیتە پێش چاوی خۆت ؟

ژن : ئاخر چۆن بتوانم ئەوە بکەم ؟

ئەو : هەوڵ بدە ... بۆ هیچ نا ، تەنها بۆ کات بەسەر بردن و هیچی ترنـا..

ژن : باشە ... مـن وات وێنـا ئـەکـەم  کـەمێـک سـەرت ڕووتابێتـەوە ..ڕوخـسارت وەک درێژکۆلە بێت وایە ...لوتت وردە .. بالات کەمیک بەرزە ..گوێیەکانت بچووکن ...

ئەو : نەخێر گەورەن ... پێم وتیت  من قۆز نیم ... !

ژن : نـا .. تۆ وا دیێتە بەر زەینم کە پیاوێکی قۆز بیت ... ! بڵێیت من هەڵە بم ؟!

ئەو : لە چییدا ؟!

ژن : لەو وێنەیەی کە من لەبارەی تۆوە خوڵقاندوومە ...قومیکی ترم بدەرێ !

ئەو : هــانــێ ..

ژن : ئەمجارەیان لە چاوی تۆ ئەخۆمەوە ...[ ئەخواتەوە ].. بە خۆشـیی تـۆ ! ئـەی گـوێ زل !

ئەو : دایکم هەمیشە ئەیوت گوێیەکانت لە گوێی کەر ئەچـن !

ژن : ئەهێڵیت دەستێکیان لێوە بدەم ؟!

ئەو : حەز ئەکەیت ؟!

ژن : بەڵێ ...

ئەو : بۆچی ؟!

ژن : ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە سەرخۆشم ...

ئەو : تۆ سەرخۆش نیت !

ژن : بەڵام ئاخر پێمخۆشە دەست لە گوێیەکانتەوە بدەم !

ئەو : ئەو : هەتا نەزانم بۆچی پێت خۆشە ئەوە بکەی ، ناهێڵم ...

ژن : لەبەر هیچ نییە ... دە وەرە پێشێ .... ڕەنگە بۆ ئەوە بێت کە ببینە هاوڕێ !

ئەو : [ پێئەکەنێت ] ..باشە ، بە مەیلی تۆ ... [ سەری خۆی لێ نزیک ئەخاتەوە ] ..

ژن : [ دەست لە گوێیەکانیەوە ئەدات ] .. گەورە نین ... پاشان تۆ سەرت نەڕووتاوەتــەوە ... ئەی قژت چ ڕەنگە ؟!

ئەو : ڕەشە ...

ژن : ئەی تاڵی سپی تێدایە ؟

ئەو : بەڵێ لای لاجانگەکانمەوە..! ئیتر دەستت لادە ، ختوکەم دێت..

ژن : ئەمە ناوچەوانتە ! ناوچەوانت پانە و ، هەمووشی ئــارەقـەیــە .. ئــەی چـاوەکانــت چ ڕەنگن ؟!

ئەو : ڕەشن ..

ژن : پانیشن ... وا نییە ؟ ئادەی هەردوو چاوت بنووقێنە ، بادەستیان لێــوە دەم .... ئــەوە چییە ، ئەڵێی پێت ناخۆشە ؟!

ئەو : نەخێر ...

ژن : ئەگەر ئەبمە مایەی وەڕسبوونت ، ئەوا واز دێنم ؟

ئەو : نەخێر .. هەرگیز وەڕس نابم ... [ پێئەکەنێت ] ..

ژن : باشە پێم بڵێ ؛ بە چیی پێئەکەنیت ؟!

ئەو : بیر لەوە ئەکەمەوە کە تۆ چوزانیت من کوێر نیم ؟!! ئەی مـن لـە کویـوە بـزانم تـۆ کوێر نیت ؟!

ژن : ئەوەیە ئەتخاتە پێکەنین ؟! کەواتە چ جیاوازییەک هەیە ؟؟ ئێستاکە ئێمە هەردووکمـان کوێرین ...گەرچی چاوانمان کراونەتـەوە ، بـەڵام هیچیـان پێنـابینین ... ناتـەوێ سـەرت ڕاست کەیتەوە ؟!

ئەو : بـا ... ملم ئێشێت ...

ژن : باشە ... کەواتە سەرت بخەرە ئێرەوە ...ئەمە باشتر نییە ؟!

ئەو : بـا ... باشترە ..!

ژن ؛ ئەمێستا هەناسەکانت ئەوەتان بە پەنجەکانمەوە .... تۆ بـە هـەڵچوونـەوە هـەناسـە ئەدەیت ... ئەوە بۆچی وا هەڵچوویت ؟!

ئەو : نازانم ...! ... گوێ بگرە .. حەزم لە قومێکی ترە ..

ژن : لەو بڕوایەدا نیت سەرخۆش بووین ؟! سـەرم گێژ ئەخـوات ... دەی گـوێی مـەدەرێ ... ئەوە باشترە لەوەی ئەو ناڵە ناڵە ببیستم ..!

ئەو : کوا هیچ ناڵـە ناڵێک نایەت ...

ژن : تۆ ڕاست ئەکەیت ...ئەو ناڵە ناڵــە لەناخمەوە ئەهاتە دەرەوە ...

ئەو : بـا لەبیری خۆمانی بەرینەوە ... بـا هەموو شتێک لەبیر بکەین ..لێمگەڕێ قـومێکی تر فڕ بکەم ... [ سەری بەرز ئەکاتەوە ] ..

ژن : ئایا پێویستە ئەم قومەس بخۆیتەوە ؟

ئەو : نەء ..پێویست نییە ... تاقە شتی پێویست ئەوەیە کە بژین ... بۆیە هەر شتێک کـە ئەبێتە لەمپەری نێوان ئێمە و مردن ، ئەوە شتێکی پێویستە ..!

ژن : ئەی باشە ، شەراب وا ئەکات کە ئێمە نەمرین ؟!

ئەو : مـادام شتێکی تر نییە بیخۆینەوە ، بەڵێ !

ژن : ئەی تۆ لەو باوەڕەدایت کە ئەوان بە ئەنقەست وایان کردبێت ؟!

ئەو : بێگومان ..

ژن : شێتن ..شێت !

ئەو : کـــێ ؟ ئێمە یان ئەوان ؟!!

ژن : نازانم ...! هەستئەکەم خەوم دێت ..

ئەو : هەوڵ بدە ئیسراحەت بکەیت .. سەرت بخەرە سەر شانم ..ئەگەر حەزیش ئەکـەیـت تۆزێک بخەوە ..

ژن : نەخێـــر ... نامەوێت بخەوم !

ئەو : چەند دەقیقەیەک و ، خەبەرت ئەکەمەوە !

ژن : نـــا ... نامەوێ !

ئەو : باشە ... سەرت لەسەر شانم بحەوێنەرەوە ... بەڵام مەخەوە..

ژن ؛ ناتوانم لێرە ، لەم شوێنەدا بخەوم ...! تۆ هەست ناکەیت خەوت بێت ؟

ئەو : نەخێر ..

ژن : ئەوە زۆر چاکە .. بەڵێنم بدەرێ ئەگەر خەوم لێکەوت خەبەرم بکەیتەوە.

ئەو : بەڵام ئاخر هەر ئەبیت بخەوین ... کاتێک دێتە پێشێ که هیچ چارەیەکمان نامێنێـت و هەر ئەبێ سەرخەوێک بشکێنین ..

ژن : نەخێر وا نییە ..

ئەو : باشە بۆچی ئەوەندە لە خەوتن ئەترسیت ؟

ژن : نازانم ... وا خەیاڵ ئەکەم ، ئەگەر خەومان لێبکەوێت ، ئیتر هەتا هەتایـە خـەبـەرمـان نابێتەوە ...!

ئەو : مادام تۆم لەگەڵدایت .. کەواتە ناخەوم ..

ژن : ئەی ئەگەر من نەمتوانی بەرگەی وەنەوز و خەوەنوچکێ بگرم و خەوم لێکەوت ؟

ئەو : من ئەمێنمەوە ، ئێشک بە دیار تۆوە ئەگرم .. ئەی پێت خۆش نییە ؟!

ژن :  نەخێـــر ..

ئەو : بـۆچـی ؟

ژن : ڕەنگە خەو بتباتەوە و ، پاشان بخەویت .. ئەوسا منیش نازانم چی ڕووئەدات ! ئەشێت تۆ بڕوا بە من نەکەیت ، بەڵام من وا هەستئەکەم هەندێک چاوی شاراوە هەن چاودێرییمان ئەکەن و ، چاوەڕێی ئەوەن هەر ئەوەندەی خافڵ بین یان خەومان لێبکەوێت ...! ئاخر من نامەوێت بمرم ...[ ئەگری ]..

ئەو : بەلام تۆ نامریت ..!

ژن : چۆن ؟ ئاخر چۆن من نامرم ؟! لێرە ، لەم شوێنە هەموو شتەکان ئەمانبەنەوە سەر مردن ...تاریکیی ، لەش داهێزران ، تابوتەکان و ، سەرەڕاش ئەو دوو جەستەیەشی کە دائەڕزێن ... هەروەها دەرگایەکی داخراوو زەمەنێک کە هیچ مانایەک نابەخشێت ... [ لە شوێنی خۆی هەڵئەستێت ] .. من ئەترسم !

ئەو : مەترسە...!

ژن : نا ، ئەترسم .. هەمو شتەکانی دەوروپشتم ئیحای ترس و مردن و زەلیلیی ئەبەخشن ... کەچی تۆش پێم ئەڵێیت ، مەترسە ! ئەگەر تۆ ڕاست ئەکەیت ، ئەگەر تۆ بە ڕاستی پیاویت ، هەستە و لەم گۆڕستانەم دەرباز کە .. ئەی تۆ پیاو نیت ؟! دەی ، موعجیزەیەک بخوڵقێنە ..! موعجیزەیەک ئەم دیوارانە هەڵتەکێنێت و ، ئەم تاریکییەش یەکپارچە بکاتە هەڵم ...! ئیتر نە تابووت هەبێت و ، نە مەرگ !... بەڵام تۆ ! تۆ لەوە زیاتر کە لێرە دانیشتوویت و پاڵت لێداوەتەوە و زوو زووش بە من ئەڵێیت مەترسە ..نا مەترسە ... جگە لەمە هیچی ترت لەدەست نایەت ! نا .... من ئەترسم .. دەی هەستە لەگەڵم ... وەرە با بچین دەرگاکە بشکێنین ... هەر هیچ نەبێت چەند مستەکوڵەیەکی پیا بکێشین ... [ ڕایئەکێشێت ] ... دەی ... وەرە ..!

ئەو : [ بە قسەی ئەکات و هەڵئەستێت ] .. بێهوودەیە بە هەمان ئاڕاستەدا بۆ دەرگاکە بگەڕێین !

ژن : [ بۆ دەوروپشتی خۆی ئەڕوانێت ] ئەی لە کوێیە ؟ ها ؟ کوانێ دەرگاکە ؟! [ بەدەست ئەکێشێ بە سنگی ئەودا و ڕایئەوەشێنێت ] کوا ؟ کوا ؟ [ دەست ئەکات بە گریان ] ...

ئەو : تکایە هێمن بەرەوە ... [ لە ئامێزی ئەگرێت ]

ژن : تکات لێئەکەم ڕزگارم کە !

ئەو : [ دەست ئەهێنێت بە قژیدا ] هێمن بەرەوە و ، متمانەشم پێبکە !

ژن : ڕزگارم کە .. ئاخر من نامەوێت بمرم ... نامەوێت ئاوەها بمرم ، نـــا .

ئەو : نامریت ..! مادام لەگەڵ مندایت ، نامریت !

ژن : نـا .. من هەر ئەمرم ... بەڵام تۆ لە پێش مندا ئەمریت و بە تەنیا جێم ئەهێڵیت بـۆ ئەوەی بیمە خۆراکی تاریکیی و شێتبوون و ترس و وەحشەت.. [ ئەگری ] .. تـۆ ڕاسـت ئەکەیت .. وا چاکترە هەزار جار بمکوژیت بۆ ئەوەی بحەسێمەوە ... بەڵـێ ... ئـەوە تاقـە ڕێگەی دەربازبوونە ... بەڵێنم بدەرێ ، بەڵێنم بـدەرێ ئـەگـەر داوای ئـەوەم لیکردیـت کـە بمکوژیت ، بیکەیت ! تکایە بەڵێنم بدەرێ !

ئەو : چیی ؟!! جا تۆ لەوبڕوایەدایت کە دەستەکانم بە قسەم بکەن..؟!

ژن : ئـــا ، ئەبێ بە قسەت بکەن .. ئەو کوشتنەیان بەزەیی زیاتری تێدایە.. ئەی نابینیـت دەستەکانت بـە چ هێزێکـەوە لـە ئامێزتیـان گرتـووم ؟!! بـەڵـێ ، ئـاوا.. ئێـستاکە چـۆنم ئەگوشیت بە خۆتەوە ...هەر ئاواش بمکوژە ..! ئەوسا ئـارامیی ئـەگـەڕێتـەوە دەروونـم ، چونکە لە تۆوە نزیکم .. بەوپەڕی میهرەبانییەوە هـەر دوو دەسـتت بنـێ بیـنم و بیگوشـە ...بەڵێ ، توند توند بیگوشە هەتا ئەمرم !

ئەو : تۆ لەو بڕوایەدایت من بتوانم شتی وا بکەم ؟!

ژن : کاتی خۆی تۆ وتت ئەتوانیت ئەوە بکەیـت .. دێتـەوە بیـرت ؟! تـۆ باسـی مردنـی خێرا و ئاسانت بۆ ئەکردم و ، وتیشت کە ئامادەیت من بکوژیت !

ئەو : ئەوساش بە تەنیا بمێنمەوە ، هــا ؟! باشە تۆ لات ئاسانە دەستبەرداری من بیت ؟!

ژن : ئەی بۆچی نــا ؟!! ئاخر مـن تـۆ ناناسـم ، ڕوخـسار و سـیمای تـۆم نـەبینیـوە .. تەنانەت ناویشت نازانم و تەنها وەک تارماییەک لێرە ڕێکەوتم کردوویـت ...ناشـزانم تـۆ حەقیقەتیت یان وەهم ؟!!

ئەو : ئەی چی لە ترپەی دڵم ئەکەیت کە بە پەنجەکانی خۆت ئەتژماردن ؟

ژن : ڕاست ئەکەیت ...! ئای لە ترپەکانی دڵت ...!

ئەو : ئەی گەرم و گوڕیی هەناسەم و ، ئەو ئارەقەیەی کە لە نێوچەوانمت سڕی ؟!

ژن : ئەوەشیان ڕاست ئەکەیت ..

ئەو : ئەی ئەم باڵانەم چیی لێئەکەیت  کە لە دەوری جەستەی تۆم ئاڵاندوون؟! ژن : کەواتە بمنووسێنە بە خۆتەوە با بەسەر وەهمدا زاڵ بم ..! زیاتر ... دەی .. زیاتر ..! بمنووسێنە بە خۆتەوە و قسەی خۆشم بۆ بکە ... ئەو وشانەم پێ بڵێ کە وا لە ژنێکی وەک من بکەن مردن و ، تاریکیی لە بیر چێتەوە ! دەی پێم بڵێ ... ئەو وشانەم پێ بڵێ...!

ئەو : چیی بڵێم ..؟! هەرچییم پێبوو وتم ...

ژن : هەرگیز .. هەرگیز هیچت نەوتوە ! ئاخر تۆ قسە نازانیت و ,ناشزانیت ژنێک بەختەوەر بکەیت و ، دەربازی کەیت لە مردن ! لێت ئەپاڕێمەوە بگەڕێ .. لە ڕۆحی خۆتا بگەڕێ .. لە ساتە سەختەکانی خۆتدا بگەڕێ ... بۆ ئەو وشانە بگەڕێ کە شیاوی ئافرەتێک بن نایەوێت بمرێت !

ئەو : پێم وتیت من ..... [ وەک قسەی بۆ نەیەت ...] قسەکردن چەنێ سەختە ... باشە ئێستا پێویست بەوە ئەکات کە ئەبێت شتێک هەر بڵێم ..؟!

ژن : بەڵێ ...وسەکانی خۆت بڵێ .. چیت هەیە بیڵێ و وای دابنێ ئەوە هۆیەکە بۆ ڕزگاربوونم .... گەر وا نەکەیت ئەوا تۆ وەهمێکی ڕووتیت و هیچی تر !

ئەو : نا ... بەڵکو من حەقیقەتم ...ئەوە نییە باڵەکانم ئابڵوقەیان داویت !

ژن : ئاخر ئەوە بەس نییە ! وام لیبکە جارێکی تر هست بە وجودی خۆم بکەمەوە ..!

ئەو : وجودی تۆ ژیانی منە !

ژن : ئەوە ئەزانم ..هیندە نابیت ئەوەم بۆ مەعلوم بوو ، ئەو دەمەی منت بە تونديی نوساند بە خۆتەوە ! ... وای  ئەم ژانەسەرەم کوشتمی .. خەریکە ئەمخاتە سەر لێواری مەرگ ..!

ئەو ؛ تکایە باسی مردن مەکە ...

ژن : نـــا ... بەڵكو مەبەستم مردنێكی جوانە .. بمگرە !

ئەو : وەرە پێشێ ...

ژن : جێم مەهێڵە ..

ئەو : نـــا ... ئەوەتام لەگەڵتا ...

ژن : ڕێم بدە سەر بكەمە سەر سنگت ..وای لە جەستەت چەنی گەرمـە .... حـەزم ئـەكـەم پێم بڵێیت ؛ خۆشم ئەوێیت !

ئەو : هەر ئەوە بەس نییە كە پێت بڵێم ؛ خۆشم ئەوێیت !!

ژن : ئاوێزانم بــە ..ئاوا ... دەستت بێنە بە قژما ..چـەنـێ جوانـە .. بـەڵـێ .. ئـاوا بـە سۆزەوە وەرە پێشێ و مێینەیێتی خۆمم بۆ بگێڕەوە... ئەو دەم ئەگـەر مـردنیش بێـت ، چ باكم نییە و منیش ئەمرم !

ئەو : بەڵێ ئێمە ئاوا ئەمرین ..ئەمرین و لە ئەوپەڕی حالەتی مومارەسەی ژیانداین ... ئەی تۆ ناتەوێت وا بێت ؟!

ئەو : بـــا ... بەڵكو ئەو كاتەی لە ئەوپەڕی حاڵاتی مردناین ، ئەو كاتە ئێمە ئەژین !

ژن : چەندێ جوانە ...دەنگت ئەلەرزێ ...جارێكی تر بڵێ ؛ تۆم خۆشئەوێ و جگە لـە تـۆ من كەسی ترم نییە !

ئەو : جگە لە تۆ من كەسی ترم نییە ، ئەی ژیانەكەم !

ژن : وەرە .... [ باوەش بە یەكتردا ئەكەن ] .. ئەو دەمەی ژن عاشق ئەبێت، ئیتـر عیـشق وای لێئەكات مردنیشی قبوڵ بێت !

ئەو : نـــا ... بەڵكو ژیان ..!

ژن : ژیان ... مردن .. جیاوازیی چییە ؟ ! مادام هەتاكو ئەم ڕادەیە لە منـەوە نزیكیـت ... مادام هێندە هۆگری منیت ...ئیتر بۆچی پەنجەكانت هێندە ئەلەرزن ؟!

ئـەو : نـازانم ...

ژن : نـــا ... دیارە تۆ حەزەر لە من ئەكەیت ... ئەوەس وام لێئەكـات هـەسـت بـە ئیهانـە بكەم ...ئەی پیاو ؛ تەپڵی سەركەوتن لێدە ! دەی ، هێزی كەرامەتی منت پێ قبـوڵ بێـت ...

سەرت بەرز بکەوە با قۆڵی خۆمی بنێمە زێر .. ئـا .. بەمجۆرە...ئێستا ، ئیتر من ئامـادەم بۆ ئەوەی بمرم ...!

ئـەو : پێم وتیت ناوی مردن مەهێنە !

ژن : هەوڵ ئەدەم وا بکەم ..بەلام ناتوانم ..!

ئەو : ئازیزەکەم !

ژن : دەنگت چەنێ خۆسە کە وا ئەڵێیت ..! ئادەی جاریکی تر بڵێ ئازیزەکەم !

ئەو : ئـازیزەکـەم ...

ژن : دەی ... دەی .. مـەوەسـتە ... بـەردەوام وا بڵـێ و بچرپێنـە بـەگوێمـدا و منـیش ئاوێزانت ئەبم ..ئەی ئەمە لەوە ناچێت کە ئێمە ئەمرین !

ئەو : نـما ... بەڵکو لەوە ئەچێت کە لەدایک ئەبین ...بەڵێ ڕێک لەوە ئەچێت کـە لـەدایـک ئەبین ...وەرە گیانەکەم ..!

ژن : هانێ ئەوەتام ...[ هاوار ئەکات ] ... ئەڵڵا ..ئەڵڵا ... ژیان چەنێ جوانـە !!

[ دەنگی مۆزیکیکی پر لە ئیرادە و ژیان ئەبیسترێت ... گۆڕسـتانەکـە یـەکپارچـە ئـەبێتـە ئـەستێرە و گوڵبـاران ... لـەگـەڵ بـەرزبوونـەوەی دەنگـی مۆسـیقاکەدا ، پـەردەی شـانۆ دائەدرێتەوە..].

**٢٢ ی تەمموزی ١٩٨٥**

**سەرنج :**

هەر کەس و تیپ و گروپ و لایەنێک بیەوێت ئەم شانۆگەرییە بخاتە سەر شانۆ ، تکایە بەر لەوە ، بفەرموێت پرس بە وەرگێڕ یان ئەو دەزگای چاپە بکات کە ئەم شانۆنامەیەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە ، ئەینا لە ڕووی یاساییەوە بەرپرس ئەبن.